# گزنگ

77



قۆناغەکانی پەرەسەندنی
رۆمانی هیندی



پەخشانێک بۆ عەشق



وێنە تەباکانی عیشق

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووک

دڵی من ئیدی هەڵە نەکەی
بە غەریبەکان وەفا نەکەی
خەڵکانێکت ناسی دڵی من
کەسانێکت ناسی دڵی من



GIZING



# پەیامی ڕۆشنبیری

**حەمەکەریم عارف**

-١-

وەکو دیارە پەیامی ڕۆشنبیریی هەر گەل و نەتەوەیەك بەرەنجامی هەوڵ و تەقەلای کەلتووری ئەو گەل و نەتەوەیەیە بەدرێژایی ڕۆژگار. هەر کەلتوورێکیش لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت روحی خۆیدا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات و دەخەملێت واتە نەدوا کەوتنی ڕۆشنبیریی و شارستانی نەپێشکەوتنیان قەدەرو چارەنووس نین، بەڵکو فاکتەری بابەتی و خودی دەوری تێدا دەبینێ. زۆر جار گوتراوە ڕۆشنبیران ئالاّ هەڵگری نەتەوەن، دەنگی جەماوەری بێدەنگن، ویژدانی گەلن، کە هەموو ئەو دەستەواژانەو هی دیکەش بەڵگەن بۆ گرینگی پەیامی ڕۆشنبیریی و قورسی ئەرکی ڕۆشنبیران. واتە خۆدان پەیامی ڕۆشنبیریی ئەوە بە خەڵکی دەڵێت کە پاشکەوتن چارەنووسیان نییە، هەموو کاتێ، کە فاکتەرەکانی پاشکەوتنیان دەرك کردو کاریان بۆ لابردنی کرد دەتوانن بگەنە ئاستی ڕۆشنبیریی و کەلتووری خەڵکانی دی و هیچیان لە خەڵکانی دی کەمتر نییە، ئەمە جگە لەوەی مافی ئاسایی خۆیانە وەکو خەڵکانی دیکە بن و لە ناوجەگەری



مێژوودا بژین و شان بە شانی گەلانی دیکە بەشداری بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەر بکەن و بگەنە کەماڵی مرۆڤانی و بەزەبری ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی تایبەتی خۆیان جوانییەك بە ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی مرۆڤانی ببەخشن. واتە پەیامی ڕۆشنبیریی بانگەوازێکی دوور لە هەر پیلانگێڕییەکە بۆ خۆتازەکردنەوەی مرۆڤ و وەدی هێنانی مرۆڤانی مرۆڤ، کە ئەمەش بە گۆڕینی کەرەستەی بیرو بیرکردنەوە دێتەدی، چونکە گۆڕینی کەرەستەی بیرکردنەوە، ئەقڵ و ئەقڵیەت لە تەمەڵی رزگار دەکات و جادووی چەمکی ڕەگەز پەرستانەی هەر باڵادەستییەك بە تاڵ دەکاتەوە، بۆیە داگیرکەرانی نەتەوەی کورد زۆر بە جددی هەوڵیان داوە کە خودان پەیامی ڕۆشنبیریی لە کوردا هەڵنەکەون تا کورد هەر بە پاشکۆیەتی ئەوان بمێنێتەوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکەین کە پەیامی ڕۆشنبیریی هەر میللەتێك کاتێ بەرجەستە دەبێت، کە خەڵکانی دی، میللەتانی دی وەکو چالاکییەکی مەزن هەستی پێ بکەن، وەکو چالاکییەکی شارستانی و ڕۆشنبیریی گەلێکی دیاریکراو هەست بە دەلالەتە مرۆڤانییە کاریگەرەکانی بکەن و دەوڵەمەندییەك بە ئەزموون و تەجرەبەی مرۆڤانی ببەخشێت و وەهم و تەمتومانی هەر باڵا دەستییەکی ڕەگەز پەرستانە برەوێنێتەوە. چونکە ئامانجی پەیامی ڕۆشنبیریی بەردەوامی و قوڵکردنەوەی پەیوەندییە مرۆڤانییەکانە، و دژی هەر زاتییەتێکی تەسکە، ئیدی ئەو زاتییەتە لە کەڵکەڵەی نیشتمانیدا خۆی بنوێنێ یان لە شۆڤێنیەتی نەتەوەییدا بەرجەستە بێ.

واتە پەیامی ڕۆشنبیریی لە ناوەڕۆکدا هەموو مرۆڤایەتی دەدوێنێ، کە لە شێوەی هەمە جۆریشدا خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەوەیە کە فاکتەرە بابەتی و خودییەکان نەیان هێشتووە مرۆڤایەتی بە یەك ئاست و بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە هەموو دنیادا پەرەبسەنێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتان و میللەتانی دنیا، وێڕای لێکچوونی زۆر پرس و دۆزی بنەڕەتیان لە رووی کرۆکی مرۆڤانییەوە، تایبەتمەندی خۆیان هەبێ لە مێژوویاندا، لە میتۆدی کارکردنیاندا، لە پرۆسەی بنیاتنان و گەشەکردن و راپەڕینیاندا، بۆیە تەجرەبەی جۆراوجۆری شارستانی و کەلتووری گەلان لەدوا ئەنجامدا دەکاتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی و سەرچاوەی سروش لێوەرگرتن و قەدبڕ کردنی ڕێگاکان سەبارەت بە گەلانی دواکەوتوو لەبەر هەر هۆیەك، بەرەو کەماڵی مرۆڤانی. کەواتە پەیامی ڕۆشنبیریی، دەکاتە بەردەوامکردنی پەیوەندییە

مرۆڤانییەکان بەو چەمك و مانایەی کە هەر پەیوەندییەکی ساغلەم و دروست، هاوکوفی و بەرانبەرییە لەنێوان لایەنەکانی هاوکێشەی پەیوەندی، ڕێگەخۆشکردنە بۆ بەرانبەر کە مرۆڤانە مومارەسەی خۆی بکات و بەتوانا تایبەتییەکانی خۆی، چەند بچوکیش بن، بزاڤی ڕۆشنبیریی مرۆڤانی دەوڵەمەند بکات.

جا بەم پێیە تا بازنەو مەودای ڕۆشنبیریی فراوانتر بێ، پەیامی ڕۆشنبیریی زیاتر پەل و پۆ دەهاوێ بۆ ناو کۆمەڵ و پتر بەردەوامی بە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی ڕۆشنبیریی دەبەخشێت و ڕۆشنبیریی کۆمەلایەتی دەخەملێت و یاساو ڕێساکانی دیموکراتیەتی هزری و داهینان و بڵاوکردنەوە پتر زەرورەت پەیدا دەکەن، جا لێرەوە هۆشیاری ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤانی چێ دەبێت و ڕێز لە توانا ڕۆشنبیرییە مێژوویی و زندوەکانی هەر گەلێکی دی دەگرێت و ئیدی کارلێکێ ڕۆشنبیریی مرۆڤانی لەنێوان بزاڤی ڕۆشنبیریی هەموو گەلانی دنیادا دروست دەبێ و ئیدی پرۆسەی خۆتازەکردنەوەو خۆهاوچەرخاندن دەست پێدەکات و فاکتەرەکانی ڕاپەڕینی شارستانی دەجولێنێ و ڕێ" لە فاشیزمی سیاسەت دەگرێت کە لە بنەڕەتدا پشت بە شۆڤینیەتێکی ڕۆشنبیریی دەبەستێت.

"٢"

دیارە پەیامی ڕۆشنبیریی ئەوە نییە کە رابردووی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی شەرح و شرۆڤە بکات و لە دیدو هزری ڕۆڵەکانی نەتەوەدا بیکات بە بت و بپەرستێ و بە ڕادەیەك بپیرۆزێنرێ کە کەس نەشێت باسی بکات و ناوی بێنێ، بەڵکو بریتییە لە خەملێنی ناوەوە و تیشك هاویشتن بۆ دەوروبەرو دەرەوەی خۆی، دیارە هەر تیشك هاویشتنێ بۆ دەرەوەی خۆ کاتێ دەبێت کە لە ناوەوە خاوەنی سەرچاوەی تیشکی خۆ بێت، هەڵبەتە ئەم تیشك هاویشتنە بۆ سەر خەڵکانی دیکە" وڵاتان و گەلانی دیکە نیشانەی کرانەوەو لێك حاڵی بوون و کارلێکی ئیجابی و بە بەرهەمە. هەر بەوەش ئاسۆ لە هەر میللەتێك هەڵدێ و تەمتومانی فاشیەت و گۆشەگیری لێ دەڕەوێتەوە. و بەو پەڕی متمانەوە بەخششی ڕۆشنبیریی خۆی دەخاتە ڕوو. و بێ ترس و دیموکراتیانە بەناو پرۆسەی کارلێکی ڕۆشنبیریی دەکەوێت و بە گوێرەی هاوکێشەی وەرگرتن و بەخشینی ڕۆشنبیریی مامەڵە لەگەڵ باری ڕۆشنبیریی گەلانی دنیادا دەکات و هەم خۆی دەناسێنێ و هەم گەلان دەناسێت و دوور لە هەر گرێیەکی



دونییەتی ڕۆشنبیریی، مامەڵە دەکات و بێ لە ڕوو دامان و بە پێی ئەرکی نەتەوەیی ڕۆشنبیریی، وڵاتانی دنیا لەڕەوتی پەرەسەندنی جددی بوارێن ڕۆشنبیریی نەتەوەیی خۆی ئاگادار دەکاتەوە و دەستکەوتەکانی لەو بوارانەدا دەخاتە ڕوو، بەڵام سەیر دەکەی هەندێ وڵاتێن تازە ئازاد بوو، زۆر جار گوێ بەوە نادەن لایەنە ڕەسەنەکانی پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی تازەی خۆیان بە گەلانی دنیا نیشان بدەن یان بناسێنن، تەنیا هەندێ لایەنی کاڵ و کرچ و ئاسایی و بانگەشەیی ڕۆشنبیریی دەگەیەنن بەدەرەوە کە لەلایەکەوە بە هیچ جۆرێ ناکاتە نوێنەری بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و کەم و زۆر سەرنجی جددیانەی بێگانان ڕاناکێشێت، واتە ئەو پرۆسەیە جگە لە بێهودەیی چ شتێکی دیکەی لێ ناڕوێت. هەڵبەتە ئەم کارە لە ڕوویەکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگە سیاسییە تەسکەی پشتیوانی لە تەرجەمەی، بۆ نموونە، بەیانێك یان هەواڵێکی سیاسی دەکات و گوێ بە تەرجەمەی چالاکییەن فەلسەفی نەتەوەیی یان دانراوە مێژوویی و ئەدەبییە نەتەوەییەکان نادات. ئەمە لە کاتێکا کە پەیامی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا بە فەلسەفەو مێژوو و ئەدەبیات و زانستان پشت ئەستورە نەك بە گوتاری سیاسی کاتی و ڕەوتەنی، کە خۆی لە خۆیدا کەش و هەوایەکی بیروکراتیانەی وەها دەسازێنێ کە زەمینە بۆ زندە بەچاڵکردنی دیموکراتیەت و ئازادی هزر خۆش دەکات، ئیدی بەرە بەرە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هۆشیاری سیاسی و هۆشیاری هاوچەرخەوەو، ڕۆشنبیریی یان بزاڤی ڕۆشنبیریی، بە تایبەتی لە قۆناغی خۆبوون و ئازادیدا، باجی ئەو ناکۆکییە دەدات، چونکە هۆشیاری سیاسی نا هاوچەرخ، هۆشیارییەکی گۆشەگیرەو دوورە لە هەر کارلێکێکی ڕۆشنبیریی مۆدێرن، تەنانەت لە مامەڵکردنیا دەگەڵ کەلەپوری نەتەوەییشدا ناتوانێ هاوچەرخانە لەگەڵ کەلەپوری هزری نەتەوەییدا مامەڵە بکات و تەنیا بە ئەندازەی پێداویستییە سیاسییە تەنگەکان ئاوڕی لێ دەداتەوەو مامەڵەی لەتەکدا دەکات، ئەمەش جۆرێك لە ناوچەگەرێتی سیاسی لێ دەکەوێتەوە کە خۆی لە خۆیدا دژی نەتەوە پەروەرییە، هەروەها لە چوارچێوەو بازنەیەکی کۆنە پەرستانەی مەحکوم بەداروخاندا، لەسەر حەساوی کەلەپور برەو بە ڕۆشنبیرییەکی سەرڤەسەرڤەی پەراوێزی دەدات. ئیدی جۆرە چەمك و ڕوانگەیەکی کۆنەپەرستانە بۆ خۆبوونی ڕۆشنبیریی پەیدا دەبێت و دەبێتە مایەی دابڕان و گۆشەگیری نەتەوەیی.

"٣"

هەڵبەتە بەپێی ئەو چەمکە کۆنەپەرستانەیە، خۆبیوونی رۆشنبیریی، دەبێ زۆر بە پارێزەوە مامەڵە لە تەك رەوتی پەرەسەندنی رۆشنبیریی لە دنیادا بکات. دیارە ئەم ترس و پارێزکارییەش، لە ئاستی ناوخۆدا بەوە دەشکێتەوە کە هەموو جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیریی دەگەڵ رەوش و رێچکەو رێبازە فیکرییەکانی دنیادا قەدەغەو حەرام بکەیت، کە ئەمەش تەنیا گۆشەگیری نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە. هەڵبەتە ئەم دەرگا داخستنە بۆ هەر بوارێکی چالاکی مرۆڤ دەست بدات، ئەوا هەرگیز بۆ بواری رۆشنبیریی، بە هەر هەموو لقەکانییەوە ناشێت، چونکە گوتاری رۆشنبیریی، لە بنج بناوان و بنەڕەتی خۆیدا گوتارێکی مرۆڤانی و جیهانییەو چوارچێوەو بازنە و کوت و زنجیرو زندان قەبوڵ ناکات، کە ئەوەی دەگەڵ کرا، یاخی دەبێت و تۆڵەی خۆی دەکاتەوەو.. بۆیە لە بازنەنانی خۆبیوونی رۆشنبیریی بەهەر هەنجەت و بیانوویەك بێ، کارێکی کۆنە پەرستانەیەو نیشانەی تێ نەگەیشتنە لە جەوهەر و کرۆکی پرۆسەی رۆشنبیریی، چونکە رۆشنبیریی هەرگیز نە لە گۆشەگیرییەوە هەڵقوڵاوەو نە گۆشەگیری قەبوڵ کردەوە، تەنانەت ئەوەی کە ئەمڕۆ کەلەپوری رۆشنبیریی پێ دەگوترێ و زۆرجار بە مەبەست و بێ مەبەست دەپیرۆزێنرێ، هەرگیز هزرو بیرێکی گۆشەگیرانە نەبووەو بەڵکو سەرو سەختی دەگەڵ فەلسەفەو هزری نەتەوەو گەلانی دنیادا هەبووەو هەم کاری تێ کردوون و هەم کاریان تێکردووە، واتە لە یەکتردا خۆیان تازە کردۆتەوە ویەکتریان لە رووی فیکری و فەلسەفی و هونەرییەوە دەوڵەمەند کردووە. بەم پێیە کارلێکی رۆشنبیریی نەك هەر راستییەکی حاشا هەڵنەگری ئەمڕۆیە، بەڵکو حەقیقەتی هەموو سەردمێك بووەو زانست و فەلسەفەو ئەدەبیات و هونەرو فولکلۆرو ئەفسانەێن گەلان، سیما گشتییەکانی ئەم حەقیقەتانەیان بۆ بەرجەستە کردووین و بێ هیچ ترس و پارێزکارییەك مەودا مرۆڤانییەکانی کارلێکەری و کارلێکراو یان لە بەخششی رۆشنبیریی نەتەوەیی خۆدا هەرس کردەوەو نواندووە.

ناسیونالیزم (القومیه) کە جەوهەرو بونیاتی نەتەوە پێك دێنێ و یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە جەوهەری و بنەڕەتی و گرنگەکانی نەتەوە، تا رادەیەکی زۆر و بەشێوەیەکی دیار لە رۆشنبیرییدا بەرجەستە دەبێت، چونکە بونیادی نەتەوەیی لە



رۆشنبیرییدا یەجگار دیارو ئاشکرایە لە زمانەوە بیگرە تا دەگاتە ئایدۆلۆژیا.

رەسەنایەتی نەتەوەیی پەیوەندییەکی زندوو، و راستەوخۆی بە مێژووی رۆشنبیریی ئەو نەتەوەیەوە هەیە، و خۆبیوونی رۆشنبیریی کاتێ کارایی خۆی دەسەلمێنێ، کە بتوانێ بیرو بیرکردنەوەی گۆشەگیری وەلاوەنێ و بەشداری لە پەرەپێدان و چالاکاندنی بزاڤی رۆشنبیریی هەموو تیرەی بەشەر بکات و بڕژێتە دەریای رۆشنبیرییە نەتەوەییە جیاوازەکانەوە. هەر رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی بەەدا رەسەنایەتی نەتەوەیی خۆی دەنوێنێ کە بە روونی گوزارشت لە جیهانیەتی فیکرو حەتمیەتی کارلێکی رۆشنبیریی بکات. واتە کاریگەری فیکری خۆی لەسەر کاروانی رۆشنبیریی تیرەی بەشەردا هەبێ.

هەڵبەتە دینامیکییەتی فیکری و رۆشنبیریی هەر گەل و نەتەوەیەك بەوەدا دەردەکەوێت کە چ کەلەپورێکی هزری بەرهەم هێناوەو هەیە. چەند لە ئێستای بزاڤی رۆشنبیریی نێو نەتەوەییدا بەشدارو ئامادەیە. دیارە پەیوەندی و بەردەوامی پەیوەندی نێوان رابوونی هزری ئێستاو کەلەپووری فیکری (رابردوو). لە بنەڕەتدا دەکاتە بەردەوامی پەیوەندی قۆناغە زەمەنییەکانی مێژووی ئەو گەل و نەتەوەیە، دەکاتە بەردەوامی پەیوەندی نێوان نەسل و نەوە یەك لە دووی یەکەکانی، ئەمەش لە روانگەی نەتەوەییەوە، تەبایی و کۆکی کۆمەڵایەتی پێ دەبەخشێت.

"٤"

گەلێك دەتوانێ زۆر بە جددی و ئیجابیانە بچێتە ناو پرۆسەی کارلێکی هزری رۆشنبیرییەوە، کە باوەڕی تەواوی بە یاساو رێسای بەخشین و وەرگرتن هەبێ، نەبەخشین دووچاری غروری بکات و نە وەرگرتن بە کێماسی و شەرمەزاری بزانێ، چونکە هزرو رۆشنبیریی دیالیکتیکی کارلێکە نەك دیالیکتیکی داخران و خۆبەزیاتر زانین. چونکە رۆشنبیریی لە جەوهەرو تەبیعەت و کرۆکدا گوزارشت لە تەبیعەت و روحی مرۆڤانی تیرەی بەشەر دەکات. واتە هزرو رۆشنبیریی لە بنەڕەت و گەوهەردا گۆتارێکی مرۆڤانی بێ سنوورە و گەر لە رەسەنایەتی خۆی هەڵنەگەڕێتەوە، ئەوا هیچ قاڵبێکی رەنگ و رەگەزان قەبوڵ ناکات، گەر قەبوڵی بکات ئەوا دووچاری کەچڕەوی دەبێت و مەودایەکی فاشیانە وەردەگرێت، چونکە هەر دوورکەوتنەوەیەکی رۆشنبیریی لە گوتارە مرۆڤانیەکەی رێگە بۆ سەرهەڵدانی

رۆشنبیرییەکی فاشیانە خۆش دەکات" هەڵبەتە ئەو کەلەپورە رۆشنبیرییە دەوڵەمەندەی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پێی گەییوە، بە درێژایی زەمان و رۆژگار دروست بووەو سەر لەبەری تیرەی بەشەر، بەشێوەی راستەوخۆ یان نا راستەخۆ بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا کردووەو ئەمڕۆکە بووە بە موڵکی هەموو تیرەی بەشەرو لەناو پرۆسەی کارلێکدا و بەپێی یاساو رێسای بەخشین و وەرگرتن، دەوڵەمەند بووەو لە قۆناغ و سەردەمێن جیاوازدا خەملیوە. دیارە هەر گەل و نەتەوەو وڵات و شارستانیەتێك بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرجی مادی و روحی خۆی و لە چوارچێوەی سیاقی کۆمەڵایەتی گشتی خۆیدا بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا کردووە.

"٥"

به درێژایی قۆناغەکانی مێژوو گەلێك گۆڕانی مادی و شارستانی بەسەر ژیانی تیرەی بەشەردا هاتووە، هەڵبەتە شان بەشانی گۆڕانە مادی و شارستانییەکانیش گۆڕانکاری هزری بە گوێرەی جۆری ژیان و پێداویستیەکانی ژیانی تازەی مرۆڤ هاتۆتە گۆڕێ. واتە گۆڕانکاری مادی، گۆڕانکاری هزریشی بەگەڵ دەکەوێت، کە زادەی پێداویستیەکانی ژیانی تازەی مرۆڤە. بۆ وێنە پێداویستیەکانی ژیانی گوند جیاوازن لە پێداویستییەکانی ژیانی شارو هەر یەکەشیان بیرو بیرکردنەوەی خۆیان بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ـ بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، کە دنیا بووە بە گوندێکی بچووك ـ کە بتوانن لە رەوتی جیهانی بزاڤی سەردەم دابڕێن و هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نەبێت، چونکە ئەمڕۆکە و لەم چەرخەدا کارلێك لەگەڵ رەوتی جیهانی بزاڤی سەردەمدا بووە بە قەدەرو چارەنووسیان، میللەتان و وڵاتان و کەس ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ، هەر میللەت و وڵاتێك ئەو غەڵەتە بکات دەکەوێتە پەراوێزی مێژووەوە و لە خۆ کوژی پتر هیچ چارێکی دیکەی نامێنێ، بۆیە مەنتیق وای لێ دەخوازێ بە شێوەیەکی ئیجابیانە بچێتە ناو پرۆسەی کارلێکی چەرخی خۆیەوەو مامەڵە لەگەڵ دنیادا بکات، تا مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و شوێی شایستەی خۆی لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا بگرێت و مامەڵە لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەردەمی خۆیدا بکات و گیروگرفتی خۆی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت..



بێگومان کە باسی پەرەسەندنی مادی و شارستانی یان پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی دەکرێت، دەبێ ئەوە بزانین، کە پەرەسەندن پرۆسەیەکی خۆ بەخۆ، یان خۆ رسك نییە، بەڵکو زادەی کۆمەڵێك بزوێنەری بەهێزو ئاڵۆزی مێژووییە، چونکە بزوێنەری مێژوویی نەبێت، هیچ میللەتێك وەکو پێویست پەرە ناسەنێ، هەر میللەتێك بزوێنەری مێژوویی لەپشت نەبێ ناتوانێ بە ئاسانی بیێ بە شەریکی بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەر بەهەر هەموو لق وپۆپەکانییەوە، هەڵبەتە خەڵکی هەر قۆناغ و سەردەمێك، دەنگ و رەنگی سەردەمی خۆیەتی، جێ پەنجەی خۆی بەسەر قۆناغی خۆیەوە بەجێدێڵێ و ئیدی ئاڵاکە بۆ نەوەی دوای خۆی بەجێ دێڵێت، دەستکەوتی هەر قۆناغێکی زەمەنیش بەندە بە زروف و بارودۆخی مادی و روحی ئەو قۆناغەوە، بەندە بە هەلومەرجی ژیانی ئەو سەردەمەوە، بە هەموو پێداویستی و گیروگرفتەکانییەوە، دیارە رەسەنایەتی دەستکەوت و دەرهاوێشتەی هەر قۆناغێك لەوەدا دەردەکەوێت کە چەند بزوێنەرە بۆ قۆناغی دوای خۆی، دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی لە قۆناغی دوای خۆی چەندە، چەند تێکەڵاوی پرۆسەی کارلێکی قۆناغی پاش خۆی دەبێت... چەند بەشداری لە ئاراستەکردنی چالاکییە مرۆڤانییەکانی ئێستای کۆمەڵدا دەکات، چەند تێکەڵ بە بزوێنەرەکانی واقیعی هاوچەرخی ژیانی کۆمەڵ دەبێت.

دیارە جیاوازی نێوان سەردەمێك و سەردەمێکی دی پتر لە پەرەسەندنی ئاستی فیکری خەڵکەکانیدا بە دیاردەکەوێ تالە شتە مادییەکانی دیکەی دەرێی مرۆڤ، لە ئاستی چالاکی و بەرهەمهێنانی شارستانیاندا بە دیار دەکەوێت.. واتە لە پەرەسەندنی ئەقڵی مرۆڤ و چالاکییە مادی و پەیوەندییەکانیدا دەگەڵ سروشت، و شتاندا، لە چواچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا دەردەکەوێت، واتە ئەقڵی مرۆڤ چەند زانستیانە دەگەڵ ئەمڕۆدا بەرەو ئایندە کاردەکات.

هەڵبەتە نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە هزرو ئەقڵ بەدەم کەشفکردنی یاساکانی ژیانەوە، خۆی لە بۆتەی سوننەتەکانی ژیاندا، واتە لە بۆتەی پەرەسەندن ، و تازەبوونەوەو پێشکەوتندا، دادەڕێژێتەوە ئیدی ژیان، ژیان دادەهێنێ و هەتا هەتایە هەر دەتەقێتەوەو تازە دەبێتەوەو خۆی تازە دەکاتەوە، کەواتە خۆ تازەکردنەوەو خۆ هاوچەرخاندن لە سوننەتە هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانەو هەر کەسێك ئەو توانایەی

نەبێ دەمرێت و نامێنێ.

"٦"

ژیان لە بنەڕەتدا جیاوازو هەمە ڕەنگە، بۆیە دکتاتۆریەت و یەککڕەنگی لە هەر بوارێکی ژیاندا نابەجێ و ناپەسندەو مرۆڤ لێی هەڵدێ، جا هەر ئەو جیاوازییەی سروشتی ژیان وای کردووە بوونەوەرانی ناو ژیان پتر پشتیوانی لە فرەیی بکەن لە هەموو بوارەکاندا.. جا دیموکراتیەتش لە ناوجەرگەی جیاوازی بیرو بۆچوونەکاندا دەردەکەوێت و کرانەوەی دیموکراسی یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی پەرەسەندنی شارستانیانە. دیارە بە پێچەوانەشەوە لوتبەرزی و توندڕەوی لە سیماکانی پاشکەوتنی شارستانیەتە کە بواری ئازادی و داهێنان نادات..

هەر ڕاو بۆچونێك لەمەڕ واقیع و حاڵەت و دیارەکانی هەر بوارێکی چالاکی مرۆڤ. قابیلی دیالۆگەو هەرگیز چەكێك نییە بە دەستی ئەم و ئەوەوە تا دژی ئەم و ئەو بەکار بێت، چونکە ئەگەر جیاوازی ڕاو بۆچوونان چەك بێ. ئەوا هەر لە یەکەم لەحزەوە، بەرانبەرەکەی ئیلغا دەکات و جاڕی مەرگی خۆیشی دەدات و ڕێگەی تازە بوونەوەو تازەکردنەوە لە هەر ڕاو ئیجتهاد و بەخشش و دەستکەوتێك دەگرێت کە هەوێنی پەرەسەندنە.. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ ئەوە بدرێ کە شوعلەو مەشخەڵی تازەبوونەوە بکوژێنێتەوە، لە پاشکەوتنی شارستانی پتر چ شتێکی دیکە نادورێتەوە، هەر پاشکەوتنێکیش بگری تەنیا داروخانی فیکری و شارستانی و سیاسی و ئەدەبی و هونەری.. بەرهەمدێنێ و ئیدی کرێ گرتەو ڕیاگۆو درۆزن و ڕمۆزن و حەقیقەتکوژان وەکو داڵ تێی دەوڕوکێن و دەیلەوتێنن و گەندەڵی دەکەن و قۆناغی توندڕەوی و مەسخکردن دەست پێدەکات و بەرە بەرە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەکەوێت و دەکەوێتە پەراوێزی مێژووەوەو لە کاروانی شارستانیەت بەجێ دەمێنێ.

دیارە هەر لە بواری باسی شارستانیەتدا دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی وشە بکەین، کە چۆن لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەستکەوتە شارستانیەکانی تیرەی بەشەری پاراستووەو بووە بە چ سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کەشفکردنی بونیادی فیکری بەشەر لە هەر شوێن و کاتێکدا، وشە، خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی گەورەو سەرکەوتنێکی بەشەری گەورە بوو، کە دژی بە جەهالەت و پاشکەوتن داو، بناغەی تەلاری شارستانی دامەزراند..



**سەرچاوەکان:**

١- نخبگان و جامعه/ تی. بی راتامور/ علیرضا چاپ اول ١٣٧٧.
٢- الرسالة القومية الثقافية بين الاصالة والمعاصرة عزيز السيد جاسم/ بغداد ١٩٨٩.
٣- الثقافة والمجتمع/ رايموند وليامز/ ترجمة وجيه سمعان/ مراجعة محمد فتحي.
٤- آراء نقدية في مشكلات الفكر والثقافة، د. فؤاد زكريا الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٥.
٥- أوهام النخبة او نقد المثقف/ علي حرب/ المركز الثقافي العربي/ ط١ ١٩٩٦.
٦- التراث والثورة/ غالي شكري/ دار الطليعة للطباعة والنشر/ بيروت/ ط١ ١٩٧٣.

# پەیوەندی ترادیسیۆن و مۆدێرنە

# لە گفتوگۆی نێوان رامین جیهانبەگلو و جەمشید بەهنام

عەبدولوتەلیب عەبدوللا

(تازەگەری و شارستانی) کتێبێکی گفتوگۆئامێزە لەنێوان هەردوو بیریاری ئێرانی ((رامین جیهانبەگلو))ی پەیوەست بە فیکرو فەلسەفە و ((جەمشید بەهنام))ی کۆمەڵناسدا لەو گفتوگۆیەدا قسە لە مۆدێرنەو رەوتی مێژوویی مۆدێرنبوون لە وڵاتی ئێران دەکرێت، هەر لەوێشەوە لە نوخبەی رۆشنبیرو ئایین و رێژەگەرایی و گشتگەرایی و بەجیهانیبوون و ئەویدیکە.. دەکۆڵنەوە، کتێبی ناوبراو بەشێوەیەکی جوان و رەوان لەلایەن (شۆڕش جوانڕۆیی) لە فارسییەوە تەرجەمەی کوردی کراوە.

ئەگەر جەختکردنی ((هیگل)) لەسەر مۆدێرنە لە بەرجەستەکردنی مێژووییەوە سەرچاوە بگرێت و لەنێو سیاقی مێژووییدا ئاماژەی پێدرابێت ئەوە قسەکردنی (جەمشید بەهنام) لەسەر مۆدێرنەی خۆرئاوایی بە هەموو ماناکانییەوە (هیگل)ییانە دەکەویتەوە، هەر لەوێشەوە دۆزینەوەی ئەمریکا و رێنیسانس و رۆشنگەری وەك سێ پێگەی سەرەکی مۆدێرنە لەقەڵەم دەدات. هەڵبەتە ئەو تێڕوانینە (هیگل)ییە لە سێ گۆشەنیگای جیاوازی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوویی کورتکراوەتەوە: مێژووی کۆنی رابردوو، سەدەکانی



ناوەڕاست، سەردەمی نوێ. ئەو سێ رەهەندەش لای (هیگل) راستەوخۆ بە چەمکی کاتەوە پەیوەستە، وەك دەزانین چەمکی کات سێ رەهەندی هەیە: رابردوو، ئێستا، داهاتوو.

کەواتە یەکەم پرنسیبی مۆدێرنە لای (هیگل) لە بەدوایەکداهاتنی هزرەکانەوەیەو دەکەوێتە نێو تۆڕێکی بەرفرەوانی گشتگیر،سەرجەم دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و عەقڵییەکان لەخۆ دەگرێت. دواتر (جەمشید بەهنام) قسە لەوە دەکات کە مۆدێرنە سەرەڕای ئەوەی جیهانبینیەکی نوێیە لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵی رەخنەگرانە بەسەر هەموو شتەکاندا زاڵدەکات و تاکخوازی و ئازادی و باوەڕهێنان بە سێنتەرو رەسانایەتی و ریفۆڕمی ئایینی بە بنەمای مۆدێرنە دەژمێرێت، هەر لەوێشەوە مۆدێرنە لۆژیکی کۆتایهێنان بە ئەفسانەو ترادیسیۆن بەرز دەکاتەوە.

لە پرسیارێکی (رامین جیهانبەگلو) لەسەر فرە مۆدێرنە و مۆدێرنەی جیاوازەوە (جەمشید بەهنام) لە رێگەی (میلان کۆندێرا)ەوە دەڵێت: ئەو کاتە مۆدێرنە دەستی پێکرد کە (دۆن کیشوتە) ماڵ وشارەکەی خۆی بەجێهێشت بۆ گەڕان بەدوای جیهانێکی نەناسراودا، دوای گەشت و گەڕانێکی زۆر تێگەیشت ئەوەی لە شاری خۆی فێر ببوو جیاوازی هەیە لە تەك ئەوەی کە لە جیهان روو دەدات . واتە لەگەڕان و پشکنینەوە فێر دەبین کە مۆدێرنە لەسەر گومان و بەدواداگەڕانی بەردەوام درێژە بەخۆی دەدات، بەڵام وەك دەزانین قسەکردن لەسەر گومان قسەکردن نییە لە گومانێك کە تەنیا لەپێناو سەپاندنی هەڵوێستێکی گومانکارانەیە، چونکە ئێمە لە دیکارتەوە فێر بووین کە گومان مەزندەو وێناکردنێکی فەلسەفییەو توانای بوونی مەعریفەی بابەتی بۆ واقیع دەخاتە بەر پرسیارو لێکدانەوەو ڕاڤەکردن.

بەجۆرە ئەمڕۆ دنیا بەردەوام لەبەرەوپێشەوەچوون خۆی دەنوێنێ، بەردەوام لەمیانی بەدواداچوون و رەخنە و تیۆریزەکردنەوە هەڵوێستی سەردەمانەی خۆی بەرامبەر بە واقیع و ترادیسیۆنەکان دەخاتەروو، یان بە مانایەکی دیکە وەك (ئەرگۆن) دەڵێ فیکر دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخ و فاکتەرە مادییەکانەوە، چونکە شتێك

نییه لە دەرەوەی هەموو مەرجەکاندا بێ و لەهەوادا مەلە بکات، وەك ئایدیالیستەکان و تەقلیدییەکان بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو مەحکومە بەکۆمەڵێك شت کە بەسەریدا دەسەپێنێ هەر لەوێشەوە بەرەو دەرئەنجامی عەقڵی دەمانگوازێتەوە.

کەواتە لەسەر بنەمای ئەو گوتەزایە (١٥٠) ساڵەی ئەو دواییەی تازەگەری وڵاتی ئێران وەك (بەهنام) دەڵێت: ئەگەر واقیعەکەی لەسەر کاریگەری بارودۆخ و فاکتەرە مادییەکانەوە نەوەستا بێت، سەرنجی هەلومەرجەکانی کاتی نەدابێتت، لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی کوێرانەی ئەوانیدیکەخۆی دامەزراندبێت. ئەوە کۆی ئەو پەرچەکردارە بەرووە نێگەتیفەکەی دەشێ بە پرۆسەی مۆدێراسیونەوە بەندبکەین، بەو مانایەی کە مۆدێراسیونە شتێکی هاوردەیە لەگواستنەوەی مۆدێرنەی خۆرئاواوە سەرچاوەی گرتووە، نەك دەروونزا کە هاوکات لەتەك مۆدێرنەدا بە ئەنجام دەگات.

مۆدێرنە جولەیە لە ناخەوە بیر لە گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە دەکاتەوە، ئەوەش زۆری دەوێت، بەڵام مۆدێراسیون لەکاتێکی کورتدا دەتوانێت دەرکەوێت. لێرە لە جیاوازی نێوان مۆدێرنەو مۆدێراسیون خەزعەل ئەلماجدی نووسیوویەتی: ئەوەی وەك فیکر نوێیە بە مۆدێرن (modern)ناوزەد کراوە، مۆدێرنیش وەك خولیا بە مۆدێرنێتە(modernity)ناو دەبرێت، هەردووکیشیان لە شوێنی جیاوازدا بە مۆدێرنیزم(modernism) یان ئەوەی کە بەهنام و جیهانبەگلو بە مۆدێراسیون ناوی دەبەن، واتە وەك دامەزراو و قوتابخانە و بڕوا هێنانە بە نوێبوونەوە .

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر مۆدێرنە تەعبیر لە تێگەیشتنێکی فەلسەفی بکات، ئەوە مۆدێراسیون لە وڵاتی ئێران وەك ئارەزوویەکی سیاسی ئایدیۆلۆژی دەستی بۆ بردراوەو لەسەردەمی (رەزا شا) لەرێگەی کۆمەڵێك خوێندەوار کە بڕوانامەیان لە خۆرئاواو ئەمریکا بەدەست هێنابوو دەستی



پێکرد، بەڵام وەك دەزانین ئەو مۆدێراسیونەی ئێران لە شێوەی مۆدێراسیونەکەی تورکیا نەبوو نەك هەر هێندە بەڵکو دژ بە کەمالیزمی تورکی وەستا و قایلنەبوو بەوەی بە رەهایی شارستانیەتی ئەوروپا قبوڵ بکات و ئایین لە سیاسەت جیا بکاتەوە.

کەواتە کۆی ئەو پەرچەکردارانەی بەهنام ئاماژەی بۆ کرد وەك جیهانبەگلو دەڵێت لەوەوە دێت کە مێژووی ئەو (١٥٠) ساڵەی ئێران نەبۆتە وانەگەلێك بۆ سوود لێوەرگرتن، وەك ئەوەی ئێران مەحکوم بێت بە دووپاکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو، ئەوەش بەوەوە پەیوەستە کە پەیوەندی ترادیسیۆن و مۆدێرنە بەر لەوەی لە تێگەیشتنێکی فیکری و فەلسەفییەوە هەڵقوڵا بێت، ئارەزوویەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بووە. بەلای جیهانبەگلو هۆی ئەو پرسە لەوێوە دێت کە ویژدانی ترادیسیۆنی ئێرانیان لەسەر بنەمای ئەندێشەی ئایینی و تێڕوانینی ترادیسیۆنەوە سەیری خۆرئاوا دەکات، نەك فەلسەفی و زانستییەوە. واتە تەکنیك وەردەگرن و پشت لە کەلتور دەکەن. لەو بارەوە (عەلی وەردی) دەڵێت: خۆرهەڵات نازانێت کە لافاوی پێشکەوتن هات ئیتر فریای ئەوە ناکەوێت چاك لە خراپ جیا بکاتەوە.

بەمجۆرە لە سەردەمی (رەزاشا) ئەگەرچی دەستەبژێران توانیان لەرێگەی لاسایکردنەوەو کوپیکردنی خۆرئاواوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام لەوێوە شکستیان خوارد کە نەیانتوانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی نێوان مۆدێرنەو ترادیسیۆن پەرە پێبدەن. نەیانتوانی لەرێگەی تێگەیشتنی مۆدێرنەوە راڤەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ ترادیسیۆن دابمەزرێنن، هەر لەوێشەوە دووچاری دووالیزمیەتی واقیع بوون. بە مانایەکی دیکە لە رووی تەکنیکییەوە خۆرئاوا زاڵ بوو لەرووی فیکریشەوە ترادیسیۆن. کەواتە کۆی ئەو چینە بەناو رۆشنبیرە نەك هەر نەیانتوانی واقیع بخوێننەوە، بەڵکو دواجار خۆیان وەك تاقمێکی باسیف و ئاراستەکراو لە ژێر کونترۆڵی واقیعی زاڵ و ترادیسیۆن

دۆزییەوە. لەلایەکی دیکە لە ئێراندا گوتەزایەك بە ناوی رۆشنبیرانی ئایینی لەئارادایە، کە ئایین وەك حەقیقەتێکی رەها سەیر دەکەن، بە رای جیهانبەگلو ئەو رۆشنبیرانە بە هیچ جۆرێك رۆشنبیر نین بەڵکو زێتر لە چاکسازی ئایینی یان ئەندێشەیەکی نوێی ئایینی دەچن، چونکە نە دەتوانن خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقی ئایینی و روانین و پرسێکی دیکەی جیدی بۆ بەشە زیندووەکەی کەلەپورو ئایین دابمەزرێنن، نە دەتوانن وەك پێویست بڕوا بە مۆدێرنە بکەن، تاکو لەوێوە بتوانن گفتوگۆ لەگەڵ خۆرئاوا بکەن.

دەمەوێت بڵێم هەمیشە دەشێ لە کەشفکردن و خوێندنەوەی ئەو بەشە زیندووەی ترادیسۆن کە تەعبیر لە ئامادەگی رابردوو لە ئێستادا دەکات، بەشداری خۆمان لە پرۆسەی مۆدێرنە رابگەیەنین. هەر ئەو بەشە زیندووەشە کە تەعبیری مۆدێرنەی جیاواز و فرە مۆدێرنەی لەخۆدا هەڵگرتووە. کەواتە بە دڵنیایی بەشە زیندووەکەی ترادیسیۆن ئەو بەشەیە کە لە رێگەی کەشفکردن و خوێندنەوەو راڤەکردنی جیاوازەوە دەتوانێت دووبارە ئامادەبوونی خۆی لە ئێستادا رابگەیەنێت، بەڵام وەك (مەحمەد ئەلجابری) دەڵێت: دەبێ ترادیسیۆن لە دوو ئاستدا لێکبدەینەوە یەکەم ئاستی تێگەیشتن. دووەم ئاستی تەوزیفکردن و وەبەرهێنان. لەیەکەمدا دەبێ ترادیسیۆن بە جیاوازی قۆناغەکان وەرگرین، لە دووەمدا دەبێ بەرەو ترۆپکی بکەینەوە ئەو ترۆپکەی کە پێشکەوتن دیاری دەکات.

لێرەوە ئەو بەشەی لە ترادیسیۆن کە ئەمڕۆ مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت بە قسەی جابری ناوەڕۆکی مەعریفی نییە بەڵکو ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژییە، هەڵبەتە ئەوە تەواو پێچەوانەی بیرکردنەوەی جیهانبەگلوە، چونکە جیهانبەگلو پێیوایە زەحمەتە میرات بە ئایدیۆلۆژیا بگۆڕین. بەڵام جابری جیاوازی دەخاتە نێوان ناوەڕۆکی مەعریفی و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژییەوە لەوێوە کە ناوەڕۆکی مەعریفی هەر ترادیسیۆنێك یەکجار دەژیت، کاتێك مردیش یەکجار دەمرێت، ئەوەش بەوە پشتراست دەکاتەوە کە ناوەڕۆکی مەعریفی زانستە-زانستیش مێژووی خۆی



هەیە، مێژووی زانستیش وەك (باشلار) دەڵێت مێژووی هەڵەی زانستییە، بەو مانایەش کە زانست چووە نێو مێژوو وەك ئەوە وایە کە دەچێتە نێو هەڵەوە، هەڵەش مێژووی نییە، لێرەوە جابری دەڵێت: ناوەڕۆکی مەعریفەی فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەکانی سەدەی ناوەڕاست و هەموو ئەو فەلسەفانەی لەسەر سرووشتی فەلسەفەکەی ئەرستۆ هاتوونەتە ئاراوە بەهۆی چوونە نێو مێژووەوە بەر لە هاتنی زانستی نوێ مردنی خۆیان راگەیاند... دێکارت فەلسەفەی خۆی لەسەر فیزیای گالیلۆ دامەزراند، بەڵام لەگەڵ هاتنی فیزیای نیوتن کە کانت فەلسەفەی خۆی لەسەر دامەزراند لەناوچوو. ئەوەش بە نیسبەت ئایدیۆلۆژیا جیاوازە چونکە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیا زەمەنی دەکەوێتە داهاتوو، واتە ئێستای لە داهاتوودا دەژیت (بەڵام دەبێ بزانین کە ئایدیۆلۆژیایەك هەیە داهاتووەکەی لەو ئایندەیەدایە کە دێت، ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەتوانێت ژیانێکی دیکەی نوێ بژیت. کەچی ئایدیۆلۆژیایەك هەیە لە داهاتوویەکدا دەژی کە خەونەکانی لە رابردوو وەرگرتووە) بەگشتی هەردووکیان پێچەوانەی زانستن چونکە زەمەنی زانست لە ئێستادا دەژیت گەر ئێستای خۆی جێبهێڵێت خۆی رەشدەکاتەوە. بۆیە ئێمە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ هەندێك لە بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی ترادیسیۆن بکەین کە بەر لە ئێمە ژیاون، بەڵام ناتوانین مامەڵە لەگەڵ ماددە مەعریفییەکەیدا بکەین. بەو مانایە پێویستە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیانە شیبکەینەوە تاکو بزانین کام بەشی مردووەو کامەی دەتوانێت ژیانێکی دیکەی نوێ بژیت .

جەمشید بەهنام دەڵێت: میرات و ترادیسیۆن ئەزموونی وەچەکانی پێشووەو پێویستە پارێزگاری لێبکەین و بیانگۆزینەوە، بەڵام وەك دەزانین مەبەستی پارێزگاریکردنێکی پۆلیسانە نییە، بەڵکو پارێزگاریکردنێکە لەرێگەی کەشفکردن و خوێندنەوەو راڤەکردنی جیازەوە. هەر لەوێوە دەتوانین بەها بۆ بەشە زیندووەکەی ترادیسیۆن دابنێین، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوەی ئایندەی میراتی

کەلتوری مرۆیی پێکدەهێنێت ترادیسیۆنە فرە چەشنەکانن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە چۆن لەرێگەی بەشە زیندووەکەی ترادیسیۆنی خۆمان پەیوەندی بە ئەویدیکەوە بکەین، لەوێشەوە بەشداری خۆمان لە پێشکەوتن دیاری بکەین.

بە بڕوای (ئەمین مەعلوف) هیچ کەلتورێك بە پێشکەوتن نامۆ نییە، چونکە پێشکەوتن زادەی داهێنانە یەك لەدوایەکەکانی مرۆڤایەتییە، هەر تەنها ئەویدیکەی خۆرئاوا بەرهەمی نەهێناوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە کەلتورو لە پێشکەوتن و مۆدێرنە بەشداری لە داهێناندا بکەین. بەمجۆرە لەلایەك پێویستمان بەوەیە وابەستەی مۆدێرنە و مۆدیراسیونی کەلتوری جیهانی بین، لەلایەکی دیکە کەلتوری خۆمان لەدەست نەدەین. (جەمشید بەهنام) دەڵێت: ئاشکرایە کە چیدی ئێمە نابینە ئێرانییەکی کۆن، بەڵام دەتوانین ببینە ئێرانییەکی تازە.

بەمجۆرە دەشێ قسەکردن لەبارەی فرە کلتوری قسەکردن بێت لەسەر شێوەگەلی تایبەتی بیرکردنەوەکان، هەر لەوێشەوە جیاوازییەکان دێنە بەرهەم. کەواتە ناشێ بڵێین پەیوەندی نێوان کەلتورە جۆراوجۆرەکان پەیوەندییەکی دژ بەیەکن، چونکە ئەمڕۆی پێشکەوتن بەردەوام ئاماژە بە پێکەوە ژیانی کەلتورە جیاوازەکان دەکات، لەبەرامبەر ئەوەشدا بەشێکی زۆری ترس و نیگەرانی لە خۆرئاوابوون و ئەمریکایی بوون بۆ لاوازی توانای کەشفکردن و خوێندنەوەو راڤەکردنی کەلتورە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، بۆ پاسەوانانی کەلتورەکان دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زیندووی کەلتوریان شاردۆتەوەو بەدژی ئەوانەش دەوەستن کە مەیلی کەشفکردن و خوێندنەوەو راڤەکردنی جیاوازییان هەیە، یان بەشێوەیەکی دیکە بە لادەرو بێ بڕوا تاوانباریان دەکەن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەك دەزانین رێژەگەرایی کەلتوری لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی زانستی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت، لەو تیۆرەدا هیچ باڵاترێکی کەلتوری بەسەر کەلتورێکی دیکەدا لەئارادا نییە.

(رامین جیهانبەگلو) پێیوایە قسەکردن سەبارەت بە کەلتورو فرە چەشنی کەلتورەکان بەبێ قسەکردن لەسەر ناسنامە مەحاڵە، هەر لەو ئەرزشدانانە بۆ فرە



کەلتوری و فرە ناسنامەیی بیری پۆست مۆدێرنە دەردەکەوێت و ناسنامە جیاوازەکان لە بەجیهانبووندا بەشداری خۆیان دەنوێنن. بەڵام دەبێ بزانین لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوون لەسەر گۆڕانکاری بەردەوام کار دەکات، بۆیە وەك چۆن ئەوان لە پرۆسەی مۆدیراسیوندا ئەرکی خۆیان دیاری دەکەن، ئێمەش دەبێ ئەرك و ئامانجی خۆمان لە بەرامبەر مۆدێرنەو مۆدیراسیون دیاری بکەین. ئەو دیاریکردنەش پەیوەندی راستەوخۆی بە کۆمەڵگەی هوشیارو وجودو ماهیەتی خودی داهێنەرانەوە هەیە. دەمەوێت بڵێم تاکی داهێنەرو ئەکتیف لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت دەتوانێت لەرێگەی داهێنانەکانی خۆیەوە بەشداری لە پرۆسەی پێشکەوتن و بەجیهانبوون بکات.

لێرەدا بیرکردنەوە لە ئاییندە، بیرکردنەوەیە لە ئەویدیکە، بە مانایەکی دیکە بێ وجودی ئەویدیکە لەئارادا نییە. کەواتە ئێمە بۆیە بیر لە داهاتوو دەکەینەوە چونکە لە ئێستاماندا شتێك هەیە کە رقەبەرایەتیمان دەکات و هەڕەشەمان لێدەکات و پێشمان دەکەوێت. ئەوەش لەسەر بنەمای بەشداریکردنی داهێنەرانەو ئەکتیفانەوە نەبێت مەیسەر نابێت، لێرەوەیە (رامین جیهانبەگلو) دەڵێت: ئێمە ئەمڕۆ زانیارییەکانی جیهان لەرێگەی ئینتەرنێت و سەتەلایت و سی دی و دی ڤی دی... وەردەگرین، بەڵام بەشدارییەکی راستەوخۆی داهێنەرانەمان لە رەوەندی پێکهاتنی جیهاندا نییە.

بە کورتی لەو گفتوگۆیەدا قسەی جیدی لە بارەی زۆر لە چەمکە تازەکانی سەردەم کراوە، بەڵام ئەوەی کە (جەمشید بەهنام)ی کۆمەڵناس لە بارەی پەیوەندی نێوان مۆدێرنەو ترادیسیۆنەوە قسەی لێدەکات بڕوا نەبوونە بە پۆست مۆدێرنە، چونکە ئەو چەمك و دیاردانەی کە فیکری پۆست مۆدێرنە بەرهەمی هێناون جەمشید بەهنام لەسەر بنەمای بەرەوپێشچوونی مۆدێرنە قسەیان لێدەکات، بە مانایەکی دیکە دەیەوێت بڵێت پۆست مۆدێرنە هەر تەنها ناونانێکی دیکەی مۆدێرنەیە.

# قۆناغەكانی پەرەسەندنی ڕۆمانی هیندی



ئا: كامەران تاهیر

ڕۆمان یەكێكە لەو ژانرە ئەدەبییانەی سەرەتای سەرهەڵدان و لەدایكبوونی بۆ ژینگە و كۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە، واتە لەسەر زەمینەدا پایە و كۆڵەكەكانی قایمكرد و ڕەگاژۆبوو، وەلێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم ژانرە ئەدەبییە لێرە لە ڕۆژهەڵات بوونی نەبووبێ، بەڵكو بوون ئامادەگی ڕۆمان بە شێوەیەك لە شێوەكان لەناو چیرۆكی میللی و حیكایەتەكاندا بەتوندی ئامادەیی هەبووە، بەڵام نەك بەشێوەی ژانرێكی سەربەخۆ. ئەدەبی هیندیش، كە بەشێكە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات، ئەو ژانرە ئەدەبیانەی لە ڕێگەی وەرگێڕان و كۆلۆنیالی ئینگلیزەوە وەرگرتووە و دواتر ڕۆمان وەك ژانرێكی سەربەخۆ بەرهەم هاتووە، كە خودان تەواوی خەسڵەت و بنەماكانی خۆی بێ، بۆیە هاتنە كایەی ڕۆمان و چیرۆكی هونەری لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سیستەمی پەروەردە و فێركردنی ڕۆژئاوایی لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكاندا سەریهەڵدا، كە ئەمەش كاریگەرییەكی یەكجار زۆری نەك هەر بەتەنیا لەسەر لەدایكبوونی ڕۆمان، بەڵكو ڕەنگدانەوەیەكی یەكجار مەزنی لەسەر تەواوی ژانرە ئەدەبییەكاندا هەبوو، ئەمە وایكرد نوێبوونەوەو نوێكاری لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا سەرهەڵبدات و بێتەدی.



ساڵی ١٨٨٠ (باداما ڤاتیێ دیڤی بهوكانینی)ی چیرۆكنووس ڕۆمانێكی بەناوی (پاڵەوانێتی سوودهارما) چاپ و بڵاوكردەوە، كە بە یەكەمین ڕۆمانی هیندی دادەنرێ، هەروەسا (هیجانداراباوا)ی چیرۆكنووسیش ڕۆمانێكی بەنێوی (زێڕینیەكا) هاتە وەشاندن، باس لە كێشە و ئاریشە و ململانێیەكانی نێوان كۆمەڵگەی هیندی دەكات، كە گوزارشت لە بیروبۆچوونە جیاوازەكانی نێو چین و توێژە جیاجیاكان دەكات، كە سەرپاكی ئەم ڕۆمانەش ڕەخنەگران دەیخەنە خانەی ئەو ڕۆمانانەی، كە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و ململانێی نێوان تاك و گرووپەكان لە پێناو بژێوی ژیان و گوزەران دەخاتەڕوو، ئەم ڕۆمانەش بە ستایلی كۆمەڵایەتی نێوزەد دەكرێ، هەر لەدوای سەرهەڵدانی ستایلی ڕۆمانی كۆمەڵایەتی ڕۆمانی مێژوویی سەریهەڵدا، كە زیاتر پشتی بەو تێكست و چیرۆكە میللیانە دەبەست بە باسیان لە سوارچاكی و خۆشەویستی و گیانی لێبووردەیی خۆبەختكردن و قوربانیدان لە پێناو تاك و گروپدا، هەروەها وەفاداری بووەتە خەسڵەتێكی هەرە دیاری ڕۆمانی مێژوویی، دیارترین ڕۆماننووسی ئەم ستایلەش (لاكشمانیتا بییزباروا)، كە خاوەنی ڕۆمانی (شاژن بادۆما)یە، كە باس لە چیرۆكێكی ئەڤینداری نێوان بادۆما و سۆرجی دەكات، هەروەها (بادمانتا گۆهاین)ی ڕۆماننووسیش خاوەن دوو ڕۆمانە یەكێكیان بەناوی (لاهۆری)، باس لە كچی بنەماڵەیەكی خانەدان دەكات، كە پێوەندی ئەڤینداری دەگەڵ كوڕێكی نەدار و هەژاری ڕەوشت بەرز چێ دەكات، وەلێ باوكی لاهوری (كچەكە) ئەم دوو ئەویندارە لە یەكدی دوور دەخاتەوە و لاهوریی كچیشی دەدات بەكوڕێكی دی، بەنێوی دهنابۆر، بەڵام پشێویی نێو شایی و زەماوەند و ئاهەنگەكە وادەكات، هەل بۆ (لاهوری)ی بسازێت و، لە ئاكامدا لە ئاهەنگەكەدا هەڵبێت، لە دووماهی ڕۆمانەكەدا، ڕۆماننووس هەردوو ئەویندار بەیەكدی دەگەیەنێت و پێك شاد دەبن... دیارە یەكێك لە بنەما گرینگەكانی چیرۆكنووسین (كۆتا و قفڵدانە)، كە بە شێوەیەكی پەروەردەیی ڕۆمانەكە بەكۆتا دەهێنێت، كە چیرۆكنووس ئەو پەیامە دەگەیەنێت، كە دەبێژێت سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و بەربەستە

کۆمەڵایەتییەکانیش وەلێ هەر دەبێ ئەڤینـدارەکان بەیەکـدی شـادبن، کـە ئەمەش بێگومان یەکێکە لە خەسـڵەت و ئـەدگار و روخـسارەکانی چـیرۆکی هیندی بەشێوەیەکی گشتی، کە لە کۆتاییدا عاشقان پێدەگەن و کۆتاییـەکی خۆشنوود بەخوێنەر دەبەخشێ، وەلێ چیرۆکی یـاخۆ رۆمـانی (بـەهانوماتی) باس لە کچێك دەکا کە هەر لە منداڵییەوە، بەبێ خواست و بەبێ پرس و رای خۆی لە کوڕێك مارەی بڕاوە، بەڵام کاتێك هۆبها نوماتی گەورە دەبێ و هەست بەخۆی دەکات وەك کچێك پێوەندی ئەڤینـداری لەگـەڵ کوڕێـك چـێ دەکـات بەناوی (جاروجاندرا)، بڕیار دەدرێ کچەکە (هۆبهانوماتی) ئاهـەنگی بـووك گواستنەوەی بۆ ساز بکرێ، لەگەڵ دەزگیرانەکەی، بەڵام هۆبهـا بوێرانـە مـاڵ بەجێدەهێڵێت و رادەکا، لەگەڵ گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵـە بڕیـاردرا جاروجانـدرا لـەدار بـدرێ، لەگـەڵ گەڕانـەوەی هوبهـاو زانـینی مردنـی خۆشەویستەکەی بەرگەی ئەم هەواڵە دڵتەزێن و تراجیدییە ناگرێـت و شـێت دەبێ، کۆتای چیرۆك بەم شێوە کارەساتئامێزە و بڕانەوەو قفڵدانی لـەم دۆخـەدا چیرۆکنووسی رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆرکرد، چونکە خوێنەری هینـدی تـاکو نهۆ وا راهێنراون، کە دەبێ کۆتای هەموو چیرۆکەکان بـە شـادی و دڵخۆشـی بەکۆتا بـێن و ئەڤینـداران بەیەکـدی شـاد بـن، نـەك بـەم شـێوە جـەرگبڕ و تراژیدییە، بەڵام رۆماننووس پەرسڤی خۆی دەداتەوەو پاساویش بـۆ خوێنـەران دەهێنێتـەوە، کـە بویـەری رۆمانەکـە راسـتییە و دروسـتکراوی خـەیاڵ و ئەندێشەی چیرۆکنووس نییە، وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەری هیندی هەر لە رۆماننووس زویرن.

رۆمانی (رانگیلی) ساڵی ١٩٢٥ چاپ و بڵاوکراونەتەوە، باس لە رابردوویەکی تاڵ و نەهامەتی و مەینەتییەکانی مێژووی کۆمەڵگەی هیندستانی دەکـات، کە پاڵەوانی رۆمانەکەش (رانگیلی)یە وەك مرۆڤێکی چاکەخواز هەوڵ دەدات هەموو قوربانی و لێبوردەییەك بنوێنێت، لە پێناو رزگـارکردنی مرۆڤـەکان،



لەو رەوشتە ناهەموار و دژوارەی کـە تاکـەکانی کۆمەڵگەکـەی بەدەسـتییەوە دەناڵێنن، کە بەردەوام هەوڵ دەدات ورەی مرۆڤەکان بـەرز بکاتـەوەو بەوپـەڕی گەشـبینییەوە بـەرەنگاری تـەواوی جەمـسەری و دەردەسـەرییەکانی ژیـان و ناسۆرییە ئابووری و رامیارییەکان ببنەوە.

هەروەها رۆمانی (راهودی) بە یەکێك لـە گـرینگترین و نـاودارترین رۆمانـە مێژووییەکان دێتە ناسکردن، کـە رۆمـاننووس لەسـەر زاری سەرپەرشـتیاری کۆشـکی شـاهانە بـە فلاشـباك ئەڤینداریـەکی پـاك و بێگـەردمان بـۆ دەگێڕێتەوە، لە نێوان راهودی و دایارا، کە عەشقێك تژییـە لـە لێبـوردەیی و لێکگەیشتن و میهرەبانی، بەئەوایەك کـە هـیچ شـتێك ناکارێـت رێگـە لـەو خۆشەویستییە بگرێ، لەهـەمان کاتـدا فەرامۆشـکردنی قـسە و قـسەلۆك و پیلانی بـەدکاران، هەمـدیس ئاریـشە ئابوریـیەکان و جیـاوازی چـینایەتیش نەیتوانی ئەو دوو خۆشەویستە لەیەکدی جودا بکاتەوە، چونکە عەشـقێك کـە بەرهەمی هۆش و ئارەزوو بووبێ هەرگیز ئەو هۆکارانە کاریان تێناکات، ئەمە قسەی پاڵەوانی رۆمانەکەیە، بۆیە لە کۆتاییدا بەیەکدی شاد دەبن.

ساڵی (١٩٢٩) رۆمانی (دارمان) دێتە وەشاندن، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەش لـە تلانەوەی مرۆڤەکان بەدەست نەخۆشی و دەردە کۆمەڵایەتییەکانـەوە دەکـات و ململانێی مرۆڤە لەگەڵ نەخۆشی و بەگژاچوونەوەی پەتا کوشندەکانە لە پێناو ژیانێکی تەندروست و لەشساغی بۆ مرۆڤەکان، پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە ناوی (بیریماتهارە) تۆلازێکە سەدان خۆزگە و خەون و خواستی لەدڵدایە، وەلـێ هەموو ئەو خەون و حەزانەی خۆی بەدی نایەن و دەیانباتە ژێر گڵ و تارمـایی مەرگ هەردەم بەبان سەرییەوە تاکو لە ئاکامدا مۆتەکەی مردن دەست دەنێتە بینەقاقای و ئەوکی بۆ تاهەتایە بەرنادات، بەمەش هەموو ئاوات و هیواکانی لەگەڵ خۆیدا بەکۆتا دێت.

رۆمـانی "گڕگان"یش باس لە گەنجێك دەکات بـەناوی "کاتاکـا" کـە هـەوڵ و

تەقەلایەکی زۆر دەدات، بۆ ئەوەی راستی و بیروبۆچوونە تەندروستەکان لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە، وەلێ هەرگیز ئەو هەوڵانەی سەرناگرن، کە هەموو ژیانی خۆی لەو پێناوەدا بەختکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵنادات و بەردەوام دەبێ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیامی ژیانە وەك پاڵەوانی رۆمانەکە، لە کۆتاییدا لەو مۆلۆلۆگەی لەگەڵ خۆیدا دەپەیڤێت، هەروەها رۆمانی (یاخیبوون) تەواوکاری رۆمانی گرکانە، کە ساڵی ١٩٤٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە خەون و خواستەکانی مرۆڤ دەکات لە پێناو بیروبۆچوون و ئامانجە بەرزەکان لە کۆمەڵگەدا.

ستایلێکی دیکەی رۆمانی هیندی، باس لە ژیان و ژیواری گوندنشینەکان دەکات، کە ئەمەش توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی هیندستانی دەگرێتەوە، رەخنەگران پێیانوایە ئەم ستایلەش سەرکەوتنێکی مەزن و زۆری بە دەستهێناوە، چونکە وێنەی مرۆڤگەلێکی بەرفراوان بە زمانێکی سادەوساکار دەردەبڕێ..

(دینارتاسارما)ی رۆماننووس یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی، کە بە ستایلێکی داهێنەرانە وێنەی ژیانی گوندنشینان بەرجەستە دەکات، رۆمانی (تادای) یەکێکە لەو رۆمانە بەناوبانگانە، کە دینارتاسارما چاپ و بڵاویکردۆتەوە، تادای پاڵەوانی ئەم رۆمانەیە، جوتیارێکە ژیانی خۆی تەرخانکردووە لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیان، لەم رووەشەوە هەموو قوربانییەك دەدا و هیچ ئاستەنگێکیش ناتوانێ کۆڵی پێبدات، هەروەها لە هەمان ماوەدا واتە لە کۆتاییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا رۆمانی (مرۆڤی سەدە) لەلایەن (هیچ دیکا)ی چیرۆکنووس دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، کە ئەم رۆمانەش لە کاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری دایەوە، هەراو زەنایەکی مەزنیشی نایەوە، کە رۆمانەکە باس لە ململانێیەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و دەورووبەرەکەی، هەروەها ململانێیە جیاجیاکانی نیچو هەناوی کۆمەڵگە و ململانێی رامیارییەکان لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لەلایەکی دیکەوە.

رۆمانە کۆمەڵایەتییە گوندییەکان زۆربەی هەرەزۆری چیرۆکنووسانی هیندی ئاوڕ



و گرینگی زۆریان پێی داوە، لەوانەش (ئەدیاناتا کارما) خودان رۆمانی (سێ بەشی ژیان) و هەروەها (جاندراکانترا)ی رۆماننووس خاوەن رۆمانی (وێنەی ژیری) و... چەندان رۆماننووسی دیکە لەو بوارەدا شوێن پەنجەیان دیار و بەرچاوە.

لەپاش دووەمین جەنگی جیهانیش ستایلێکی دیکە لە رۆمان هاتە کایەوە، ئەویش بە رۆمانی دەروون شیکاری دێتە ناوزەد کردن، بەشێوەیەك رۆماننووس و چیرۆکنووسان ئاکار و رەفتارەکانی مرۆڤیان شیتەڵ دەکرد و لێدەدایەوە، کە خوێنەرانی دووچاری شۆك و حەپەسان و سەرسامبون دەکرد، دیارە ئەم ستایلەش لەژێر کاریگەرییەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری سەریهەڵدا، دیارترین ئەو رۆمانانەی، کە بەم ستایلە نووسرابێت رۆمانی (بەردەوامی)یە کە ساڵی ١٩٥٢ هاتە وەشاندن.

هەروەها چەندان قوتابخانە و رەوتی جۆراوجۆری دیکە سەریانهەڵدا، کە لەژێر رەوت و قوتابخانە نوێیەکانی رۆمانی رۆژئاوا هاتنە کایەوە رۆمانی هیندی شەستەکان جیاوازی لەگەڵ رەوت و ستایلی چیرۆك و رۆمانی پەنجاکاندا هەبووە، ئەم جیاکارییانەش تەنیا لەلایەنی فۆرمەوە نەبوو، بەڵکو جیاوازییەکە بونیاد و بنەمای چیرۆکیشی گرتەوە.

بەم پێیە گۆڕانێکی ریشەیی لە ستراکچەر و پێکهاتەی رۆمان و چیرۆکی هونەری هیندی هاتە کایەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش هەر لەدوای ساڵانی پەنجاکان بەدواوە بەتەواوی هەستی پێ دەکراو، نوێبوونەوەی لە ئەندازە بەدەر لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە هاتەدی، بێگومان تادەهات ئەم گۆڕانە زیاتر گەشەی دەسەند، رۆمانی حەفتاکان بەتەواوەتی خەسڵەتێکی نوێی بەرجەستە دەکرد لە فۆرمێکی تازەدا، کە هەڵگری گۆڕانکارییە سایکۆلۆژییەکان و توانستە هەستیارەکان، لەبەر ئەوەی نەوەك لە رۆماننوس و چیرۆکنووسان سەریانهەڵدا، کەرێك بە پێچەوانەی نەوەکانی بەر لەخۆیان دەیاننووسی و هەوڵیاندەدا بەتەواوەتی چیرۆك و رۆمانی هیندی لە کۆت و بەند و ستایلە باوەکان دەرباز بکەن، هەروەها لەڕووی

ناوەڕۆکیشەوە بەتوندی هەموو داب و نەریتە باوەکانیان ڕەتدەکردەوە، کە چیرۆکنووسانی شەستەکان بەشانازییەوە لەو بیروبۆچوون و داب و نەریتانەیان دەڕوانی، دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە ئەو ماوەیە پتر سۆز و ڕۆمانسییەت بەسەر بەرهەمەکانیاندا زاڵ بوو، بۆ نموونە دۆخ و سەردەمی شەستەکان بەو ئاوایە بوو، کە مرۆڤ هەردەم لە دۆخی هەڵچوون و پێوەندیکردن لەگەڵ داب و نەریتەکاندا بوو، کە چیرۆکنووسان گەیشتنە ئەندازەیەك نەیاندەتوانی خۆیان لەو ڕێوڕەسمە و بەند و باوانە دەرباز بکەن، چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمە لەگەڵ کەتوار و بارودۆخی ئەو گاڤەدا ڕاهاتبوون و بەشێوەیەکی داهێنەرانە دیمەن و وێنەکانی ئەو ڕەوشەیان بەرجەستە دەکرد، وەلێ لەتەك ئەو هەموو گۆڕانکارییە نوێیە لە ستایل و فۆرمی چیرۆك و ڕۆمانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، چیرۆکنووسان نەیانتوانی بەشێوازێکی دیکە چیرۆکەکانیان بەکۆتا بێنن، کە جودا بێ لە دەورانەکانی دیکە.

لە راستیدا لەگەڵ نێزیکبوونەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی مەزن تەواوی کایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانی گرتەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدەب و هونەر ڕەنگرێژ کرد، ئەوەبوو ستایلە باوەکان پاشەکشەی کرد، کە ساڵانێکی زۆر بوو چیرۆکنووسان دەقیان پێوە گرتبوو، ئەمەش دەسپێکی هەوڵەکان بوو، سەرهەڵدانی ڕەوتی نوێخوازی چیرۆك و ڕۆمانی هیندی، کە بە ستایلێکی زۆر سادەو ساکار پێشتر دەنووسرا، کە وەك جەستەیەکی بێ گیان وابوو، ئەمەش پێوەندییەکی ئەوتۆی بەژیانی مرۆڤەکانەوە نەبوو، راستە هەوڵی نوێبوونەوەیەکی توند لە ئارادا بوو، بەڵام چیرۆك و رمانی ئەو سەردەمە دەربڕی مرۆڤی هیندی نەبوون، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخەکە بەرەو دژوارتر و ناهەموارتر دەچووە پێشەوە، هەرچەند بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە داب و نەریتەکان پاشەکشەیان کردبوو، چیرۆکنووسانی حەفتاکان بەم ئاوایە داب و نەرینە باوەکانیان تورِ لێ هەڵدا،



ئەو قۆناغەی ئەوان وەك پێداچوونەوەو منەکردن بوو بەدووی فۆرمە نوێیەکان و دووبارە ئەزموونکردنی ئەو داب و نەریتانە لە گۆشەیەکی نوێترەوە، لەناو جەرگەی ئەو ڕەوشە ترسناك و ئاڵۆزەدا کە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا بوو.

بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە بە دەرکەوتنی چەمکەکانی قوتابخانەی (نای کاهاینان) لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئەم ئەزموونکردنە خۆی لە فۆرمێکی دیکەدا دۆزییەوە، کە زیاتر لاسایی کردنەوەی پێوە دیار بوو، کەتوارەکە شێوەیەکی پێچەوانەی بەخۆوەگرتبوو، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانیش دەبوایە وەك رکابەریکردنێك بەرەنگاری ببنەوە چوون: کاهانی و ساشاتان کاهانی بە شێوە تایبەتیەکەی خۆیان لەڕووی ئەو رکابەرییە وەستان، کە لایەنگرانی کاهانی رایانگەیاندبوو، کە پێویستە رکابەریکردنەکە نەك هەر تەنیا بەرجەستەکردنی نەریتێکی نوێ بێ، بەڵکو پێویستە مانەوەی هەڵوێستێکی بێ لایەن بێ بەرامبەر بە پاشەکشەکردنی داب و نەریتەکان هەروەها هەوڵ بدرێت لە چیرۆك و ڕۆمانەکانیشدا ئەو بەها و نەریتانە ڕەتبکرێنەوە، تاکو ئەمە وابکات، لای تاکەکانی کۆمەڵگەدا پاشەکشە بکات، بەڵام نووسەرانی قوتابخانەی (ساشاتان کاهانی) باوەڕیان بە رکابەری هەبوو، ئەویش بە تیشك خستنە سەر تێڕوانینە نوێیەکان، کە لە هەڵگری بیرۆکەیەك بوو، پێیانوابوو کە ساشاتان هەست پێکردن و توانینی ئەو تێگەیشتنەیە، کە مرۆڤ ژیانی تیادا بەسەر دەبا و بەتەواوی هەستی پێدەکا، بەم ئاوایە چیرۆکنووسانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دارشتنە جیاوازەکانی نێو ڕەوتی ئەو ململانێیەیان بەسەر ڕەوش و ڕەوتە نوێیەکان کایەکانی دیکە بەدی دەکرد، بۆیە چیرۆك و ڕۆمانەکانیان داهێنانێك بوو، کە ئەو نیگەرانی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە شلۆقە و لەبەر یەك هەڵوەشانەوە و پاشەکشەکردن و ئاوابوونی شتەجوانەکانی بەرجەستە دەکرد، بە ئاوایەك مرۆڤەکانی دەخستە ڕوو، کە لە هەموو بەها جوانەکانی مرۆیی و پێوەندییە جوانەکان داماڵراون، ئەمە وایکرد

قۆناغی نهۆ ئەو پرسیارانە بخاتە ڕوو، کە رەوشە کۆنبارەکان هیچ مانایەکیان نامێنێ.

رۆمانەکەی (جیان رانجان)ی رۆماننووس، کە نێوی (پێوەندی)ی لێناوە، لەسەر زاری پاڵەوانی رۆمانەکە دەڵێ: دەبێ پەی بەوە بەرین، کە کات و سەردەمەکان و رۆژگار چۆن کار لە پێوەندییە مرۆییەکان دەکات؟ لەبەر ئەوەی ئەو ژنەی کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دایك بوو، ئێستەش پەیتا پەیتا، لە شێوەی دایکم یاخۆ وەك تارماییەکەی ئەو دێتە بەرچاوم.

هەروەها (جیر براج کیشوەر)ی رۆماننووس لە رۆمانێکی دیکەدا بەنێوی (پێوەندییەکان) لەبەر هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە مرۆییەکان بەشێوەیەکی داهێنەر و یەکجار شاعیرانە دەخاتەڕوو، لەو رۆمانەدا هەردوو پاڵەوان (ماناکی و جیریداری)، هەموو ئەو پێوەندییە نوێیانە دەخەنەڕوو، کە دەرهاویشەی قۆناغە نوێیەکەن، تەنانەت پێوەندییەکانی نێو خودی یەك خانەوادەش لەم کاریگەرییانە بەدەر نییە وەك لەسەر زاری پاڵەوانی رۆمانەکە، رۆماننووس رایدەگەیەنێت، لەلایەکی دیکەوە (رامیش باکشی) لە فۆرم و ستایلێکی رۆمانسی و کلاسیکیانە رۆمانی (داوەپەتەکان) بەرجەستە دەکات، وەلێ لە هەمان کاتدا ناکۆکی و ململانێ توندەکانی دوو نەوەی جیاواز بەشێوەیەکی فانتازیا ئامێز دەخاتەڕوو، کە سیخناخە لە هزری جوانی مرۆڤدۆستانە و وتەی پڕ لە سۆز و میهری مرۆییانە، لە پێناو گەڕانەوەی بەها جوانەکان و پێوەندییە مرۆییە رەسەنەکان. رەوتی نەوەی نوێ پەیتا پەیتا گەشەی کرد، بۆ ئەوەی ئاراستە راستەقینەکانی ژیان و بەهاکانی سەردەم بچەسپێت و چیرۆکنووسانیش لە هەوڵی ئەوەدان ژیان بەشێوەیەکی جوانتر وێنا بکەن، کە هەموو جوانییەکانی ژیان تیادا بەرجەستە بێ، بە واتایەکی دیکە رۆماننووسانی هیندی توانیان بەشێوەیەکی داهێنەرانە رۆمانەکانیان بەرهەم بهێنن و رۆ بچنە نێو هەست و نەستی خوێنەرانەوە، بەڵام چیرۆکنووس و رۆماننووسانی وەك: باهشەم، ساهنی، جیربراج، ئیندرا کاینا)، توانیان خۆیان لە سۆزە راستەوخۆکان رزگار بکەن و



پێوەندییە مرۆییە بەرزەکان جارێکی دیکە بە شێوەیەکی داهێنەرانە بخەنەڕوو، هەرچەندە لە جەنجاڵی و دژواری و ئاڵۆزییەکانی ئەم سەردەمە و کاریگەرییە نەرێییەکانی لەسەر مرۆڤەکان، بەتایبەت ئەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانی خەڵکی شارە گەورەکانی ئەو وڵاتەدا هاتبوو، ئەوان بە ئاشکرا و بەتوندی هەستیان بە شوێنەوار و فشاری ئامێر و کاریگەرییە ترسناکەکانی دەکرد، کە چۆن تەواوی پێوەندییە مرۆییەکان لە سایەی ئەو رەوشە بێ بەزەییانەدا پاشەکشە دەکەن، بەڵام ئەگەر ملکەچی پێوەندی و ستایل و فۆرمە کۆبناوەکان بن یاخۆ کۆت و بەند بکەنە ئەوکی مرۆڤەکان و، دەگەنە جیاوازەکان کپ بکەن، ئەوا دۆخەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەبێ و مرۆڤەکان لە مرۆڤبوونی خۆیان دادەماڵرێن، بەم ئاوایە ستایلە نوێیەکانی رۆمان لە هیندستان فەزایەکی دیکەی لە بەردەم خوێنەران کردەوە، کە بکارن لە فەزایەکی جیاوازدا خۆیان ببیننەوە، کە هێشتا تروسکاییەکی ژیان بمێنێتەوەو ئاسۆیەکی گەش چاوەڕێی مرۆڤەکان دەکات.

ئاخۆ تاچەند ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەڕێگەی نووسین دەکارێت ئامانجەکان بەدی بهێنێت و ناسۆرییەکان کەم بکاتەوە، بێگومان ناوەرۆکی رۆمانە هیندییەکان هەردەم هەوڵ دەدەن کۆتاییەکی بەختەوەر و خۆشنوودی بەخوێنەر ببەخشێ، ئەمەش لە کۆژان و ئازار و گرفتەکانی کۆمەڵگەی هیندستانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

# پەیامێك لە "جۆج كارلین"ەوە



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ)

پارادۆكسی سەردەمی ئێمە لە مێژوودا ئەوەیە كە باڵەخانەی بەرزترمان هەیە بەڵام خولق و میزاجمان كورتتر. ڕێگاو بانی پان و پۆڕتر، بەڵام تێڕوانینمان بەرتەسكتر. زۆر خەرج دەكەین. بەڵام كەممان هەیە،زۆر شت دەكڕین،بەلام كەم چێژی لێدەبینین. خانووی گەورەتر و خێزانی بچوكترمان هەیە، زۆر هۆكاری ئاسوودەییمان هەیە،بەڵام كاتمان كەمە. بڕوانامەی زۆرمان هەیە،بەڵام هەستمان كەمتر،زانیاریمان زیاتر،بەڵام بڕیارمان كەمتر،زۆر شارەزاین، گرفتیشمان زۆرتر،داو و دەرمانمان زۆرتر و چاكبونەوەمان كەمتر.
زۆر دەخۆینەوە،زۆر جگەرە دەكێشین،زۆر بێبیركردنەوە بەسەر دەبەین، زۆر كەم پێدەكەنین. زۆر خێرا ماشێن لێدەخوڕین،زوو توڕە دەبین،تا نیوە شەو



نانوین،كەهەڵیش دەستین زۆر ماندووین. زۆر تەماشای تەلەفیزیۆن دەكەین و بەدەگمەن نوێژ دەكەین.
ئێمە سامان و داراییمان چەندجارە دەكەینەوە،بەڵام بەهاكانیان دێنینە خوارەوە. زۆر قسە دەكەین،بەدەگمەن خۆشەویستی دەكەین و بەزۆریش ڕقمان دەبێتەوە.
ئێمە فێربووین چۆن بیگوزەرێنین بەڵام ناژێین. ئێمە ساڵانێكی زۆرمان خستۆتە سەر ژیان،نەك ژیان بخەینە سەر ساڵەكان. ئێمە بۆ سەر مانگ چووین و گەڕاینەوە،بەڵام گرفتی پەڕینەوەی شەقامێكمان هەیە بۆ بینینی دراوسێیەكی نوێ. ئێمە ئاسمانی دەرەوەمان بەزاند،نەك ناوەوەی بۆشایی. شتی گەورەمان ئەنجام دا نەك شتی باشتر.
هەوامان پاكژ كردەوە،بەلام ڕۆحمان پیس كرد. بەسەر ئەتۆمدا زاڵ بووین،بەڵام نەك بەسەر بڕیاری پێشوەختمان. زۆر دەنوسین،بەڵام كەم فێر دەبین. نەخشەی زۆر دادەنێین، بەڵام بەكەمی جێبەجێیان دەكەین. فێر بووین پەلە بكەین،بەڵام چاوەڕێ نەكەین. زۆر كۆمپیوتەر دروست دەكەین بۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری و بەرهەمهێنانی لەهەركات زیاتری كۆپی،بەڵام پەیوەندیمان كەمتر و كەمتر .
ئەم سەردەمە سەردەمی خواردنی خێرا و هەرس كردنی لەسەرخۆیە. سەردەمی پیاوی گەورە و كارەكتەری بچووكە. دەستكەوتی گەورە و پەیوەندی ڕووكەشانەیە.
ئەم ڕۆژانە،ڕۆژانی دوو داهات و جیابوونەوەی زۆرە. ڕۆژانی خانووی دڵگیر،بەڵام ماڵی دڵشكاوە. ڕۆژانی گەشتی خێراو فڕێدانی داپیەر و تورهەڵدانی مۆڕاڵییەتە.
ڕۆژانی شەو تا بەیان بەپێوە وەستان و جەستەی كەتە و زل و دەرمانخواردنی هەموو شتێكە لە هاوارەوە بۆ بێدەنگی و ئینجا مردن. سەردەمێكە پێشانگاكان پڕ و كۆگاكانیش خاڵی. سەردەمێك كە تەكنەلۆژیا لەتوانایدایە ئەم نامەیەت بگەێنێتە دەست و سەردەمێك كە تۆش دەتوانی یان بەشداری لەم تێگەیشتنەدا بكەی، وەیان پەنجە بە دلیتدا بنێی و بیسڕیتەوە.
بیرت نەچێت كاتێكی زۆر لەگەڵ ئەو كەسانەی خۆشت دەوێت بەسەر ببە،چونكە

تاسەر نامێنن.

بیرت نەچێت وشەی جوان و شیرین ببێژە بەو کەسە بچکۆلەیەی کە لەخوارەوە بەهۆی ترسەوە بۆت دەڕوانێ و ڕێز دەنوێنێ. چونکە ئەم کەسە بچووکە زۆر زوو گەورە دەبێ و کەنارگیرت دەکات.

بیرت نەچێت باوەشی گەرم بەو کەسەدا بکە کەلەتەنیشتەوەیە،چونکە ئەم باوەشە تەنها سامانێکە کەدەتوانی لەقوڵایی دڵتەوە بیبەخشی بێ ئەوەی سینتێکی تێبچێت.

بیرت نەچێت بەهاودەمەکەت، بە کەسە خۆشەویستەکەت بڵێی"خۆشم ئەوێی"،بەڵام هەموو جارێك بەجدیت بێت.

ماچ و لەئامێزگرتن کەلەناخی ناختەوە بێنە دەرێ ئازارەکان چاك دەکەنەوە .

بیرت نەچێت دەستی بگرە و ڕێز لەو کەسە بنێ کە لەوانەیە جارێکی تر نەیبینیتەوە.

ماوە بدە بە خۆشەویستی،ماوە بدە بە قسە کردن! و ماوەش بدە بە بیروڕا بەنرخەکانی مێشکی خۆت.

هەمیشە بیرت نەچێ:

ژیان بە ژمارەی ئەو هەناسانە ناپێورێت کە وەریدەگرین،بەڵکو بەو خولەکانە دەپێورێت کە هەناسەکانمانی تێدا دەدەین.

جۆرج کارلین

جۆرج کارلین، هونەرمەندی کۆمیدی ئەمریکی لە ١٢ی ئایاری ١٩٣٧ لە نیویۆرك لەدایك بووە. ئەم هونەرمەندە کۆمیدییە یەکێکە لە ناسراوترین هونەرمەند لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا مردنی هەدای نەدا و لەهەوڵی ئەوە دابوو لە ڕێگەی قسە خۆشەکانی و ڕەخنە سیاسییەکانییەوە بزەی بخاتە سەر لێوی مرۆڤەکان. جۆرج کارلین لەچەندین فلیم بەشداری کردووە و کتێبی ناوداری " کەوتنە خوارەوەی مێشك"نوسیوە و هەروەها بۆتە مێوانی



١٣٥بەرنامە. جۆرج لەدایك و باوکێکی ڕۆژنامەنوس هاتۆتە دونیاوە و پورێکی هونەرمەندیشی هەبوو بەناوی "پورە ئەنجی" کە هەفتانە لە بەشی کاریکاتێری ڕۆژنامە کاری دەکرد ، ئەم پورە و دایك و باوك ڕۆڵیان هەبوو لە پێگەیاندنی جۆرج کارلین. جۆرج لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە گرانترین هونەرمەند لە بواری فرۆشتنی بلیتی بەرنامەکانی. دواجار جۆرج کارلین لە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ لەتەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هونەر و جیهانی کۆمیدیا دەکات.

سەرچاوە :

http://www.voanews.com
/english/archive/2008-06/2008-06-23-voa12.cfm?
CFID=299679745&CFTOKEN=53299775&jsessionid=
6630d6c0aff8b594c985314167347e107343

# ئێوە لەمنن و من قەت لەئێوە نیم

## خوێندنەوەیەك بۆدەقی

## ناڵەی چیا پەنایەك بۆتاشەكان

غەمگین بۆڵی

**بەراییەكی پێویست:**

ئەگەرهەموودەقێكی ئەدەبی دووپێوانەی جیاوازی هەبێت، یاخودبلێین ئەم ژوورەی كەنووسیاربەتوانستی خەیاڵاندنی سازی دەكات، گوایەدوودەرگای پرلەنهێنی هەیە، دەشێت هەمان ئەم دەقەدووراڤەگەری جوداوازیشی هەبێت، یان ئەم ژوورەی كەنووسیار بەكەرەستەكانی نووسین بونیادی دەنێت، دەشێت دووپەنجەرەی روانینی هەبێت، لەدوو رێگای دژبەیەك بروانێت ، مومكینەئەوەكاری رەخنەیاری جاویدانی ئەدەبییەپەی بەو نهێنییانە ببانبەوربینیەوە میتۆلۆژیەتی گومانگەرایی دەقەكەبەیان بكات وخاڵەئەكتیڤە هەستیارەكانی ئەودیوی دەقەكەنیشان بدات، وەلێ پرۆسەی "دەق"بەرلەوەی گەرانەوەبێت بۆمێژوو، بەبارگاوییبوون بەشوێنپێی یادەوەرییەكان، وەگرخستنی توانستی خەیاڵاندنەبۆ ئایندە، هەلرژانی جوانبینییەلەنەوالی خەیالداری وبەلگەیەبۆبەهای دەستكەوتەكای ئیمرۆ بەتایبەت بۆمیلەتێكی زوك ئێمەی ستەم دیدە، بۆیەزۆر زەروورەلەراڤەگەریی بەرهەمێكی وەهادا، خاڵەكانی بایۆگرافیای نووسیاروچۆنیەتی دەرهاوێشتەی دەقەكەرەچاوبكرێت، بۆ ئەوەی



دووربین لەوهەلەیەی كەزۆرێك لەرەخنەباری ناوەندی كوردی گرتۆتەوەوبۆتە ئەنفلەوەنزای رەخنەی ئەدەبی كوردی، وەلێ ئەوەی شیاوی وروژاندنەئەوەیە:ئەم پەتایە ئەوەندەی لەهەولی لەناوچوونی دەقەكەوخۆدەرخستنی بنووسە ، مومكین نییەئەوەندە بەلای توانستی نووسیاروچۆنیەتی جوانكاری لەنووسیندابێت.

بەرلەوەی پرۆسەی نووسین ئامانەتێكی ئەخلاقی بێت، بۆبەهامرۆڤایەتییەكان، پرۆسەی جوانتركردنی راستەقینەیە، بەزنارەكانی ئایندەوە، ناشێت هەمووئایندەیەك لەكانیاوی رابردووەوەهەلبهێنجرێت، وەك چۆن ناشێت مێژووی كوردبەبێ چیاسەركەشەكان بنووسرێتەوە، لێرەوەدەخزێینەدەقی(ناڵەی چیا، پەنایەك بۆتاشەكان)، گوزەرێك بەشوێن یادە بەجێماوەكانی نووسیاروئەوبەراوردكارییانەی لەگەل ئیمرۆی كوردستان وشەقامی سیاسەتی كوردییەوەدەكەین، نووسیاردوێنێی خەباتی جوانتركردن بەئیمرۆی لەبیركراوی سەروەرییەكان ، لەگەل سبەی گۆراندا، كردۆتەهەوێنی دەقێكی چر، بۆیەئەودەقانەلەرووی كات وشوێنی زەمەنەوە، لەچۆنیەتی رووداوەكانەوە، زیاترستایلێكی نۆڤلێتی گرتووە، زیاتر خۆی لەنێوان چیرۆكەشیعرونۆڤلێت دەبینێتەوە، لەرووی توانستی دەربرینەوەزمان رۆلێكی ئەكتیڤی گێراوەوزمانی شیعربەسەردەقەكاندازال بووە، كەئەمەش بۆدووخالی كاریگەر دەگەرێتەوە، یەكەمیان كەئاشكراروونە(سەلام عومەر)بەرلەوەی نووسەربێت، شاعیرە.بۆیە زمانی شیعربەسەررووداوەكاندابالادەستی خۆی نیشان داوە.خالی دووەم لەرووی بنەرەتییەوە گرینگە، كەنووسیارلەرووی دەربرینەوەزیادلەپیوەستبوونی خەستی ناوئەو راستەقینەتالەبووە، وێنەی خەیاڵاندنەكان وباكگراوندی یادەوەرییەكان بەشەلالی هاتوونەتەبوون، كەئەمەش زیاترئیشی لەتەلاری جوانسازیداكردووە.

**ناوەرۆك:**

ئەگەربەرهەمی ئەدەبی دەرهاوێشتەی فانتازیاكانی خەیاڵ بێت، ئەواهەرگیزناشێت خۆی لەراستەقینەكەی زەمەن بدزێتەوە، هەرچەنددەرهاوێشتەی هزراندن میتۆلۆژیەتی فانتازیا بێنێتەبوون ، بەبێ راستەقینەبوونێكی بێ بوونە، گەرانەوەی

"بوون"بوون بەشوێنپێی یادە فرامۆشکراوەکان وگەران بەدوای مێژووی بوونی دوێنێی ئەوزەمەنە، پرۆسەیەکی سەختە نووسیاری جاویدانی هەمیشەلەهەولی سەروەرییەکانی میلەتەکەیدایە، تاکو دەشمرێت بەبێ یادەورییەکان ناژیت!، هەمیشە بیرلەوە دەکاتەوە یادەوەرییەکانی زیندوو بکاتەوە، بۆیەزۆرێك لەنووسەران لەرێگەی نووسینەوە لەسەرەتادا پەیتاپەیتا دەستپێدەکەن، یاخود لەناوەراستی ئەزموونەکانیانەوە، زۆرترینیشیان لەکۆتاییدا، دەیکەدواچەکی نووسین. بۆیەنووسیاری (نالەی چیا، پەنایەك بۆتاشەکان)سەرەتاشیاوانەوێنەی سەربەرگی پەرتووکەکەی نیشان کردووەوبەجوانترین شێوەگوزارشتی لەکرۆکی ناوەرۆکەکەداکردووە.تاشەکان ئەو پەناگەیەی دوێنێ ، ئیمرۆغەدری لێ دەکرێ وفەرامۆشکراوە، بۆیەنووسەردەگەرێتەوە هەواری یادگەجوانەکان وگەلای یادەوەرییەکان کۆدەکاتەوەوپێیان دەنووسێت(ئاخرتاشەکان لەتەنیایدا نرکەیان دێ، بەردەبازەکانی نێورووبارەکوێستانیەکان قەوزەیان لێ رواون،
کەسیان بەسەردا، رەت نابێ، ئەشکەوتەکان:هێشتاسووتوی هەشتاکانی لێیە، بەرووەکان هەلدەوەرن وکەس نییە، کۆیان کاتەوە!کەس نییەبەرابردوودابچێتەوە).
نووسیارهەنوکەش بەگومانەوەدەنووسێت، تکوئەوئەندازەیەی کەزبروزەنگی رژێمی بەعسی بەسەرەوەیە، چەشنی چیرۆکنووسانی سالآنی حەڤتاوهەشتاکان"رەمز"ی بەکارهێناوە، کە"داربەروو"رەمزی خۆراگریی کوردە، گوایەکوردچەشنی داربەروولەچیا کاندا، بەرگەی هەموبارودۆخێکی کردووەو خۆراگربووە. "ئەشکەوت" رەمزی حەشارگەی پێشمەرگەبووە، "تاشەکان"رەمزی شوێنی بەرگری پێشمەرگەوشەرکردن بووە، "ئەسپ" هێمابووە بۆ هێرش کردنە سەردوژمن، کەدوژمن بە"بەراز"ناوزەندکراوە، گومانیشی تێدانییە کە بەراز گیانلەبەرێکی نامۆ لە کوردستاندا سەیر دەکرێت، بۆیە لەبەرامبەردا، وشەی"هەلۆ"یانکردۆتەهێمای پێشمەرگە، نووسەرجگەلەم رەمزانە چەند رەمزێکی نوێشی بەکارهێناوە، بۆلێورێژکردنی دەقەکەی، لەشوێنی شیاوبەکاری هێناون وزیاترتروسکەی جوانبینی



بەدەقەکەبەخشیوە.نووسەرلەبارودۆخی ئەمرۆی کوردستان وسیاسەتی کوردی، دلگران دەبێت وگومان لەئایندەدەکاوکێلگەکانی سبەی بە"تۆ"یرارابییەوە، بەرمالەکەی وژوورەکاندادەکات، دواجارگومان لەو"بوون"بوونەدا دەکات، هەربۆیەئەم گومانانەی نووسیارتەواولەنێو دەقەکەیدا رەنگە داوەتەوە، تاشەکان رەنگی گومانیان گرتووە!ئاوی رووبارەکان تامی گوماندەدەن!، ئەشکەوتەکان بۆنی گومانیان لێ دێت!، ئاخر نووسەر ناحەقی نییە بەوهەمووگومانەرەشانەوە، تاکوئەوئەندازەیەلەسیاسەتی کوردیدا رەشبین بێت وبنووسێت(ئێوەلەمنن ومن قەدلەئێوەنیم)!حاشاکردنی نووسەربەم شێوەیە، زیاترچێژی بەنووسینەکە بەخشیوەو زیاترلەزەتدارتری کردووە، لای کەسی "وەرگر"، بۆیە نووسیار وردبینانەتر ئاوێتەی پرسە هەنوکەییەکانی ئەمرۆی گۆرەبانی سیاسەتی کوردی دەبێت وتێکەلی "ئەوێ رۆژێ"ی تەمەنییان دەکات، دەزانێت سیاسەتمەندەکانی ئەمێستادوێنێی تەمەنییان بیرچۆتەوەو هەمان تاشەبەردەکانی رۆژانی بەرخودانی (کەپەناگەیان )بوون، هەمان ئەوچیا سەر کەشانەی کەمەنزلگای شۆرش وراپەرینی پارتەجیاوازەکان بوون، ئەمرۆهەزاران تاشەبەرد هەلابەهەلادەکەن ودەیکەن بەبەردی نەخشێنراووبالەخانەکانی پێ دەرازێننەوەولەپشت جامخانەرەنگالەکان و گولدانە گرانبەهاکانەوە، لەگەل ژنەشۆخ وشە نگەتازەکان، بەشەقامەکانی دەوروبەری مالیان پێدەکەنن، کەئەم شەقامەبەخوێنی هەزاران رۆلەی کوردهاتۆتەبوون، ئەوەشەقامی شۆرشە، شەقامی راپەرینە، شەقامی پیاسەجوانەکانی کوردییە، نووسەرپەی بەونهێنیانەبردووەکەبەرپرسەکان لایان وایەفێلێ لەمیلەتەکەیان دەکەن، ئاخر ئەو پەیوەندییەبەهێزەی جاران لەنێوان سیاسەت ومیللەت لەکوردستانداهەبووکە زۆر بەنهێنیش بوو، ئەمرۆنابینرێت؟! بۆیە نووسەر نووسیویەتی: (لێپرسراوی کوردی ناهێلێت مێش میوانی بێت)، دیارەلێپرسراوانی کوردی ئەوەندی خەریکی گیرفان پرکردنن، مومکین نییەنیوئەوەندەسەرقالی پەیوەنی نێوان خۆیان وجەماوەردابن، خالەکانی نێوانیشیان گەلێکن نامەوێت لێرەدا ئاماژەیان بۆبکەم، ئاخرچۆن

ئەوپەیوەندییەدروست دەبێت؟، کەلێپرسراوانی کوردی کەهەلگری‌بەرژەوەندییەکانی کوردین وزەمانحالی کوردستانن، یاخودحزبەکەیەتی، گوێ لەداخوازی وبۆچوونی منداڵێکەوەتاکوپیرەپیاوێك بگرێت، لای زۆرێکیان ئێمەدەمێکەتەنانەت لەخەیالیش بارمان کردووە، ئاخرخۆئێمە تیرۆرست نین؟کاتێك بەمۆنیکاکانتان بەتەکماندا رەت دەبن، تەنهاگوێبیستی گڤەیەك دەبین بەها مرۆڤایەتیەکانی تاکی کوردچۆن دەستەبەردەبێت ، کەلێپرسراوانمان جامی ئۆتۆمبێلەکانیشیان رەش کردووە.

نووسیاربەیانی ئەوەدەکات کە(کەس ئاغای کەس نەبێت)دیارەنووسەرزۆرزوڵم وستەمی ئاغاکان ودەرەبەکایەتی سەردەمی رژێم وپیاوانی بەعسی چێژتووەوهەنووکەش بەخەم و سووتانێکی زۆرەوەلەمەریان دەورووژێت، کەبێ شك رژێمی دەرەبەگایەتی بەربەستێکی گەورەبوون لەکوردستاندا، تاکوئەوئەندازەیەی نەیان هێشتووەگەلی کوردبەمافەرەواکانی خۆی بگات، چۆن هەمیشەخەلکییان چەوساندۆتەوە بەهەمووشێوەیەك، بۆیەدیسان نووسەر تەمی گومان ئاسمانی بیرکردنەوەی پردەکات ولای وایەکەئەوانەی لەزینداندان ودێنە دەرەوە، دەست دەکەن بەسازکردنی گرووپ ورێکخراوی تایبەتی ودەچنەژێرشێغ وئاغاکانی سەردەمی رژێمی بەعس، بۆیەنووسیارئەمجارەبەگومانێکی یەقینەوەدەورووژێت:(دەگەرێن بەدوای پەنایەك کەس گەورەی کەس نەبێ، کەس لەخۆرانەمان کوژێ ودیلمان نەکات)، دیارەئەوپەناگەیەی نووسەرگەرەکیەتی بەتەنیا ئازادییە، ئەگەرمیللەتێك ئازادی تێدا کوژرا، ئازادی تێدا زیندان کراوبووەدیلی سیاسەت، ئەوەچاوەرێی هەمووکردەیەکی نامرۆڤایەتی وخراپەکاری بەلێی، چۆن میللەتی دیلی ئازادی، چەشنی بولبولێکی نێوقەفەزە لەزینداندا، لای تیرۆریستێکی زیندانکراو.

کۆتایی:

ئەوکەسەی لەپێناوی ئازادیدادەمرێت، پەساپۆرتی فیردەوسی لەباخەڵە، ئەوەی دەیەوێت لە پێناوی ئازادیدا بمرێت وهەمووهەولێکی بۆئازادییەوئازادی لەخوێنیداهاتووچۆدەکات، لەقسەی کۆتایشدانووسیاری(نالەی چیا، پەنایەك



بۆتاشەکان)تاکوئەندازەیەکی فرەقوول و فرەلایەن لەسەرنەواری یادەوریەکاندائەمرۆی شەقامی کوردی نەخشاندووەوبەهەردوو کیانەوەوێنەودەلالەتەکانی جوانبینی وحەقبێژی نیشان داوە، ئەوەی شیاوی گوتن بێت، گوتوویەتی لەنێونووسیندا، بۆیەنووسەرێکی ترپەردەلەسەرکۆمەلێك ئیشکالیەتی ئەمرۆی کوردستان هەڵدەداتەوە و تێکهەڵکێشی دوێنێی تەمەنی بەبابردووی خۆی دەکات، ئەوتەمەنە پرسەروەرییەی ئەمرۆی هێنایەبوون وئەمرۆش دوێنێی لەیادکردووە، نووسیارگەرانەوەی بۆمێژوو، بۆبن گابەردەکان وکانیاووشوێنپێی یادەوەرییەکانی رۆژانی بەرخودانی وشۆرش وپێشمەرگایەتی ، وەهالەکەسی خوێنەردەکات، نەمامێکی تری کوردایەتی لەنێوباخچەی کوردبوونیدا بچێنێت و زیاترکوردستان وخاك وئاووهەواکەیت خۆشتربوێت، وەلێ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەهەلوەستەی زیاتری گەرەکە.چۆن نووسەربەوپەری پریەوە ورووژاوەوبەرهەمێکی بەپێزودەربرینێکی قوولی لەنێونووسیندا، پێشکەشی خوێنەرکردووە، بۆیەدەبێت خوێنەرهۆشیارانەوبەوردی بیخوێنێتەوەوبەقوولی بەبێ وەرەزبوون بەشەقامەکانیدا، پیاسەیبکات.

<u>پەراوێزوسەرچاوە:</u>

*نالەی چیا، پەنایەك بۆتاشەکان(سەلام عومەر)دەق، چاپی یەکەم -٢٠٠٨-چابخانەی هێڤی- هەولێر.



ڕابەر فاریق

# ئەوانەی کە دەنووسن کێن؟

نووسەران هەموویان دەنووسن. دەشێت ئەم ڕستەیە دەروازەیەکی باش بێت، بۆ چوونە نێو باسێك کە ڕەهەندگەلی بێ شوماری لێ دەبێتەوە و کۆمەڵێك باسی جوداواز، ڕەنگە دژبە یەکیش لە خۆ بگرێت. نووسین ئاسانە، بەڵام ئەو پاڵنەر و کۆمەك و بیرکردنەوە، یان هەر شتێکی دیکەیەی کە هەیە، ئاسان نییە دۆزینەوەی. من دەنووسم، بەڵام دەبێ ئاگادار بم چی دەنووسم، چونکە نووسین مومارەسەکردنی شتێکی لاوەکی و ساکار نییە، بەڵکوو شۆڕبوونەوەیە بەنێو



ڕەهەندەکانی بەرپرسیاری و ئاوڕدانەوەیە لە گەلێك شتی جێماو و دەست لێ نەدراو و کەبتکراو، پرۆسەیەکە تێکەڵ بە ئاگایی و نائاگایی، بۆیە ئەمە دەڵێم، چونکە نووسەر لە سەروەختی نووسیندا هەم بیردەکاتەوە و قووڵدەبێتەوە لەو شتانەی کە خەریکیانە، هەم لە دنیا و دەورووبەر و ئەو شوێنەی لێیەوە دانیشتووە، ئەو ژوورەی لێیەتی، ئەو قاڵبیەی پێ، یان ڕانەکانی پاراستوون لە گەرما و شێ و ساردیی" دادەبڕێت. نووسین ئەگەر دەرهاوێشتەی خەمێکی خودیی، دەست لێ نەدانی پەراوێکراوەکان و نزیکتربوونەوە نەبێت لە بوونی تاکەکەس و قسە لەسەرکردنی، مومکین نییە وەکوو نووسین تەماشای بکەین، تەنانەت خۆشی وەکوو نووسین خۆی مانیفێست ناکات، بەڵکوو دەشێت وەك پێکەوەلکاندنی وشەکەلی نائاشنا بە یەکتر و بێزارکار بخوێنرێتەوە، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە بەرپرسیاری و قووڵ ڕۆچوونە نێو لایەنەکانی بێ خەبەرییەکی گەورەیە بەرانبەر بەم پرۆسەیە. ئێمە نووسەرگەلێکمان هەن شتە سادەکان بە شێوەیەکی ناتەواو ئاڵۆز دەکەن و ڕێگە لە خوێنەر دەگۆڕن، بە مەبەستی بەرەو بەرزایی بردن، بەڵام ئەنجامەکانیان بە بێ ویستی ئەوان و خوێنەری وشیار و دەروێش، پێچەوانە دەبێتەوە. نووسەرگەلێکمان هەن ناتوانین لە دوای خوێندنەوەی هەر دەق، کتێبێکیان، چێژ وەربگرین و لە گۆڕینی ڕەهەندێکی هزرمان نزیکتر بکەوینەوە، گۆمی مەنگی ڕوانینەکانمان بشڵەقێت، وردترمان بکەنەوە لە شتە بچووك و پەراوێزکراوەکان. ئەوانە دەگمەنن کە بەرپرسیارێتیی نووسینیان هەڵگرتووە. بەشی زۆری نووسەرانی کورد تەنها لەبەر ئەوە دەنووسن تا دانەبڕێن لە کاروانێك کە لێوان لێوە لە

ویرانیی، چونکە هەمیشە ئەوانەی لە پاڵ کاروانەکان ڕێ دەکەن، یان ئەوانەی لەگەڵیانن، بیر لە تەنها شتێك نەکەنەوە، جوایەزییە، هەر وەختێکیش نووسەر تووشی ئەم پەتایە هات و (ویستی جوایەزیـ)ـی لە کن کاڵبووەوە (ویستی بیرکردنەوە) و (ویستی ئازادیـ)ـش لە کنی کاڵ دەبنەوە. نووسەرگەلێکی ترمان هەن، بۆیە دەنووسن، چونکە لە نێوەندە وەهمییەکەدا شوێنێکیان بۆ داگیر کراوە، لە لایەن خوێنەری خودئاگاوە نا، بەڵکوو لە لایەن هاوڕێیان و پیرچییان و خۆیانەوە، ئەم تەرزە وەکوو ئەوانیدی نین، بەڵکوو لەوانەن کە ڕەگی (نووسەر)ێتییان قووڵتر لە زەوییدا ڕۆبردووە، چونکە (ناو)ن، ناوەکانیش لەهەر شتێك دابڕێن، لە خۆنواندن و سینگ دەرپەڕاندن بە شێوەیەکی (ئیدیۆلـ)ـیی، کۆکردنەوەی کۆمەڵێك (ڕەشەخوێنەر) و وابەستەبوو بە ڕەمز، یان ڕەهەندێك و خودی نووسەر، نەك نووسینەکانی، وابەستەی هیچی دی نین، بۆیە لە سەروەختی گوتوبێژ، وەرامدانەوەی پرسیار، نووسین، یان هەر شتێکی تر، پێش هەرشتێك بڕیاری ئەوەیان داوە وەعز بدەن، وەکوو پیاوە ئایینییەکان، بەڵام بە شێوەیەکی جوایەز. پیاوە ئایینییەکان بە (دەنگی بەرز) و هوتافکێشان، لە هەوڵی دەستەمۆکردنی مرۆڤدان، بەڵام هەرچی نووسەرانن، جووڵاندنەوەی دەست لە سەروەختی قسەکردندا، نووسینی وشەی قەبە لە سەروەختی نووسیندا، باسکردنی ئەو کەسانەی لە بارەیانەوە نووسیویانە، لاواندنەوەی ڕابردوو و پیرۆزاندی، ستاییشکردنی ئەو گەنجانەی تروسکاییی گەورەیان تێدا بەدی دەکرێ" لەو شتە لاوەکییانە بترازێت، توانای شتێکی ئەوتۆیان نییە، تا



ئێمە پەلکێش بکەن بۆ لەسەر وەستانیانی. جۆرێك لە نووسەرانی دیکەی نوخبەمان هەن، لە دوورەوە تەماشای هەر دیاردەیەك دەکەن، تەماشای هەر گرووپێك دەکەن و سەرچاوەکانی نووسینیان بەڵگەنەویستتر دەبێت، ئەو جۆرانە خەمی هەرە گەورەیان دەلالەتکردنە لە ئینسانێك، کە لە نێو دەروونیاندا هەمیشە گینگڵ دەدات، داناسەکنێت و کۆی کۆمەڵگەکەی خۆی و دەوروبەریشی قووت کردووەتەوە لە خەمە وجودییەکانی و بە شێوەیەکی ئاکتیڤ و بیرلێکراوە، بیر دەکاتەوە و دەزانێت خەریکی خەمهەڵگرتنی چییە، هاوکات بۆ چی، تەنها تروسکاییەکیش لەم نێوەند و دۆخە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەی ئێستەدا بەدی بکرێت، ئەوانەن، بۆیە لەو پێم وایە هەرکاتێك ئەوان بە دەنگ هاتن، جووڵانەوە ڕێگەمان بۆ وازی دەکات، کە بەم ڕەهەندەش ئاشنا بووین، لە هەوڵی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە لە شتەکان و ئافراندن و جوایەزیی نزیك دەبینەوە و فەزاگەلێك دەبنەوە، بۆئەوەی تاك وەك کەسی خودئاگا و جودا لە مێگەل و کەڵەگاکان، خەریکی پرۆسەی بە گۆهێنانی زمانێك بێت، کە بە ویستی دەستکردەوە گەمارۆ نەدراوە.

# داریوش:

## من زۆر خەڵکی کوردم خۆشدەوێ و ڕێزیان لێ دەگرم



سازدانی: چیمەن شەریف



یاوەری ڕێگەم بە....

ئەو هەرجارەی جوانتر خۆی دەنوێنێ جا چ لە ڕێگەی کارە هونەریەکانی یاخود چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان کە ئێستا گرنگی زۆرتر پێدەدا، ئەوەتا لە ژێر دروشمی گەڕان بەدوای کۆمەڵگایەکی تەندروست. داریوش ڕێکەوتی ۲۰۰۸/۹/۲۹ هاتە لەندەن بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە سیمینارێکی پێنج کاتژمێریی بۆ وریا کردنەوەی گەنجانی هەندەران و دژوەستان لە ڕووی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دووچاری هاتون کە گرنگترینیان بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان، منداڵانی بێسەرپەرشت،تەلاق و خۆکوشتنن.

خوگرتن یا ئالوودەبون بە مادە بێهۆشکەرەکان لە جگەرە و کهول دەستپێدەکات و بە کۆکایین، هیرۆیین و ئەسید تێپەردەبێ و بە داخەوەش بە کۆمەڵێك گرفتی ئاڵۆزی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆتایی پێدێ .

سەرپەرشتی کردنی کەسایەتیەکی وەکو داریوشی نازەنین لەو کامپەینەدا کاریگەری زۆری هەبوو و گوڕوتینێکی بنیاتنەرانەی دا ئاڵوودەبووان بۆ کۆششکردن بۆ پێشگرتن لەو دەردە کوشەندەیە، ئەو زۆر ڕاستگۆیانە دان بە ناشیرنیەکانی مادەی بێهۆشکەر دادەنێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ژیانی خۆی داوەتە دەستی .

بە هاوکاری لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکانی سایکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی و پۆلیسیەوە داریوش شەش ساڵ زیاترە ڕێکخراوی "ئاینە"ی دامەزراندوە بە مەبەستی کۆمەککردنی هاونیشتیمانیان و عاشقانی خۆی لە سەرتاسەری جیهان بۆ بەرانگژبوونەوەی گرفتە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکان.

پاش دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە داریوش وەك کەسێکی خەمخۆری چالاك پشتگیری خۆی بە هەردوو لایەنی مادیی و مەعنەویی بەردەوام نوێ دەکاتەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی سەدان سیمینارو کۆڕ و کۆبوونەوە لە سەرتاسەری جیهان هەر بۆنمونە دەستکەوتی دواهەمین سیدی کە بە ناوی (راهی) بوو، بۆ ئەو مەبەستە بەخشی کە ئەو پێی وابوو دەستکەوتی زیاتری دەبوو ئەگەر گرفتی کۆپیکردن نەبا!! گۆرانی راهی وەك هەمیشە یەکێکە لە جوانترین گۆرانییەکان و هەڵگری پەیامێکی بەرزm.. ئەوەتا میلادی کوڕی دەدوێنێ و دەڵێ :

در تب و تاب رفتنم به فکر راهی شدنم
تو ای همیشه همسفر مرا شناختی تو اگر

نفس اگر امان نداد روی خوشی نشان نداد
رفت و دوباره برنگشت مرا دوباری جان نداد

دست و زبان من توباش نامه رسان من تو باش..
بگو حکایت مرا قیٔه هجرت مرا..

تو جان من باش و بگو...
به یاد من باش و بگو میلاد من باش و بگو

بگوکه میل من کسی به پای عشق سر نداد
از آن سوی آبی آب خبر نشد خبر نداد

دوای تەواوبوونی سیمینارەکە لەناو ریزی سەدان کەس کە چاوەڕێی وەرگرتنی واژۆکەیان دەکرد خۆشبەختانە توانیم لە نزیکەوە بیبینم و وەڵامی ئەو چەند پرسیارەی لیٚ وەرگرم:

**⋆ رێکخراوی (ئاینە) دەتوانێت چ خزمەتێك بکات؟**

- ئەو رێکخراوە پێکهاتووە لە چەند کەسایەتیەك،کە هەر یەکێکییان پسپۆرن لە بواری جیاوازدا و هەریەکێکییان دەتوانن کاریگەری خۆیان دابنێن لەسەر بیرو تێگەیشتنی تاکەکان لە کۆمەڵ. دووبارەبوونەوەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە گرنگی



خۆی هەیە،بۆیە ئێمە چەند بچینە ناو خەڵك و پەیامەکەمان ئاشکرا بکەین ئەوەندە هۆشیاری لای خەڵك دروست دەبیٚ و لە ئەنجامدا تاك بە ئاسانی دەستەمۆ ناکرێت. لەوانە د. حوسێن لاجوردی، د.دانش فروغی، د.ئیرەج شەمسیان هەروەها فەرماندەی پۆلیسی رۆژئاوای لەندەن عەلی دیزایی و کەسایەتی تر لە وڵاتە جیاجیاکاندا کە سوپاسیان دەکەم.

**⋆ هونەرمەند دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆرێت؟ چۆن؟**

- من بەشێکم لە خانەوادەی هونەری ئێرانی، کۆمەڵ هەمیشە تەماشای هونەرمەندان دەکا بۆیە سروشتیە کە هونەرمەندان هەمیشە لە ریزی پێشەوەبن لەبەر ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێت بەوەی دەبیٚ ئەوان دەستپێشخەر بن لە دەرخستنی کەموکورِییەکان دەبیٚ خۆشەویستی و یارمەتی ببەخشنە نەوەی نویٚ کە بڕوام وایە هەریەکێك لە ئێمە دەبیٚ لەوە بگات کە تەنیا لێپرسراو نییە لە بەرامبەر ژیانی خۆی بەڵکو دەبیٚ هەست بە لێپرسینەوە بکات لەبەرامبەر کۆمەڵ جا ئەو کۆمەڵە لەناوەوە بێت یا پەڕاگەندەی دەرەوە، تاك نابیٚ چاوەڕێی ئەوە بکات کەسێك بێت و پێی بڵیٚ وا بکە و وا مەکە چاکسازی لەوێوە دەستپێدەکات کە هەرکەسێك دەردی خۆی بزانیٚ چییە و هەوڵی پێشگرتن و چارەسەرکردنی بدات. مامۆستا با بیر کاتەوە چۆن چاکسازی بکات، دکتۆر لە بواری خۆیدا، خوێندکار و کرێکار هەر کەسێك لە بواری خۆیدا ئێمە دەبیٚ بەرەنگاری ئەو ژیانە ببینەوە کە ناتوانین پێشبینی بکەین !

**⋆ تۆ کەسێکی بە ئومێدی یا نا؟ ئەگەر ئا لە کوێوە سەرچاوە دەگریٚ؟**

- بلێم چی؟ نامەویٚ نائومێد بم!

دەبیٚ بەردەوام هزر دروست کەین، هزری جوان، هەستی جوان.. تا بتوانین عاشق بین تا بتوانین خۆشبویسترێین بەو شێوەیە دەتوانین بیٚ ئومێد نەبین، بزانە بێدینبوون، بیٚبەزەیی و درۆکردن چۆن بەسەرماندا رژایە.... بۆیە وەك برێخت دەڵیٚ: با نەعلەت لەدرەختی گۆج نەکەین با رەگە ناهەموارەکان لە ڕیشەوە دەربهێنین و زەمینی ناهەموار خۆش بکەین.. دەزانم ئەوە کارێکی زۆر گرانە بەڵام دەبیٚ کۆشش بکەین.

لە سیمینارەکەدا باسی لە خاڵێکی زۆر گرنگ کرد ئەویش مەسەلەی ئامار بوو ئەو



دەیگوت:

ئەگەر بمانەوێ لە ڕەوتی جیهانگەراییی بەدوا نەکەوین ئەوا دەبێ زۆر گرنگی بە ئامار بدەین چونکە ئەگەر بە ئامار قسەت کرد ئەوا کەس ناتوانێت بۆچوونەکانت رەتبکاتەوە. بەمە دەتوانیت مافی خۆت بپارێزیت. ئەو سەردەمە تێپەڕی کە بە هەڕەمەیی و بێ بەڵگە داوای ماف بکەیت بۆیە دەبێ فێر بین چۆن بە ئامار کارەکانمان لێکدەینەوە.

هیچ لەو کچانەی کۆڵانەکەمان زەوقیان بە داریوش نەدەهات ئەوان خولیای (راغب و تاتلیساس) بوون کە بۆمن مایەی سەرلەقاندن بوو! ئەوەیان بە چاو دادەدامەوە کە داریوش کابرایەکی دەرماخۆرە هەمیشە لێیان دەپرسیم بۆ ئەوەندە گوێی لێدەگری؟ بەڕاستی بە دزییەوە ئەو پرسیارەی ئەوانم لە خۆشم دەکرد! زۆریش عەودالی وەڵامێکی روون بووم بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ دابێ نە ئەو کچانەی برادەرم لە سەرسامیی من گەیشتن بۆ ئەو هونەرمەندە و نە منیش گەیشتمە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە چون من هەمیشە پێم وایە کە کەسایەتی هەر هونەرکارێك دەبێ و پێویستە لە هونەرەکەی جوانتر و بەرزتر بێت چونکە تەنیا ئەو کاتە مرۆ دەبێتە



هونەرمەند کاتێك لەناو هەر هەموو هەڵسوکەوتە مرۆییەکانی مرۆڤبوون دەتوێتەوە بە واتای ئەوەی مرۆڤ یەکەمجار دەبێ مرۆڤ بێت ئینجا بۆی هەیە دەست بۆ کاری هونەری ببات!! بە پێچەوانەی ئەو رایەی کە دەڵێ کەسایەتی گرنگ نییە، گرنگ ئاستی هونەرەکەیەتی!! بەڵام نازانم بۆچی نەمتوانیوە ئەو بۆچوونەی خۆم لە کەسایەتی داریوش ببینمەوە مەبەستم ئەوەیە کە هەرگیز نەمتوانیوە بڵێم لەبەرئەوەی داریوش کەسێکی ئالوودەیە کەواتە نابێ گوێی لێبگرم بە پێچەوانەوە هەمیشە هەستم کردوە ئەو کەسێکی جیاوازە لەوانیدی بۆیە تا ئێستاش بە کەسێکی ناوازەی دادەنێم بەڵگەشم وەڵامی ئەو پرسیارەی خوارەوەیە:

**★ دانپێدانان و بڕیاردان دوو کاری زۆر زەحمەتن چۆن توانیت خۆت لەو ڕێیانە بدەی؟**

- کۆشام لەگەڵ خۆم راست بم چیدی درۆ لەگەڵ خۆم نەکەم، دانم بە شکستی خۆم هێنا، لەژێر پەردەی لەخۆباییبوونی درۆزنانە خۆم نەشاردەوە ئینجا توانیم ئەو بڕیارە بدەم بۆیە ئەو کاتەی کە ڕازیبووم دان بەوە دابنێم کە شکستم هێنا لە بەرامبەر مادە بێهۆشکەرەکان زانیم کە ئیدی ڕێگەیەکی ترم لەپێش نییە، ئالوودەبوون ژیانی منی کۆنترۆڵ کردبوو.. من دەمزانی ئاستەمە بەڵام گرنگ ئەوەبوو من سووربووم لەسەر ئەوەی بڕیارێك بدەم کە چارەنووسی منی لەدەست بوو.

یا دەڵێ: هەڵسوکەوتە باشە مرۆییەکان کە لە سەردەمی ئالوودەییم لە دەستم دابوو کۆششمکرد بەدەستیان بهێنمەوە.. باشە چۆن دەکرێ بڵێین ئەو مرۆڤە کەسێکی جیاواز نییە؟ چۆن دەتوانی ڕێز لەو جەربەزەییە نەگری؟ ئەدی ئەوە نییە شتە ناحەزەکان لە ژیانی خۆی دەربەدەردەکا و مانایەکی جوان بە بەر ژیان دەکا!؟ جاران ئەو دروشمی خەبات و شۆڕش بوو لە دژی دەسەڵاتی زەبروزەنگ لەدەرەوەی خود ئێستاش خەریکی شۆڕشێکە لە دژی خود.. خودێکی نابووت و نەخۆش کە کاریگەری زۆر کوشەندەترە لە توندو تیژی دەسەڵات.

وەك دوا قسەشی سڵاوی خۆی ئاراستەی خەڵکی کورد کردو گوتی: ( من زۆر ئەوانم خۆش دەوێ و ڕێزیان دەگرم).

# د. هیمداد حوسێن:

## بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی و هونەریی کوردی، تا ئێستەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی جدی ئاشنای ڕەخنەی ئەدەبیی بووبێت



**گوتوبێژی: دڵخواز فەیزوڵڵا**



**لەم گوتوبێژەی خوارەوەدا (د. هیمداد حوسێن) وەرامی پرسیارگەلێکی ئێمەی داوەتەوە، لە بارەی سەرەتای ئەزموونی نووسینی خۆی، هاوکاتیش تێکەڵبوونی بە نووسەران و دۆخی ساڵانی هەشتاکان و ژیان و ڕەوتی ئەدەبی کوردیی لە کوردستان، بە تایبەتیش لە هەولێر. بێجگە لەمانەیش، لە کۆمەڵێك پرس دواوە، کە پێوەندییان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و گۆڕانکاریی لە ڕەهەندگەلێکی ئەدەبیی ئەوسا و ئێستەوە هەیە، بە تایبەت ساڵانی هەشتاکان و دروستبوونی گرووپی تەڵیعییەکان و پرسگەلێکی تر، کە تێکەڵ دەبنەوە لەگەڵ ئەو باسانەی لە سەرەوە تیشکمان خستووەتە سەریان.**

**★ با سەرەتا لەوێوە دەست پێ بکەین؛ چۆن بە خوێندنەوە و نووسین ئاشنا بوویت؟**

- ئەوەم لەبیرە کە پۆلی ١ یان ٢ی قۆناغی ناوەندیی بووم، دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کرد، بە هۆی ئەوەش کە من لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و گەڕەکێکی داخراوتری ئەو کۆمەڵگەیە، واتا (کوران)، قۆناغی منداڵێتیی خۆمم تێپەڕاندووە، ئەو وەختە، کە ساڵانی ٧٥ و ٧٦ بوو، خۆڕسکانە حەزێکم بۆ دروست بوو، ئەویش خوێندنەوە و گوێگرتن لە ڕادیۆ و کۆمەڵێك شتی دیکە بوو، تەنانەت بە هۆی ئەوەی لە وەها کاتێکدا دەمخوێندەوە، هەندێك لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم نامەی دڵدارییان پێ دەنووسیم، لەبەرئەوەی پێیان وابوو شێوازێکی تایبەت و جوان و سەرنجکێشم هەیە بۆ نووسین، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیشم بۆ ئەمە، ئەوە بوو کە پەخشاننامەم دەنووسی. لەبیرمە ئەو کاتە، ئەو قوتابییانەی لەگەڵ من دا دەیانخوێند، لە قوتابخانەی ناوەندیی (١٤ی تەمموز)، کە لە گەڕەکی (زانیاری)ی شاری هەولێر بوو، بە یەکەوە کۆدەبووینەوە و دادەنیشتین و شەڕەشیعرمان دەکرد، بۆئەوەی بزانین کێ زۆرترین شیعری ئەزبەر کردووە، ئەو شیعرانەیش کە زۆر دەمانخوێندنەوە، پتر لەوەی شیعری تازە بن، هی قۆناغەکانی کلاسیك بوون، بۆ نموونە: شیعرەکانی نالی و مەحوی و کوردی و

تاهیر بەگی جاف و هەندێك شاعیری دیکە. لە سەروەختی منداڵیم دا، ئەو پارەیەی ڕۆژانە دایکم یان باوکم دەیانداميّ، لە بری ئەوی بەو شتانەی بدەم کە هاوتەمەنەکانم دەیانکری، کۆم دەکردەوە، کە زۆریش دەبوو، کتێبیم پێ دەکڕی، ئەویش لە ژێر قەڵات، کە ئەوکات مامۆستا گیوی موکریانی چاپخانەی هەبوو، ئێستەیش شوێنەکەی ماوە، کە پەیکەرێکی ئەوی تێدا دروست کراوە. ئەو شوێنە چاپخانەی (کوردستان) بوو، خاوەنی چاپخانە و کتێبفرۆشییەکەش مام گیو بوو. لە بەردەمی دوکانەکەیدا جامخانەیەکی بچووکی دانابوو، ئەویش بۆ فرۆشتنی کتێبی شاعیرانی کلاسیك، ژوورەوەشی کردبووە چاپخانە. لەوێوە ئاشنای کتێبکڕین و خوێندنەوە بووم، ئەگەرچی کتێبەکان قەبارەیان زۆر بچووك بوو، واتە لە ٥٠ تا ٦٠ لاپەڕە تێ نەدەپەڕین، بەڵام زانیاریشیان تێدا هەبوو بۆ منێکی گەنج، کە تازە حەزم چووبووە سەر خوێندنەوە. لە وەها کاتێکدا گەورەترین خەونم ئەوە بوو زۆرترین شیعر ئەزبەر بکەم، ڕەنگە ئەمانە سەرەتایەکی زۆر سادە و ساکار بووبن، بەڵام دواتر کە چووم بۆ قۆناغی دواناوەندیی، دوو هاوڕێیم دۆزینەوە، کە سەر بە حیزبی (دێمۆکراتیی ئێران) بوون، ئەو دوو کەسانە، وەکوو پەناهەندە کەوتبوونە هەولێر و لە قوتابخانەی دواناوەندیی (ئامادەییی هەولێر) دەمانخوێند. بە هۆی ئەوانەوە، زۆر جار حەزم دەکرد وشە و زاراوەگەلی موکریانی و فارسیی فێر بم، ئەوانیش هانیان دەدام زمانی فارسیی فێر بم، ئەوە بوو دواتر کە هاتمە کۆلێژ، لە بەشی کوردیی ئاداب، کە ئەم کۆلێژەیش لە ساڵی ١٩٨١، لە سلێمانییەوە گوازرابووەوە هەولێر، منیش

**نووسین و هونەر پێویستیان بە جوولەیە، هەرکاتێک لە جوولە کەوتن، دەبێت گومان لە ڕێکیی ڕەوتی ئەو کولتوورە بکەین، کە لێیانەوە بەرهەم دەهێنرێن**



وەك هەر کەسێك دەستم بە خوێندن کرد، ئیدی لەوکاتەوە پتر کتێبم دەخوێندەوە، دواتریش حەزێکی گەورە لە دەروونم دا دروست بوو، کە بتوانم لە کۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا نووسین بڵاو بکەمەوە. ئەوسا کە مامۆستا کامەران موکری منی زۆر خۆش دەویست، گەلێك جار بە دەم پیاسەوە گفتوگۆمان دەکرد، ئەمەش کۆمەکی گەورە بوو بۆ من، بە تایبەت لەو کاتەدا، کە قەڵەمگەلێکی وەها نەبوون بە زمانی کوردیی بنووسن. یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی خۆم، لە ساڵی ١٩٨٣، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کردەوە، نێونیشانی بابەتەکەشم (چەند وشە و زاراوەیەکی ناوچەی دەشتی هەولێر) بوو، ئەمەش بوو بە هاوکارم، تا حەزی گەورەترم هەبێت، ئەوە بوو دواتر لە کۆواری (کاروان)، کە لە ساڵی ١٩٨٢دا دامەزرا و مامۆستا حوسێن عارف لەوێ بوو، ئێمەی گەنجی هان دەدا بنووسین. قسەکانی مامۆستا حوسێن عارف وایان لێکردم نووسراوەکانم بۆ کۆواری (کاروان) بنێرم، ئەوە بوو چەند چیرۆکێکم نارد و بڵاو بوونەوە، دواتریش لە ساڵی ١٩٨٥دا یەکەم کتێبی خۆم بە چاپ گەیاند، کە کۆمەڵە چیرۆکی (کللك بڕاوەکان)ی عەزیز نەسین بوو و لە فارسییەوە کردبووم بە کوردی. ئیدی لەوساوە تا ئێستە بەردەوامم، کە توانیومە ٢٢ کتێب بخەمە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.

**★ لەو سەروەختەدا کەماڵتان لە گەڕەکی (کوران) بوو، هاوتەمەنەکان و هاوڕێکانت کێ بوون، بە تایبەت ئەوانەی دەیانخوێندەوە، یان دەیاننووسی و وەکوو سەرەتای دەست پێ کردنت کاریگەرییان بە سەر گەشەکردنی فیکر و مایفەتەوە هەبووبێت؟**

- ئەوکات و ئێستەیش گەڕەکی (کوران) گەڕەکێکی میللی و هەژارنشین بووە. ئەوکات سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی نەبوو، کە ئێمەی گەنج تێیدا کۆ ببینەوە و یەکتر بناسین و گفتوگۆ بکەین و کاریگەرییمان بە سەر یەکترییەوە هەبێ. من و چەند هاوڕێیەکم، کە ئەوسا قوتابی بووین، دەچووینە دارستانێك، کە پێیان دەگوت (دارستانی ئەلبان)، لەوێشدا زۆرترین کات خەریکی خوێندن بووین، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە کێبڕکێ لە نێوانمان دا هەبوو، بەڵام لە خوێندنی قوتابخانەدا، کە

هەردەم دەبووە هۆی ئەوەی یەکێك نمرەکانی لەویدی پتر بن. لەبەر ئەم هۆکارانە، ئێمە کاتی گفتوگۆی ئەدەبیمان نەبوو، بەڵام کۆمەڵێك نووسەری زۆر باش لەوێدا دەژیان، کە یەکێکیان تا ئێستەش بەردەوامە، ئەویش مامۆستا (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە و تایبەتمەندی و پلەی خۆی هەیە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا. دارا محەمەد عەلی، وەکوو هونەرمەندێکی شێوەکار، کە زیاتر واقیع لە نێو بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، یەکێك بوو لەو کەسانەی لە (کوران) دەژیا. بێجگە لەویش د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە کوران بوو، کە ئێستە دکتۆرای وەرگرتووە، هاوکاتیش عەبدولڕەحمان مەعرووف و سەرکەوت ڕەسووڵ، کە ئێستە سەرکەوت یەکێکە لە شاعیرە گەنجە دیارەکان. لە ساڵانی هەستاکان، کە ئەوکات شێرزاد حەسەن کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تەنیایی) و (گوڵی ڕەش)ی بڵاو کردەوە، هاوکاتیش کاك مەولوود ٢ نامیلکەی بڵاو کردەوە، بە تایبەت یەکێکیان کە نێونیشانی (وریا بن خەوتان لێ نەکەوێت) بوو و تایبەت بوو بە دنیای منداڵان.

**⋆ تۆ وەکوو گەنجێك پێوەندیت هەبوو لەگەڵ شێرزاد حەسەن، یان نووسەرێکی تردا؟**

- هیچ جۆرە پێوەندییەکمان نەبوو، چونکە شێرزاد حەسەن تەمەنی لە من گەورەتر بوو، دواتریش بە یەکەوە نەمانخوێندووە، واتا ئەو لە هەولێر نەبوو، کە بوو بە خاوەن هاوسەریش، چوو بۆ سلێمانی، بەڵام لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە دەمناسی، هاوکاتیش دەمزانی خەڵقی هەولێرە و لە کوران ژیاوە.

**⋆ کاتێك دەستت بە نووسین کرد (مەبەستم سەرەتایە)، تا چەند لەگەڵ هاوڕێکانت دادەنیشتیت و لە بارەی نووسراوەکانتەوە گفتوگۆتان دەکرد؟**

- ئەوکاتە وەها نەبوو، مەبەستم ئەوەیە کە شوێنێك نەبوو تێیدا کۆ ببینەوە وەکوو گرووپ. ئەوکاتە ڕۆژنامە و کۆواریش کەم بوون، تەنها لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا لاپەڕەیەك هەبوو، ئەو لاپەڕەیەش تەرخانکرابوو بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر، بۆیە دەتوانم بڵێم تەنها لاپەڕەیەك ناتوانێت گفتوگۆی گەورە گەورە دروست بکات. ئەوکاتە (پاشکۆی عێراق)یش هەبوو، کە حەوتانە بڵاو دەبووەوە، جاری وا هەبوو دەبوو بە



دووحەفتە و تەنانەت مانگێکیش، ئەمەش بە هۆی ئەمەوە بوو کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە گۆڕێ بوو و بارودۆخەکە باش نەبوو. وەك من بزانم، بیرم نایێت لەو سەردەمەی گەڕەکی کوراندا گفتوگۆی وەها کرابێت، کە تۆ باسی لێوە دەکەیت، بەڵام زۆرجار هەندێك لە هاوڕێکانم، کە زۆربەیان خوێنەر و نووسەر نەبوون، جار جار تەماشای ڕۆژنامەی (هاوکاری) و کۆواری (بەیان)یان دەکرد، لە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانم لەم دوو بڵاو کراوانەدا، دەستخۆشییان لێ دەکردم و پتر هانیان دەدام، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بووبێتە هۆکاری ئەوەی ڕەخنەی ڕووبەڕوو دوروست ببێت و نووسراوەکان لە دوای چاپبوونیان، هەڵبووەشێنرێنەوە و ببنە جێگەی هەڵوێستەگەلی جیددی، لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، کاتێك کتێبی وەرگێڕدراوی (کلك براوەکان)ی (عەزیز نەسین)م بە چاپ گەیاند، خوێنەر و نووسەرەکان سەررەیان بۆ دەگرت، بە تایبەت لە کتێبخانەی (هەژار)، کە خاوەنی کتێبخانەکە بۆی چاپ کردم. لەو سەردەمەدا بەشداری نەکردن لە بەرەکانی جەنگ، لە دژی ئێران، خەڵکانێك هەبوون پێیان دەگوترا (جاش)، زۆرکەس وەهای دەزانی مەبەست لە (کلك براوەکان) ئەوانن، ئەمەش بوو بووە هۆکاری پڕفرۆشیی کتێبەکە. بیرمان نەچێت، ئەوکاتە تەنها شوێنێك هەبووبێ بۆ کۆبوونەوە و قسەکردن و هەڵسەنگاندنی کتێب و نووسراوەکانمان، (قاوەخانەی مەچکۆ) بوو. ئەگەر لە مێژوو و کولتووری وڵاتە ئەورووپییەکاندا ساڵۆناتی گەورە گەورەی ئەدەبیی هەبووە، یان ماڵی هەندێك لە نووسەرە گەورەکانی

ڕەخنە، ڕاڤەکردنی بیر و شتە ئاڵۆزەکان و وردکردنەوەیانە بۆ خوێنەر. ئەمڕۆ لە لای ئێمە وای لێهاتووە زۆربەی میتۆدەکانی ڕەخنە تێکەڵ بە یەکتریی ببن، بە بێ ئەوەی ئەوانەی بەکاریان دەهێنن، ئاگاداری ئەم حاڵەتە بن

وەك (مەدام دیستایل) هەبووە لە فڕەنسا و بووەتە هۆی لە دایك بوونی چەندین ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی وەکوو سوریالیزم و دادایزم، دەتوانم بڵێم لە هەولێریشدا شوێنێکی وەها هەبووە، کە مەچکۆیە. بەشی هەرە زۆری ئەو نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانانەی ئێستە لە نێوەندەکەدا بەرچاون، هەموویان پێگەییشتووی قاوەخانەی مەچکۆن. مەحموود زامدار دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕۆشنبیر کردنی ئەو نەوەیەی لە هەشتاکان، لە هەولێردا سەریان هەڵدا. ئەو مشتومڕانەی لە بارەی تەڵیعییەکانەوە هاتە ئارا، مەحموود زامدار هۆکارێکی سەرەکی بوو، ئەمەش بووە هۆکاری پتر ناساندنی ئەم گرووپە ئەدەبییە.

**★ ئەو کەسانەی کە تۆ لەگەڵیان دادەنیشتی و گوتوبێژتان دەکرد لە (قاوەخانەی مەچکۆ)، کێ بوون؟**

- بڕوا ناکەم ناوی هەموویانم بیر بکەوێتەوە، بەڵام عەباس عەبدوڵڵا یووسف، ئەنوەر مەسیفی، کەریم دەشتی، هاشم سەڕاج، دڵشاد عەبدوڵڵا، نەژاد عەزیز سوورمێ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەباح ڕەنجدەر، حەمەساڵح فەرهادی و گەلێك کەسی دیکەش دەهاتنە مەچکۆ و لەگەڵیان دانیشتووم و گوتوبێژمان کردووە لە بارەی ئەدەب و هونەر و ڕەخنە و گەلێك کایەی جیاوازی دیکەدا. هەرچەندە هەندێك لەو نووسەرانە تەمەنیان لە من گەورەتر بوو، بەڵام ڕوحیان گەنجانە بوو، وەکوو گەنج بیریان دەکردەوە و لە دیاردە و کێشە و هەموو ڕەهەندەکانی ئەدەب و هونەریان دەڕوانی. ئەوکات، ئەگەر کۆڕی ئەدەبیی هەبووایە، لە هەر هۆڵ و سەنتەر و شوێنێك، تەنانەت لە (یەکیەتیی نووسەران)یش، کارتی داوەتکردنەکانیان بۆ ئێمە دەهێنایە مەچکۆ. ئەوکات گوتارێکم نووسی لە (پاشکۆی عێراق) و سەلاح شوان وەرامی نووسینەکەمی دایەوە، منیش وەرامی نووسینەکەیم دایەوە، دواتر دیسان وەرامی دامەوە و ئەمەش بووە جێگەی مشتومڕ، ڕەنگە هەندێك جار وشەی نەشیاویش کەوتبێتە وەرامەکانمانەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیمان ڕوونتر کردنەوەی مەبەستەکانمان بوو.

**★ باست لەوە کرد کە لە ڕێگەی نووسینەوە تۆ و سەلاح شوان ڕەخنەتان لە**



**یەکتریی گرتووە. لەوکاتەوە تا ئێستە، دوو تێرم هەن کە باون لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریی کوردی دا، ئەوانیش (ڕەخنەی ڕووخێنەر) و (ڕەخنەی بنیاتنەر)ن. بۆ ئەوکات و ئێستەش ئەم دەستەواژانە، تا چەند شیاو و بەجێن بۆ قسەلێکردن و بەکارهێنانیان وەکوو دوو چەمك، یان دوو زاراوەی بەجێ؟**

- بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی و هونەریی کوردی، تا ئێستەش کە من و تۆ بە یەکەوە دانیشتووین و خەریکی گوتوبێژین، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی جیددی ئاشنای ڕەخنەی ئەدەبیی بووبێت. ڕەنگە هەوڵگەلێکی تاکوتەرا هەبن، کە مەیلیان هەبووبێت و هەبێت، بۆ پتر تێگەییشتن لەم چەمکانە، بەڵام ئەمانە مایەی شادمانیی نین، چونکە ڕەخنە هێندە فراوانە، کە کولتووری ڕەخنەیی بە کەسێك و دوان دروست نابێت و بەرهەم هێنراوەکانی هەر کولتوورێکی هەر میللەتێکیش، بە بێ ڕەخنە تێ بپەڕێت، ئەم بەرهەمانە وەکوو زیندەوەری بێ بایەخ دەبن، چونکە ناجووڵێن. نووسین و هونەر پێویستیان بە جووڵەیە، هەرکاتێك لە جووڵە کەوتن، دەبێت گومان لە ڕێکیی ڕەوتی ئەو کولتوورە بکەین، کە لێیانەوە بەرهەم دەهێنرێن. لە سەدەی هەژدەمەوە، لە فڕەنسا، پڕۆژەیەك هەبووە بە ناوی (ئینسکلۆپیدیا)، بۆ فرەزانیاریی ئەوروپا و فڕەنسا بە تایبەتی، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا ماریفە لە بارەی هەموو بوارەکانی ژیانەوە پەیدا بکەن و نیمچە ڕۆشنبیرییەك لە هەموو کۆمەڵگەکەدا بەردەوام هەبێت. ئێمەش ئێستە لە کوردستاندا پێویستمان بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی بەرفراوانی وەها هەیە، کە ببێتە هۆکاری پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاشناتربوونی ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانمان، بە هەر کایەیەك، کە ئیشی تێدا دەکەن، یان لە بارەیەوە دەنووسن و دەخوێننەوە. ڕەخنە، ڕاڤەکردنی بیر و شتە ئاڵۆزەکان و وردکردنەوەیانە بۆ خوێنەر. ئەمڕۆ لە لای ئێمە وای لێهاتووە زۆربەی میتۆدەکانی ڕەخنە تێکەڵ بە یەکتریی بن، بە بێ ئەوەی ئەوانەی بەکاریان دەهێنن، ئاگاداری ئەم حاڵەتە بن. بە کورتی، ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر، ئەو دوو چەمکانەن کە لە بنچینەدا بە سەقەتیی دانراون، لەبەرئەوەی ئەمە کاری ڕەخنە

نییە، ڕەخنە نووسراوەكان شرۆڤە دەكات. ڕەخنەی ڕووخێنەر یانی چی؟ ئەگەر ڕەخنە ڕووخێنەر بێت، یانی هەر ڕەخنە نییە، بەڵكوو شتێكی دیكەیە. زۆر جار لە ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبیدا باس لە دەستەواژەی (ڕەخنەی بڕیاردەر) دەكرێت، كە كەسانێك پێش ئەوەی نووسین و شتەكان بخوێننەوە، بڕیار لە سەر باش و خراپیی دەدەن، ئەم بڕیارانەیش میزاجین، یانی ئەمانە ئیشی ڕەخنە نین، هەربۆیە دەبینین بە زووترین كات لە نێو دەچن و هیچ سوودێك لە دوای خۆیانەوە بەجێ ناهێڵن. زۆرجار لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا، ڕەخنە بووەتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، ئەمەیش بەڕوونی دیارە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و كۆوارەكاندا، كە گەلێك كەس ویستوویانە و دەیانەوێ لایەنە خراپەكانی نووسین و دیاردەكان بهێننە پێشچاوی خوێنەر، لایەنە جوانەكانیش بشارنەوە. هەرچی ڕەخنە و تیرم و چەمكی دنیا هەن، ناتوانن كەمترین جوانیی دەقێك، نەك كتێب، بۆ هەمیشە بشارنەوە. نموونەی ئەو نووسراوانەمان زۆرە، كە لە سەردەمی خۆیانەوە نەناسراون، بۆ نموونە ڕۆمانەكانی (فیۆدۆر دۆستۆیڤسكی)، كە تا مابوو، نەخوێنرانەوە، ناسرانیشی ئەوكاتە بوو كە فرۆید هات ڕەهەندە دەروونییەكانی خۆی لە سەر ڕۆمانەكانی بنیاتنا و بە وردیی ڕۆمانەكانی ئەم نووسەرەی خوێندەوە. داهێنەر گەلێك زۆرن، كە پەڕاگەندە بوونە لە سەردەمی خۆیان و دواتر زانراوە وەها كەسانێك دەستی باڵایان هەبووە لە پێش خستنی جوانییەكان و پەڕاندنەوەی كولتوور، لە قۆناعە داخراوەكانەوە بەرەو قۆناغی مۆدێرن و كرانەوە.

**داهێنەر گەلێك زۆرن، كە پەڕاگەندە بوونە لە سەردەمی خۆیان و دواتر زانراوە وەها كەسانێك دەستی باڵایان هەبووە لە پێش خستنی جوانییەكان و پەڕاندنەوەی كولتوور، لە قۆناعە داخراوەكانەوە بەرەو قۆناغی مۆدێرن و كرانەوە**



**★ بەڵام من باسم لە ڕەخنە كرد، واتە (ڕەخنەی بنیاتنەر)، كە وەك ستاییش خۆی ناساندووە و (ڕەخنەی ڕووخێنەر)یش ئەو ڕەخەیەیە كە ڕوانینی تایبەتی تێدایە، یانی قسەكردنە لە سەر نووسراوەكان، بە شێوەی ئەكادیمیك و لە ڕوانگەی زاتیی، لە هەمان كاتیشدا جنێو و بەرپرسیار نەبوون بەرانبەر بەو ڕستانەی دەنووسرێن. من حەزدەكەم بە وردی باس لەمانە بكەیت. ئایا بەكارهێنانی ڕەخنە بە وەها شێوەیەك، تا چەند دروستە؟**

- پێشتر گوتم كە هەر كەسێك لە چەمكی ڕەخنە تێ بگات، بەو شێوەیەی كە هەیە، ئەوە دەزانێت كە هەموو دەقێك، لە هەموو شوێنێكدا، هەڵگری دوو لایەنە، ئەوانیش پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن. ئەركی سەرەكیی ڕەخنە ئەوەیە كە دێت لایەنە ئێستێتیكییەكانی ئەو دەقە دەناسێنێت، كە ئیشی لە سەر دەكات، لە سەر مەنهەجێكی دیاریكراو. ئێمە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی كوردیدا، گەلێك جار ڕەخنە دەبینین، بەڵام ئەو ڕەخنانە ڕوئیایان لە پشتەوە نییە، بەرنامەی زانستیی كۆمەكی نووسەرەكانیان ناكات. بۆ نموونە، كاتێك تۆ ڕەخنە لە هەر نووسراوێك دەگریت، دەبێ لەوە ئاگادار بیت ئەم ڕەخنەیە لە سەر بنچینەی (ڕەخنەی دەروونی)، یان (ڕەخنەی بنیاتگەری) و لێكدانەوەی كۆدەكانی زمانە، یان (ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەری)، یان (ڕەخنەی دەقئاوێزانی)، یان هەر یەكێكی دیكەیە. تۆ وەكوو ڕەخنەگر، هەركاتێك ئەمانەت نەزانی، ئەوا ڕەخنەگر نیت، ئەمەش بەو مانایەیە كە دەبێت ڕێبازێكی دیاریكراوت هەبێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەكانی هەر شتێك/ دەقێك، كە بە نیازیت لە بارەیەوە بنووسیت. ئەوەی من باسی دەكەم، ڕێنوێنیی ڕەخنەگر دەكات، بۆئەوەی ئەو شتانەی دەیەوێت بە شێوەیەكی دروست و ئارگیومێنتیی دەربڕێت، ئارگیومێنتیان لە پشتەوە بێت.

**★ باست لەوە كرد كە دۆستۆیڤسكی نەناسرا، بەڵام كاتێك فرۆید هات و خوێندنەوە دەروونییەكانی لە سەر ڕۆمانەكانی نووسی، ناسرا. لێرەدا ئەگەر ئێمە بێینە سەر ئەدەبی كوردیی، هەست بەوە دەكەین كە بە درێژایی مێژووی ئەدەبیی كورد، كەسانێك هەبوون و هەن، پێیان وایە دوای مردنیان دەناسرێن،**

**یان بەم شێوەیە لە لایەن دەوروبەریانەوە باس لە کار و نووسراوەکانیان کراوە. تۆ ئەم حاڵەتە لە نێو ئەدەبی کوردیدا چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- خوێندنەوە لە سەردەمی نووسەر و نووسراوەکاندا، تا ئێستە قورس بووە، بەڵام لێرەدا هاوکێشەیەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نووسراوێکی ڕچەشکێن و داهێنراوانە، دژایەتیی دەکرێت و کەسانێکی زۆر دروست دەبن بۆ لە نێو بردنی لایەنە ئێستێتیکییەکانی. یاسایەکی سادە، بەڵام قبووڵنەکراو هەیە لە ژیاندا، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە کارە تازەکان جێگە بە کارە کۆنەکان لەق دەکەن، ئەگەر بێتو هەر خوێنەر و نووسەرێك ئەمە قبووڵ نەکات، پێم وانییە بتوانێت نیوەی ئەو نووسراوە جوانانەش بە جوان بزانێت، کە دەیانخوێنێتەوە، یان لە دوای لێ ڕامانیان باسیان لێوە بکات. ئەگەر سەرنج لە ئەدەبیاتی کوردیی بدەین، گۆران و شێخ نووری شێخ سالح، هەوڵیان داوە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، شێواز و ڕیتمی جیاوازتر لە ئەزموونەکانی پێشتر لە خۆیان، بێننە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئەو نووسەرانەش، هەست بەوە دەکەین کە بەرەورووی کۆمەڵێك کێشە و ململانێ و گرفتاریی بوونەتەوە. بۆ نموونە، بە درێژاییی هەزار ساڵ، شیعری کوردیی بەوە ڕاهاتبوو کە دەبێت کێشی شیعرەکانی وەکوو میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی، لە سەر کێش، یان بەعرەکانی عەرووز بێت، یان ئەوەتا دەبێت قافیەی یەکگرتوو هەبێت، یان کۆمەڵێك قاڵبی تایبەت و ئامادەکراوی وەکوو غەزەل و قەسیدە و بەیت و... تاد، کە شاعیران نەیانتوانیوە لێیان لابدەن، زۆرێك لەو شاعیرانەی قاڵبە کلاسیکییەکانیان پێڕەو کردووە، بە شێوەیەك لە شێوەکان حەزیان بەوە کردووە ئەم پێوەندە لە لاق و دەستی شیعر بکەنەوە، بەڵام ڕەوتەکە بووەتە بەربەست، هەڵبەتە (حاجی قادری کۆیی) لە شوێنێکدا ئاماژەی بۆ ئەم حاڵەتە کردووە، یان نالی، کە لە سەردەمی خۆیدا سەرەتایەکی ڕەخنەییی جوانی دامەزراندووە، لە نێو شیعرەکانیدا و بەراوردکردنی خۆی، بە ئەزموونگەلی وڵاتانی دراوسێ. نالی دەڵێت:



**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من لە نازکی**
**کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**

ئەمەیش سەرەتایەکی ڕەخنەییی جوانە لە شیعری کوردی دا، کە ئەوکات دژایەتیی کراوە و نەخوێنراوەتەوە، بەڵام گرنگییەکە لێرەوەیە کە نووسەرەکە هەستی بەوە کردووە توانای چەندە، خەیاڵی چەند قووڵە و چەند بە جوانیی باس لە کێشە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و ڕاڤەیان دەکات. پێش ساڵی ١٩٨٦، پرسیارم لە مامۆستا کامەران موکری کرد، گوتم: لەبەر چی وازت لە نووسینی شیعر هێناوە؟ لە وەرامدا گوتی: ناتوانم لەوە جوانتر بنووسم، کە پێشتر نووسیومە، بۆ ئەوەی جوانییەکانیشم ڕەهەندێکی ناشیرین وەرنەگرن، ئیدی نانووسم. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەست دەکەم ئێستە تایبەتمەندیی خۆم هەیە و لەسەر لووتکەیەکم، ئەگەر بەردەوامبم تایبەتمەندییەکانم کاڵ دەبنەوە و لووتکەکەش بە هێمنیی دەڕمێت. لە بارەی شیعری سەربەستیش پرسیارم لە کامەران موکری کردووە، ئەو دەیگوت: تا ساڵانی پەنجاکانیش خوێنەر و نووسەرانی کورد گاڵتەیان بە شیعری سەربەست دەکرد و هەزم نەکراوە. بەڵام دواتر، کاتێك ئەو گەنجانە دەرکەوتن، گوێیان بە ڕوانگە باوەکە نەدا" بۆ نموونە، گۆران لە پێشەکیی کۆمەڵە شیعری (بەهەشتی یادگارا)دا دەڵێت: "ئەوە بۆ هەمیشە وازم لە عەرووزی عەرەبیی هێنا، ئیدی پێم وایە دەبێ شیعر بەو زمانە بنووسرێت، کە مرۆڤێکی سادەی گوندێك، پێی دەدوێت، لە بری "کەرەب ئارا" و "بەزم ئارا" و "خاڵی هیند" و "میسك و عەنبەر" و.. بە کار بهێنرێت". تۆ کە شیعرێکی گۆران دەخوێنیتەوە، بۆ نموونە:

**بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە**
**لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە**
**پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر**
**چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر...**

**یان پیرەمێرد، کە دەڵێت:**

**لە خەو هەڵسام بەیانی بوو، کە ڕوانیم بەفرێ باریوە**

**سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوی پۆشیوە**

تەماشا دەکەیت هێندە سادە و قووڵ و ناسکە، بە زمانێکی کوردیی نێو کۆمەڵ نووسراوە و تینوویەتیی خوێنەریش دەشکێنێت، بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیەی کە شیعری کلاسیکی کوردیی گرتبوویە بەر. مەبەستم لەم نموونانە ئەوەیە، کە کێشەکان تەواو نابن، تەنانەت لە ئێستە و پێشووتری ئەدەبیاتی کوردی دا، هەمان حاڵەت هەبووە و هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دی. لە نێوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا، کاتێك ئەنوەر مەسیفی و هاشم سەڕاج و سەباح ڕەنجدەر و محەمەد باوەکر دەرکەوتن، هەر یەکێکیان بە زمانی جیاوازەوە هاتن، واتە جیاوازبوون لەو زمانەی لە ساڵانی شەست و حەفتاکان لە نووسیندا پێڕەو دەکران، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە لە هەندێك کات و حاڵەتدا گاڵتە بەو شێوازە نووسینەی ئەوان بکرێت و نووسراوەکانیان بە ساختە و ناتەواو لە قەڵەم بدرێن، لە لایەن کەسگەلێکی زۆرەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون. ئێستە، کە نزیکەی دوای تێ پەڕینی پازدە ساڵێك دەبێ، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە شاعیر هەن، کە دەیانەوێت لاساییان بکەنەوە. زمانی شیعری کوردیی حەفتاکان بەرانبەر زمانی ئەو چەند شاعیرەی بە نموونە هێنامنەوە، زمانێکی زۆر ساکارە، دەبینین هەر ئەوەش بووەتە پاڵنەری ئەم چەند داهێنەرانە، کە بە شێوەکی دابڕاو لە ڕەوتەکە، دەربکەون و ئەزموونەکانیان بخەنە بەرچاوی خوێنەرانەوە.

**★ ئەدی لە دوای ئەزموونی ئەو ناوانەی ئاماژەت بۆ کردن، ئەزموونی دیکەمان هەیە لە شیعری کوردیدا، کە تەقینەوەی تایبەتیان کردبێت لە نێو زماندا، هەروەها جێگەی مشتومڕ بن؟**

- بێگومان هەن... عەبدولقەهاری شێخ، یەکێك بوو لەو کەسانەی شیعری جوانی دەنووسی، بەڵام ئێستە وازی لە نووسین هێناوە، ئەم شاعیرە گەنجە، گەلێك جار سەرسامیی خۆی دەردەبڕی بەرانبەر بە ئەزموونی ئەو شاعیرانەی لە وەرامی پرسیارەکەی سەرەوەدا ئاماژەم بۆ کردوون. بێجگە لە عەبدولقەهاری شێخ، گەنجگەلێکی دیکەش هەبوون و هەن، کە بەردەوام بە شێوەی جوان نووسیویانە و



دەنووسن، بە تایبەت ڕێدار سابیر و سەرکەوت ڕەسووڵ. لە دوای ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر و عەباس عەبدوڵڵا یووسف و ئەوانی دیکەوە، ئەو سێ گەنجانەی باسم لە شیعریان کرد، دەتوانم ئەوە بڵێم کە هەر یەکێکیان توانییان بە شێوەیەکی دیکە دەربکەون لە نێو ئەدەبیاتی کوردی دا. هەڵبەتە من گومانم لەوە نییە کە بێجگە لەمانە گەنجانی دیکەش هەن، بەڵام نامەوێت لە ناوهێناندا هەندێکیان لەبیر بکەم، ئەگینا دەشێت ئەزموونی جیاوازتریش دەرکەوتبن لە نەخشەی شیعری کوردیدا، بە تایبەت لە دوای ڕاپەڕین، کە کەسانێکی زۆر کاری وەرگێڕان دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکای پتر ڕۆشنبیر بوونی گەنجەکان.

**★ بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ڕێدار سابیر و سەرکەوت ڕەسووڵ، پتر لەوەی وەکوو شاعیر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، پێویستە وەکوو تێکستنووس سەرنج لەو نووسراوانەیان بدەین، کە بڵاویان کردووەتەوە. هەڵبەتە من لەوەش ئاگادارم کە سەرکەوت دوو کتێبی چاپ کردوون لە ساڵانی ڕابردوودا، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوان هێندە سەرکەوتوو نین، کە وەك دوو ئەزموونی باش سەرنجیان بدرێت. بە نیسبەت عەبدولقەهاری شێخیشەوە، چەند دەقێکیم خوێندووەتەوە و گومانیشم لەوەدا نییە تایبەتمەندێتیی خۆی هەبووە، ئەگەرچی بەردەوامیش نەبوو. تا ئاستێك نووسینی ئەو چەند گەنجەت بە درێژکردنەوەی ئەزموونی**

**یاسایەکی سادە، بەڵام قبووڵنەکراو هەیە لە ژیاندا، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە کارە تازەکان جێگە بە کارە کۆنەکان لەق دەکەن، ئەگەر بێتوو هەر خوێنەر و نووسەرێك ئەمە قبووڵ نەکات، پێم وانییە بتوانێت نیوەی ئەو نووسراوە جوانانەش بە جوان بزانێت، کە دەیانخوێنێتەوە**

**هاشم سەڕاج و عەباس عەبدوڵڵا یووسف و ئەنوەر مەسیفی شوبهاند، بەڵام وەها نین، لەبەرئەوەی لە تەکنیك و نووسین و فۆڕم و ڕوانینیشیان، ئەم دوو کۆمەڵە کەسانەی باست لێوە کردن، لە یەکتریی ناچن. ئەم تێکەڵکرنە چۆن بوو؟**

- تۆ ڕاست دەکەیت، منیش ئەوە دەزانم، کە سەرکەوت و ڕێدار بە گشتی شیعری لیریك و ڕۆمانسیی دەنووسن، واتە بۆ گۆرانی، بەڵام بە تایبەت سەرکەوت، شیعری دیکەشی زۆرە، کە ناچنە نێو ئەم قاڵبەوە، بۆ نموونە، ئەو دوو دیوانەی لە ساڵانی ڕابردوودا بە چاپی گەیاندن" (فاتە شێت)، قەسیدەیەکی درێژە، هەربۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کە تەنها شیعری ڕۆمانسیی نەنووسیوە. سەرکەوت وەرامەشیعری بۆ شیعرێکی (کەژاڵ ئەحمەد) نووسیوە، ئەو شیعرەی لە لایەن منەوە زۆر جوان بوو.

**٭ شتێکی دیکە هەیە، کە حەزدەکەم تیشکی بخەمە سەر، ئەویش ئەوەیە سەرکەوت لە (فاتە شێت)دا گەلێك جار درێژدادڕیی کردووە، بەڵام بۆ نموونە ئێمە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی شیعریی ئەنوەر مەسیفی و هاشم سەڕاج و عەباس عەبدوڵڵا یووسف، دەبینین ئەمانە حورمەتی وشە دەگرن. من نامەوێت زۆر ناوی چەند کەسێك دووبارە بهێنین، ئەمەیش بۆ ئەوەیە تا وەك ڕقەبەرایەتیی تەماشای قسەکانمان نەکرێ، بەڵام لە شیعری ئەو ناوانەی بە نموونەی جوانووس باست کردن، دەتوانین کۆپلە دەربهێنین و چ کێشەیەکیش لە کۆڕێ دا نەبێت، لە کاتێکدا شیعری ئافرێنراو بە زیادکردن و فرتاندنی وشەیەك، هەڵدەوەشێتەوە. هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- وەك چۆن هەموو پەنجەکانی دەست و لاق وەکوو یەکتر نین، پێم وایە هەموو نووسراوەکانی هەموو نووسەرێکیش باش نین. بۆ نموونە، کاتێك تەماشای دیوانی (نزار قەببانی)ی شاعیری عەرەب دەکەین، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە هەموو شیعرەکانی لە یەك ئاستدا نین. نموونەیەکی شیعری (گۆران) هەیە، **حەزدەکەم لێرەدا بیهێنمەوە، کە دەڵێت:**



**هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**
**لێکدانەوەی دەروون، قسەی زوبانم**
**بۆچی وەها دوورن لە یەك، نازانم**

ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە شاعیر پێی وایە هەرگیز ئەو شتەی نەگوتووە لە شیعرەکانیدا، کە پێویستە بگوترێن، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەو مانایەی کە شاعیر پێی وایە ئەوەندە ئێستێتیکا لە دەروونیدا کۆ بووەتەوە، توانای بەسەریدا ناشکێت، تا بیگوازێتەوە نێو خەیاڵی، دواتریش بۆ سەر کاغەز و بەردەم خوێنەر. زانا خەلیل، کە یەکێکی دیکەیە لە شاعیرە گەنجەکان، ئەم گەنجە، پتر لەوانەی لە سەرەوە باسم کردن، توانیویەتی سوود لە ئەزموونی هەشتاکان و شیعری جیهانیی وەربگرێت، بە تایبەت لە زمان و فۆڕمی شیعری هاشم سەڕاج" گرنگیی ئەزموونی ئەم گەنجەش لەوەدایە کە تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، بە تایبەت لە زمان و وشەسازیدا. لە بارەی ئەوەش کە بتوانین کۆپلە لە شیعر لابەرین لە نێو شیعری سەرکەوت و ڕێدار، تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە دەکرێ ئەمە بۆچوونی تایبەت بە خۆت بێت.



نیهاد جامی

# پەخشانێك بۆ عەشق

من لە مردن گەڕامەوە ئەو کاتەی شکست بەکۆڵمەوە بوو، ئەوینێکی دوو هەفتەیی هەموو ژیانی وێران کردم، دەبوو بەدوای بستە خاکێکیتر نەگەڕێم جگە لەمەرگ، نازانم بەر لەوەی بیر لەو شارە بکەمەوە بۆچی بیرم لەگۆڕ نەکردەوە، ئایا ترسنۆکیەکانی من بەسە بۆ مانەوە؟ ئەوە پرسیارێکە کاتێ ئەو وشانە دەنووسم ئاراستەی خۆمیان دەکەم، هەرچۆنێك بێت من وازم لەو بەردەی سیزیف هێنا کە بەکۆڵمەوە بوو، ئیدیی شکستەکانم لەوێ بەجێ هێشت ویستم دەست پێبکەمەوە بە ژیانێك تەواو جیاواز بێت لەوەی تیای ژیام، من لەدەرگاوە ژنم کردە دەرەوە ئەو عەیارانە لەپەنجەرەوە خۆی کردە ژووریێ، لێرە زۆر کەسم بینی بەلاّم هیچ لەوان نەیتوانی لەناخەوە سەرنجم ڕابکێشێت، کاتێ بۆ یەکەمجار نیگام چوونە سەر بالاّ بەرزێك ویستم لێرەوە لەگەڵ ئەو دەست بەخەونەکان بکەمەوە، دوور لە ئەزموونی عەشق و ماڵ، بەلاّم چاوەکان حیکایەتی سەیریان دەگێڕایەوە، مێژووی ئازار وبرین



دیوارێکیان دروست دەکرد، تا درۆکانی عەرافێك کەسێکیتری خستە ناو ئەو گەمەی ژیانەو شتەکان چۆن دەستیان پێکردبوو خراپتر خۆیان دووبارە کردەوە لەناو دیوارەکانی ماڵێك کە ئێستا هەمووان بەماڵی من ناوی دەبەن، ماڵێك بەدیوار وتاقەکانی نامۆم بە شووشەی پەنجەرەکانی ئاشنا نابم بە جەستەی ژنێك نانووسێم، ئێستا هەست دەکەم ژن ودیوار وپەنجەرە هەمووان قوربانین، قوربانی دەستی شکستەکانمن، دەنگە بێدەنگیەکەی دیوارەکان ڕاستی بۆچووە کە من پێویستم بەو نەبووە.. ئازار ئەچێژم کاتێ ناتوانم وەك خەڵکی بژیم، بەتاییەت ئەو بالاّ بەرزە قات ڕەشەی لەیەکەم دیدار بینیم دواتر توانیم لەنزیکیەوە یەکتری بناسین، سەرسامی یەکەم دیدار بەرەو ئەفسانەیەکی کۆن پەلکێشم دەکات، وای کرد بەقووڵی بیر لەزۆر شت بکەمەوە، دەزانم نە ئەو دەبێ بە خۆشەویستم نەمن دەمەوێ ئەو بخەمە ناو مەراقەکانی خەم، قەت ئارەزوو ناکەم ئەو بەدیار ئازار وتلانەوەی برینەکانم تەمەنی خۆی پیر بکات، چێژێکی سەیر لەوە دەبینم کە ئەو هەر بەو جوانیە ئەفسانەییەی بمێنێتەوە وقەت پیر نەبێت، لەوانەیە ئەو من بە کوری خۆی تێبگات، بەلاّم ئەو بۆ من لە بەگژداچوونەوەی قەدەرێکی ئیلاهی دەچێت، دەشێ لە هەر ژنێکدا بەدوای وێنەی دایکم گەڕابم، ویستوومە میهرەبانی دایکم لەو بدۆزمەوە، بەلاّم تۆ چەند ساڵ و مانگ لەمن گەورەتر بیت ناتوانم بەدوای ئەو وێنەیەت بگەڕێم، تۆ لای من ئەو وێنەیەی کە بیست ساڵ بەر لەئێستا بەدوای دەگەڕام ونەمدەدۆزیەوە وامزانی قەت بەو وێنەیە ناگەم، ئیدی کە پێی گەیشتووم گرنگ نیە تۆ بۆمن بیت گرنگ کاتێ ڕۆح ئازار ئەچێژێت بۆ دڵنیابوون لە بوون هەست بە نزیکیت بکەم، بێئەوەی تۆ هیچ بڵێیت جگە لەچەند ووشەیەکی ئاسایی کە مانای بەردەوامیم پێ دەبەخشێت، بۆچی خودا لەسەر وێنەی خۆی مرۆڤەکانی دروست دەکاو مرۆڤەکان بەو ڕاستیە نازانن، باوەڕ دەکەم کە هیچ کەسێك لەئێمە نەیتوانیبێت بەدوای وێنە وون بووەکەی خۆی بگەڕێت چونکە سەلیقەی گەڕان وپشکنینی تیا نەبووە هەمووان لەناو ئارەزووە غەریزەییەکانەوە سەیری داهاتوویان کردووە، داهاتوو بۆ ئەوان جگە لە ئەزموونی ماڵ هیچ مانایەکی تری نەبووە، قەت خەون بە زیندانەکانی ماڵ نابینم.. ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە تۆ کە باڵندەیەکی هێندە

مەزن بیت بە سەربەستی و جوانی لەناو قەفەزەکانی ماڵ خەون بە زیندانی کردنت ببینم، بەڵکو خەون بە ئازادی خۆمەوە دەبینم کە بتوانم قەفەزە ئاسنین و زنجیرکراوەکانی ماڵ بشکێنم و بۆ ئەبەد ئازادانە بفڕم، فڕینی من بەندە بە بێدەسەڵاتی و بێگوناهی کەسانێکترەوە، بەڵام سەرەنجام دەبێت ئەوانی تر فەرامۆش بکەم بۆ ئەوەی دیوار نەمکوژێت، کاتێ بەوێنەی خودا لەناوەوەی خۆم دەتشوبهێنم.. ئەوە قسەیەکی هەرزەکارەکان نیە کە بەکچێکی هاوتەمەنی خۆیانی دەڵێن، من خودا بە خۆشەویستی ئەبینم.. خۆشەویستی خودایە خودا ڕووناکیە.. خودا پێویستی بە قوربانیە.. ئەوانەش لەتۆ ئەبینم بۆیە دەڵێم خودای، دەشێ خودا بەتەنیا بریتی نەبێت لەو مەزنەی کە لەخەیاڵی ئاین پەروەرەکانە، خودا دەشێ چەند چەمك و بنەمایەك بێت و لەناو هەموومان بوونی هەبێت، جوانیەکەشی لەوەیە ئەو خودایەی ئێمە لەناخمانە لەخودای ئەوانی تر نەچێت، گوناهەکانم تەنیا لەتۆبە کردن لای ئەو خودایە چارەسەر دەبێت، کاتێ باس لەحیکایەتی تەنیایی و ئەوساتانەی لەناو حەشاماتێکم و هەست دەکەم ویقاری باڵا بەرزیەکەت وای کردووە لەهەموویان مەزنترو جوانتر دەربکەوی، لە ئەمیرەیەك دەچیت کە عەرشەکەت ئیغتیساب کرا بێت، چاوەڕوانی پاشایەکی بتکاتەوە بە ئەمیرەی کۆشك، بەڵام کوا منی ئۆدیبی ترسنۆك توانای ئەوەم هەیە ئەمیرەیت پێ ببەخشمەوە تا خەمە سیحراویەکانی ڕووخسارت بۆ ئەبەد بگۆڕیت، ئەی ئەمیرەی خەم نەگبەتی یەکێکمانە کەمن ئاوا کەوتوومەتە بەردەم کتێبی حیکایەتەکانی تۆ، دەشێ ئەوەیان لەچارەنووسی مندا گەورەترین گریانت پێ ببەخشێت، بەووشەی گریان دۆش دادەمێنم، ڕۆژانێکی سەیرم بیر دێتەوە ساڵانێکی زۆرم ویست تا فێرم بە بێدەنگی بگریم، هەر بە بێدەنگیش بێ ئەوەی جەستەم لەشوێنی خۆی بجولێت سەفەر بکەم بۆ کێشوەرە دوورەکان بۆ مەملەکەتی ڕەنگ و سێبەر مەملەکەتێك کە لێرە دەست ناکەوێت، سەرەنجام من فەزایەکم لەم شارە دۆزیەوە ئەویش بوونی تۆیە بەبێ ئەوەی تۆ هەست بە بوونی من و هەستەکانم بکەیت، ئەگەر ڕۆژێك منت بۆ ئاشکرا بوو لۆمەم مەکە کە نەمتوانیووە لەهەموو ئەو



شتانە ئاگادارت بکەمەوە تەنیا ویستوومە نەتخەمە ناو دنیای بێهودەیی خۆم، دەنا لەلام ئەگەر موقەددەسێك بوونی هەبێت دڵنیابە تۆی، بەلام شتەکان بێمانان بیرتە یەکەمجار کە لەنزیکەوە یەکتریمان بینی، وادەزانم ئێستا بوو بەیانیەکی زوو بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت بەیەکەوە دانیشتین ئەوە جوانترین ساتی تەمەنم و کورترین بەیانی دنیا بوو، ئێستاش کەبیر لەو بەیانیە دەکەمەوە هەموو بەیانیەکانم بەهۆی ئەو بەیانیەوە خۆش دەوێت یا دواین ئێوارە کە بەمن بێت بەر لەوەی ئەو شەقامانە بەجێ بێلم بۆ چرکەیەکیش بێت بتبینم، دیارە ئەوە یەکەم نامە و دوانامەم نابێت بۆ تۆ بەهیوام ئەو ڕۆژەی لەژیان نەماوم ئەوسا هەموو نامەکانم بەیەکەوە بخوێنیەوەو بزانی تۆ چۆن بۆ ژیانی من بووی بە ڕووناکی بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی کە تۆ مرۆڤێکی چەند گەورەو مەزنی، تیشکی خۆرێك بووی هاتیە درزی دیواریکی شەق بووی ژێر زەمینە تاریکەکانی رۆحی من. ئەگەرچی حەزناکەم لەم جەنگەڵە بمرم، بەوە نیە ڕۆژانە هەست ئەکەم دەشکێم و وورد ئەبم، هەر ڕۆژەی پارچەیەکم لێ ئەبێتەوە وکەس شکان وداڕووخانم نابینێ، حەزم ئەکرد مردنم ڕێکەوتی کەنار دەریایەکی بکردایە، تا ئاو لەگەڵ خۆی بیبردبام، تەرمەکەم ماسی بەدەوری بایە، ئەوسا تۆ دەبوویتە ماسیەکی بە پوولەگی ڕەنگاو ڕەنگی قەشەنگ لەناو هەموو ماسیەکان درەوشانەوەت دەردەکەوت، نەتدەهێشت ماسیەکانیتر بمکەن بە خۆراکی خۆیان، ئەو دەمە تۆ لە ڕۆزی فلمی تایتانیك دەچووی، لەم دەریایە تەنیا خۆت وماسی دەمانەوە، کە لەمن بێئومێد دەبووی بەر لەوەی بۆنە ساردەکەم دەریا هەراسان بکات ماسیەکانی تر دەیانخواردم، تەنیا ئێسقانەکانم دەمایەوە، تۆ بەدیاریەوە دادەنیشتی، لەناو هەردوو (دارشەقەکەی کاردۆ) (١) نامە لوول کراوەکانم ئەدۆزرانەوە، ئەوساتە تۆ وەك بێوەژنە سەرنجڕاکێشەکەی فلمی زۆربا بەگوناهی من بەرد باران دەکرێی، ئەوانەی بەرد بارانت دەکەن هەر ئەوانەن گەر بیانزانیایە گومانیان لەو عەشقەی من دەکرد، دەیانکردمە حیکایەتی گاڵتەکانیان، بە بەدڕەوشت ناویان دەبردم، بەدڕەوشتێك دەیەوێ غەریزەکانی تێر بکات، کێ دەزانێ غەریزەکانی من لەناو گریان و هەنسکی شەوان و نووسین و کتێب و شانۆ سەرکوتکراوەتەوە، ئەوان نایانەوێ لەوە بگەن کە من گوناهەکانی

خۆم لە خاچیان داوم نەك تۆ، چۆن عیسای لە خاچ دراو دوای مەرگ لەناو مردووەکان هەڵسایەوە وچووە ئاسمان.. ئاوا تەرمەکەم لەدەریا بەرز دەبێتەوە، دێم دەستەکانت ئەگرم، ئەوە یەکەمجارە من دەستی تۆ بگرم، لەو حەشاماتە دوورت دەخەمەوە، دەبینە دوو ماسی و تا ئەبەد لە دەریا مەلە دەکەین.

ماسیەکانی تر ناومان دەنێن ڕۆمیۆ وجۆلێت، من هەمیشە ئەوەیان بۆ ڕوون دەکەمەوە کە گوناهبارێکی وەکو من ڕۆمیۆ نیە، دەشێ هاملێتێکی گوناهبار بم بە شێتی یا ئۆتێللۆیەکی گەمژە، بەڵام لەگەڵ ماسیەکان هاوڕام کە تۆ جۆلێتی ڕاستەقینەی، هەر نەبێ تۆ جۆلێتی سەدەی ئاوی.. سەدەی ماسیەکان.

بەیانیەك چی ماسی هەیە دەمرن وسەر ئاو دەکەون، تەنیا من وتۆ ماوین دەورمان لەماسی مردوو نغرۆیە، سەرمان لەئاوەکە دەبەینە دەرەوە.. دەریا بە تەواوی یەك پارچە ماسی مردووە بۆقەکان دەیانەوێ ماسیە مردووەکان بکەونە کەنار دەریا تا دەمیانی تێنێن، قیڕەی بۆقەکان گوێچکەی ماسیە مردووەکان دەتەقێنن، خوێن بە بالآیان دێتە خوارەوە، من وتۆ چاوەڕوانی مردنی خۆمان دەکەین، دار شەقەکانی نامەکانی منیان تیا بوو سەر ئاو کەوتوون و بۆقەکان لەو ڕێگەیەوە بەسەر دارشەقەکانەوە خۆیان دەگەیەننە ماسیە مردووەکان، لەمردنی کاردۆ دڵنیا دەبینەوە، بۆقەکان دەریا پڕ دەکەن لە قەوزەی سەوز، ڕەنگی قەوزەکان دەمکوژن، دەنگی بۆقەکان پەردەی گوێیەکانم دەتەقێنن، خوێن بە گوێ و لاملم دێتە خوارەوە، تۆ پرسە بۆ هەموومان دادەنێی، کراسە پوولەگیەکەت لەڕەنگی ڕەش دەنێی، بۆتۆ دەبێ بە عاشورا.. من و ماسیەکانت لەبەیانیەکدا دەمرین وسەر ئاو دەکەوین، کەشتیەك دێت فریات دەکەوێ کاپتنەکەی پەپوولەیەکی مێرد منداڵە، ئالآی جوانی هەڵکردووە، تۆ سەر کەشتی دەکەوی، چی پەپوولەی دنیا هەیە دەورت دەدەن، بەرەو قوولآیی دەریا دەتبەن، ئیدی تۆ تاکە ماسی ئەم دەریایەی، خوا ئاسمان داگیر دەکا تۆش دەریا.

سەرەتای هەست کردن بەتەمەن.. بیرکردنەوە لەوەی عەشق تێپەڕینە لەژیانی منالّی بۆ تەمەنی پەپوولە نەك گەورەیی، ئەوەش لەوە لەلام سەرچاوەی گرتبوو



کاتێ دەسبەرداری یاری کۆلآن دەبین و پێمان دەڵێن گەورە بوون، ئەو تەمەنە خۆ ئامادەکردنە بۆ تەمەنی پەپوولەیی وەك چۆن بۆ کەسانێك ئامادەبوونە بۆ کارەکتەری جەللاد، بۆ من زوو دەمویست گەورە بم بەهۆی ئەوەی منالێکی ترسنۆکی کۆلآن بووم، دەمویست گەورەبم تا چیدی منالەکان ئازارم نەدەن و چی پارەی لە گیرفانمە لێمی نەسەنن، بەهۆی ئەوەی لەو ڕۆژگارە لەگەڕەکەکەی ئێمە یەك خوێندنگای ناوەندی هەبوو بۆیە تێکەڵآو بوو ئەوە وای کرد زوو بیر لە عەشق بکەمەوە، سەرەتای ئەو بیرکردنەوەیەش هاوکات بوو لەگەڵ گۆرانی (ئاهێك) کە کاروان عوسمان بە گیتارێکەوە گۆرانیەکەی دەووت لەو سەرەتایەوە پێم وابوو بۆ ئەوەی عاشق بم دەبێ گیتارێکم هەبێ تا بۆ خۆشەویستە وەهمیەکەم گۆرانیەکە بڵێمەوە، ئەو دەمە توانای ئەوەم نەبوو گیتارێك بکڕم، کاتێ توواناشم هەبوو ویستم گیتارەکە بکڕم بەوە نەبوو زیاد لە دەساڵ بەسەر خەونەکەم تێپەڕی بوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوە بوو من ببووم بە شانۆکار و خەلآتی باشترین دەرهێنەری فێستڤاڵی شانۆم وەرگرتبوو، شانۆ بۆمن ببوو بە پیشە و هونەری سەرەکیم، وازم لەوە هێنا ببم بە گیتار ژەن، بەلآم هەمیشە هەست دەکەم ڕۆژێك خۆم بۆ تەنیاییەکی کوشندە ئامادە دەکەم و هەموو دەرگاکان بەڕووی خۆم دادەخەم و گیتارێك دەکڕم و دەبم بە گیتار ژەن، هەموو کاتێك هەوڵ دەدەم ئازارەکانی تەنیایی بژەنم، لەمێژە فری (٢) هاوڕێم بەڵێنی ئەوەی پێداوم کە هاوڕێیەکی هەیەو بڕیاری داوە لەکورترین کاتدا فێری ژەنینی گیتارم بکات، ئەوە بۆ هەردووکمان باشە لەبەردەم من و فری مێژوو خۆی دووبارە کردەوە، ئەوسا دەتوانم ئاوازی مەرگی هاوبەش بژەنم. لەم ڕۆژانە لەڕۆژنامەیەکدا دیمانەیەکم خوێندەوە کە لەگەڵ تۆ سازکرا بوو، لەوەوە تێگەیشتم تۆ تەنیا پێنج ساڵ لەمن گەورەتری ئەوەش بەلامەوە کێشەیەك نیە کە بتوانێ بەربەست لەبەردەم ئەو عەشقە دروست بکات، چونکە عەشقێك کە هەڵگری ئازادی بێت هیچ سنوورێك ناتوانێ ڕێگر بێت، گەمژەن ئەوانەی بۆ عەشق پێیان وایە دەبێ خۆشەویستەکانیان لەخۆیان منالّتر بێت، ئەو گەمژانە خەیاڵیان هەر لە غەریزەیە، کەچی من ناتوانم لەو عەشقەی تۆ بیر لە

هیچ لەو شتانە بکەمەوە، جگە لەو ئەوینەت کە تەواوی بوونمی داگیر کردووە، ئەوینێك مێژوومی زەوت کردووەو نایدا بەکەس، یادەوەریمی بەتەواوی سڕیەوەو خۆی لێ تۆمار کرد، خۆت پێم بڵێ تازە من چیبکەم، بۆ ئەوەی تۆ لەیادەوەری بسڕمەوە، ئەگەر وا بکەم دەبێ هەموو مێژووم بۆ بگێڕیتەوە، دەبێ سێبەری درەختەکەی لای مەلعەب و گۆرانیەکانی داریوش و مۆسیقای چایکۆفسکیم بۆ بگەڕێنیتەوە، دەبێ شەوانی خواردنەوەی زیرەکی هاوڕێم (٣) بۆ بگەڕێنیتەوە کە دوای بەرەبەیان چێژی لەوە وەردەگرت بەدوای پێکی یەکەم من شێتانە بخۆمەوەو ئەو گوێ لە ئەفسانە بێماناکانی من بگرێت، دەبێ خۆت بکەیت بە هەموو کۆلانەکانی ئۆکرانیا و هەموو ژووری موحازەرەکانی زانکۆ تا ئەوم بۆ بگەڕێنیتەوە ئێرە، ئاخر بوونی تۆ هەموو ئەوانەی لێ زەوت کردم و تەنیا بوونی خۆی تیا تۆمار کرد. دەزانی کاتێ دیمانەکەتم بەرچاو کەوت لەناخەوە هەژاندمی نەك لەبەر ئەوەی وێنەکەتم بینی، نا بەڵکو ئاماژەت بۆ ئەوە کردبوو کە ئارەزووی ژەنینی گیتارت هەیەو گەر شانۆکار نەبایت دەبووی بە میوزیکژەن. ئیدی من تەواو تاسام هەستم کرد بەڕاستی تۆ هەموو ڕۆژێك بوونت لەناخما خۆی نوێ دەکاتەوە، بەهەردووکیشمان دەتوانین یەك بوون درووست بکەین، ئەوە بۆ من تێکشکاندنی وێنەی من و تۆیە بۆ ئێمە، شکاندنی دیوارو سنوورەکانی ماڵی من و ماڵی تۆیە بۆ پانتاییەکی ئازاد، تیایدا بەیەکەوە گیتار بژەنین و شانۆیەك بەیەکەوە نمایش بکەین ناوی بنێین "سەما بکە ئەو دەمەی لەبەر باران گیتارت بۆ دەژەنم" (٤)

هەمیشە پێکەنینە شاراوەکەی مۆنالیزا نهێنی وئەفسوونێکە بۆ خوێندنەوە، ئەوە وای کردووە چەندین کتێبی لەبارەوە بنووسرێت، چەند ساڵێك بەر لەئێستا هاوڕێیەکم مۆنالیزای سەرلەنوێ کێشایەوە وجلی کوردی لەبەر کرد، (٥) بەڵام ساڵانێکی زۆری ویستووە تا مۆنالیزای ڕاستەقینە بدۆزینەوە ولە نهێنی خەندە شاراوەکەی بگەین، ئێستا کە لەبەرامبەرت بەسەر ئەو کورسیەوە دانیشتووم وئەو حەشاماتە لەمرۆڤ دەوری داوین و من هەست دەکەم تەنیا من وتۆ لێرەین ئەوانیترن غوبارو تۆزن، کە نیگاکانمان بە ئەنقەست بێت یاڕێکەوت لەیەك وورد دەبینەوە، نازانم تۆ دەتەوێ لە



سیمای من چی بدۆزیەوە، لەوانەیە بەدوای هیچ نەگەڕێیت، دووریش نیە وەك من بتەوێ نهێنیەکی شاراوەی زەمەن بدۆزیتەوە، دیارە بۆ من دەمەوێ لە ئەفسوونی بێدەنگیت حاڵی بم، وەك چۆن دەمەوێ کاتێ خەندە دەکەوێتە سەر ڕووخسارت مەبەستم نیە بەختەوەریت بخوێنمەوە، بەڵکو نیازمە لە حیکایەتی شکست و گریانت بگەم، لەوە دەچێ وەك مامۆستا ماکانی پاڵەوانی ڕۆمانی (چاوەکان) ی بزورگی عەلەوی وێنەی چاوەکانی کچە هاوڕێکەی کێشا و دواتر بۆ کچەش بوو بەگەورەترین نهێنی، لەوە دەچێت ڕووخساری تۆ نهێنی ژیانی منی لەسەر حەشار درابێت ودواتر شانۆیەك بخولقێنێت، دەمەوێ لەڕێگەی خەندە شاراوەکانی تۆ وە بوونی خۆم بنووسمەوە، بوونی من جگە لە چیرۆکی شکست و نائومێدی وهەڵەکردن هیچیتری تیا نیە، ئەگەر ئێستا هێزێك هەبێت توانای مانەوەو جولەکردنم تیا درووست بکات ئەوە بوونی تۆیە، بوونی تۆ زۆر کات لەگەڵمایە، ئەو شەوە لە ڕانیە کاتی نمایشی (جوانترین مردن) تا نمایشەکە تەواو بوو هەستم دەکرد تۆ لە تەنیشتمەوە وەستاوی، نازانم بۆ لەکاتی دانیشتنە ڕەخنەیەکەش چرکەیەك هەستم نەکرد تۆ لەهۆڵەکە نیت و دواتر پیرۆزبایم لێ ناکەی، لەوانەیە باوەڕ ناکەی کە دوای کۆڕەکە من چاوەڕوان بووم تۆ بێیت دەست خۆشیم لێ بکەیت و لەگەڵما گفتوگۆ بکەیت، تا پێت بڵێم ئەو شانۆیە بوونی تۆ بەرهەم هێنەریەتی، ئەوە نووسینەوەی خەندە شاراوەکانی تۆیە، کاتێ دەمەوێ لەڕێگەی گریان وئاو وخۆڵەوە لە دۆڕان و نائومێدی پاکم بکەیتەوە، دەمەوێ تۆ هاوڕێی ڕۆحیم بیت هەموو یادەوەری لای تۆ بکەم بە حیکایەت و نهێنیەکان لای تۆ بن و لای کەسیتر نەبن، ئەگەر ڕۆژێك ئارتۆ بە سۆزانای هاوڕێ وکچە شانۆکاری ووت "تۆ لێم ڕامەکە تۆ لەهەموویان جیای سۆزانا تۆ لەگەڵما بمێنەرەوە" ئێستا من هەمان هەستی ئەوم هەیە بۆ تۆ، بەڵام کێ دەڵێ شتەکان بەویستی من دەبن، ئەگەرچی لە نمایشی (جوانترین مردن) ئەو ویستەم کرد بەخەون کاتێ لەناو کەشتیەکدا لەشەوێکی باراناوی دەریامان دەبڕی و تا لەناو نوتەکدا ڕەشەباکان لەیەکیان کردین، بە لەیەك بوون خەونەکە کۆتایی هات.

بەڕێز مۆنالیزا هەموو ئەوانە تۆ دەیان خولقێنیت و هێشتا دەبێ چەند قەڕنی ترم

پێویست بێت تا لەخەندە شاراوەکانی تۆ بگەم؟ دەبێت چەند ساڵیتر و تا چەند قیامەتی تر من چاوەڕوانی گۆدۆ بم تا بەم نهێنیە بگەم، ئایا من قەدەری فلادیمێرم هەیە چاوەڕوانی بێهودەیە یاخود ئێوارەیەك لەسەر ڕێگا کاتێ چاوەڕوانتم دنیا کش ومات پێم ئەڵێی "ئێوارە باش با بەدرێژایی ئەو شەقامە پیاسە بکەین من گۆدۆی تۆم"

قووڵ بوونەوە لە چاوەکانت تێڕامانە لە ئاسمان، کە هێشتا سرووشت نەیهێشتووە ڕەنگەکانی تێرو پاراو بن، هێشتا ڕەنگەکان کاڵن، نا چاوەکانت بەر لەئاوێتە بوونی ڕەنگەکانی سرووشت هاتوونەتە بوون، ئەو دەمەی هێشتا دنیا لە شلەمەنیەك دەچێت وسرووشت هێشتا ڕەق نەبووە، ئەو دەمەی ڕەنگە تۆخەکان نەهاتوون و تەواوی ڕەنگەکان هێشتا لە هەوادان.. سرووشت هێزی بەڕەنگەکان نەبەخشیووە بۆ تاکمانایی، ئەو دەمەی ڕەنگەکان کاڵن توانای نووسینەوەی فرەماناییان تیایە، چاوەکانی تۆ دێنە بوون، چاوەکانت نابنە ڕەش نەوەك نووقم بن لەناو تاریکی شەو، نابنە شینیش نەوەك ببنە شینی پرسە، ناشبنەوە شینێکی کاڵ نەوەك قیژەی نەورەسەکانی ئاسمان لەسەمای سەمفۆنیایەکت بکەن، نابنە شینێکی تۆخیش نەبادا دەریا کە شێتانە هەڵدەچێت وکەشتیەك دەخاتە قووڵایی خۆی، تۆش هەڵلووشێت، چاوەکانت بۆیە ڕەنگی کاڵن تا بۆ ئەبەد لەناو سرووشت بمێننەوە، چاوەکانت لەماددەوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە تێپەڕینی فیزیکی زەمەن، بۆیە مارکس ووتی "کۆتایی نیە، سرووشت لە ماددە درووست بووە، ماددە کە لەناویش چوو سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە" کەوابێ چاوەکانت فێرم ئەکەن کۆتایی بوونی نیە تەنیا سەرەتا هەیە، سەرەتا لێرەوەیە لەتەك عەشقی تۆ، چاوەکانت فێرم دەکەن بەردەوامی دەست پێدەکاتەوە، ئەوە نیە قووڵ بوونەوە لەچاوەکانت سڕینەوەی تەواوی ڕابردووە، خۆشۆرینی گوناهەکانمە، پاکبوونەوەیە لە ئازار، لەمێژە هەستم کردبوو ئەو شارە پێغەمبەرێکی هەیە ونایبینێت، پێویستی بە ڕوانینێکە بۆ بینینی پێغەمبەرەکەی، بەڵام تۆ بڵێی هەموو ڕوونی تیشکی چاوەکانت بتوانێ گوناهەکانم پاك بکاتەوە؟ تۆ بڵێی ڕەنگی ئاوی چاوەکانت چی تەپ وتۆزی شەقامی شارە پۆخڵەکانە لێمی



داتەکێنێ و بتوانم پاك ببمەوە لەدۆزان ونائومێد بوون، خەونم بۆ بکات بە سەرەتای خەونی ئەبەدی؟ دەزانی گەر بمتوانیایە بەقاپێك شەرابەوە لەبەردەمتا حیکایەتی دانپیانانەکانی خۆم بگێڕابایەوە، لە کێشوەرێك نغرۆ بە ئاو یا لەبیابانێکی لماوی کەدوور بێت لەچاوی هەموو کەسێك دوای حیکایەتەکانم مردنم قەبووڵ بوو، چونکە هەستم ئەکرد گەیشتم بە ژنی ڕاستەقینەو شەرابی ڕاستەقینەو عەشقی ڕاستەقینەو ژیانی ڕاستەقینە، بەڵام ڕاستەقینە خۆی چیە؟ دوودڵ نیم.. ڕاستەقینە تەنیا تۆی، ئەی پەریزادەی هێشتا چاوەکانت بەشداری لە پیسیەکانی ئەم زەمەنە نەکردووە، سرووشت تۆی داناوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ دیووتانە من چەند جوانم.. جوانی ڕەنگەکانم لە چاوی ئەو پەریزادەیەوە سەیر بکەن، منیش بەسەرخۆشیەوە لەبەرخۆمەوە گۆرانیەکەی ڕەفیق چالاك ئەڵێمەوە "ئەڵێن سرووشت خەتا ناکات ئەی تۆ بۆ هێندە جوانی" ئایا جوانی تۆ گوناهی سرووشتە یا گوناهی قەدەرەکانی منە کە کەوتمە شارێك تۆی تیا بوو، ئەی ئەوەی هەمیشە تا مردن بە ئازارەکانی تۆوە دەتلێمەوەو کەس ناتوانێ هەست بە ئازارەکانم بکات.

بۆ ئەوەی پاك ببمەوە دەبێ لەناو چاوەکانت بم، ئەگەر بمەوێ ژیان جوان بێت دەبێ خۆم پڕکەم لەڕەنگی چاوەکانت، تۆ بۆمن جەستەیەك نیت، تەوتەمێکی بۆ پەرستن، هەموو تەمەنم دەبەخشم بۆ ئەوەی لەخانوویەکی دارینە گیتارت بۆ بژەنم، تۆ جوانترین سەمای عەشق بکەیت و چاوی کەسمان لێ دیار نەبێت، تا ڕۆحمان لەناو تەلی گیتارەکە دەبێ بە پارچەیەك دەنگ، بۆیە ناچارم لەم ماوەیە خۆم فێری گیتار ژەنین بکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر مردم و هاتیە سەر گۆڕەکەم گیتارت بۆ بژەنم، بۆیە بیرت نەچێت ئەگەر هاتیە سەر گۆڕم گیتارت بیر نەچێت، تا لەگۆڕەکەم بێمە دەرەو تۆ لەناو هەموو مردووەکانی وەك من سەما بکەیت و من گیتار بژەنم، هەموو عاشقەکانی گۆڕستان لەخەو هەڵدەستێنم دەڵێم: وەرن دوای مردن چێژ لە گیتار وعەشق ببینن، ئەوانەی وەك من چرکەیەك لەژیان شادیان نەبینی با بێن دوای مەرگ لە گۆڕستان شادی بکەوێتە نێو ناخیان، بەر لە ماڵئاوایی، لەناو چاوەکانت خۆم دەبینم لەخانوویەکی دارینە ماڵێك هەیە گیتاری تیا دەژەنم، هەموو دەمەو

عەسرانێك چاوەڕوانی تۆی تیا دەكەم، تۆ نەیەیت كەس بیر لەهاتن ناكاتەوە، ئەم ئێوارەیە نایەڵم گیتارەكە خەمبار بێت، چونكە دڵنیام تۆ بە باوەشێك میوزیك و باخێك لە ئومێد لەڕەنگی چاوەكانت بە باڵا خواییەكەتەوە پێم ئەڵێی "ئێوارە باش.. دواكەوتم؟" من هەست دەكەم ئەوەی دوا كەوتووە مردنی منە نەك هاتنی تۆ.

ڕۆژ بەڕۆژ بوونت نزیكتر دەبێتەوە لێم، لەوە دەچێ بەڵێنێك كەبەخۆمم دابوو پاشگەز ببمەوە، بەوەی نامەكان نەیەڵم بەدەستت بگات، دوور نیە لەڕۆژانی داهاتوو خۆم نامەكانت بۆ بێنم، ئەگەرچی بێدەنگی تۆ یا ڕەتكردنەوەم دەشێ هەستی تەنیاییەكی قووڵم لەناو دروست بكات، ئەوە ساتێكە هیوای بۆ ناخوازم، ئەگەرچی بەدەست من نیەو ئیدی هەموو بڕیارەكان بەدەست تۆیە، چەند ئاسوودە دەبم گەر بێت ونائومێد نەبم، ئەگەرچی نائومێد بوونی من بێهواییی نیە لەتۆ، دەشێ چەند ساڵێكیتر بێدەنگ ببمەوەو تا جارێكیتر چەند نامەیەكیترت بۆ بنووسمەوە، بۆیە ناتوانم ئەگەر تۆ قەبووڵمت نەكرد من واز بێنم لەخۆشەویستیت، چونكە من بەتەنیا خۆشم ناوێی بۆ خۆم، بەڵكو بۆخۆشت خۆشم ئەوێی واتە من دەمەوێ تۆ هەمیشە بەختەوەربی وشادومان بیت، بەچی دەچێ لەگەڵ من بیت و خەمبار بیت، ئەگەرچی دەمەوێ بەختیار بیت، بەڵام خەونی گەورەشمە تۆ ئەو كەسە بیت هەموو تەمەنم وێنایم كردووە كە خۆشەویستم بێت، ئەمڕۆ خۆم نەگرت تامەزرۆی ئەوە بووم لەدوورەوەش بێت بتبینم هاتمە تەلەڤزیۆن لەژووری بەڕێوبەر دانیشتبووم كاتێ بەبەر دەرگاكە تێپەڕی هەستێك بەتەواوی دایگرتم پڕیكردم لەتۆ هەزار جاریتر خۆم كرد بەشوورەیەك بۆ مەرگ، گەر ڕۆژێك هات باهەزار جار من لەگەڵ خۆی بەرێت وتۆ هەروا بەجوانی بمێنیتەوە، دەشێ تەمەن هێندەی نەمابێت بۆ من، دوور نیە هەر هێندەی پیاسەیەك بێت بەر لەمردن یاخود نیگاكردن بێت كاتێ بەشەقامێكدا تێدەپەڕی، ئایا ژیان شایەنی ئەو هەموو ئازارەیە، یا ئازارەكانی تۆیە لای من ژیانی جوان كردووە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە ڕۆژانی داهاتوو دەتوانم وەڵامی بدەمەوە، من ئازارەكانم قەبووڵە وەك چۆن بێدەنگی تۆش بۆمن مایەی ستایشە، دوور نابم لەم شارە نەبادە بەیانیەك وێنەی تۆ لە ئاوێنەكاندا وون بكەم، ئەوە نیە من بەختەوەرم كاتێ بمەوێ بتبینم، دەتوانم لەو



دیو دەرگایەكەوە چاوم پێت بكەوێت، یا بەدرۆ خۆم بخەمە سەر ڕێگاكەت بۆ ئەوەی وای دەربخەم كە ئەوە ڕێكەوتە و هیچتر، ئاخر بەدڵێكی نەزیفەوە خۆشم ویستووی ئەوینی سەد هەزار كەس كۆبكەنەوە ناتوانن بكەونە پێشبڕكێ لەگەڵم، بۆیە گەر ڕەتم بكەیتەوە هیچ لە شتەكانی من ناگۆڕێت، هەڵمگرە بۆ سەد قەرنیتر من بەشی هەموو تەمەنی تۆ دەتوانم چاوەڕوان بم، چاوەڕوانی چیە جگە لە بیركردنەوە لە عەشقی ڕاستەقینە؟ ئەی ڕاستەقینە چیە جگە لە ژنێكی باڵا خوایی؟ ئەی خوا چیە جگە لە خۆشەویستیەكی ئەبەدی؟ ئەی ئەبەدییەت چیە كاتێ من هیچ حورمەتێكم نامێنێ بۆ خۆم؟ ئەی من چیم بێ ئەوینی تۆ؟ بۆ ئەوەی بتوانم لەو ئەوینەت بەردەوام بم دەتوانم تا قەرنێكیتر خۆم بەوەڵامی هەزارەها پرسیاری وا خەریك بكەم، دیووتە بیانووی چەند باشم هەیە بۆ ئەوەی تۆ هەمیشە لەناوما بیت، خۆ ئەگەر بیر لەوەش بكەیتەوە هەڵەم بەرامبەر بكەیت بۆ ئەوەی فەرامۆشت كەم، كاری وا منالانە مەكە، چونكە بەیانیەك ئەوینی تۆم كرد بە دڵۆپە خوێنێك وخستمە جەستەمەوە، ئێستا بۆ جیاكردنەوەی تۆ لەخۆم دەبێ چی خوێنی جەستەم هەیە بەنەشتەرگەری بەتاڵی بكەن تا ئەو دڵۆپە خوێنە بدۆزنەوە، كاتێ دەیدۆزنەوە بەداخەوە ئەوسا من نەماوم و مردووم. ئەگەر تۆ بۆ وازهێنانی من لەو عەشقە مردنمت قەبووڵە فەرموو بۆ ئەبەد بمكووژەو ناوم لەسەر نەخشەی یادەوەریەكان بسڕەوە، با شەقام هەموو تەمەنی بیر لەوە نەكاتەوە كە ئێوارانێك من بەخەیاڵی تۆوە بەسەریدا پیاسەم كردووە، با كووچەو كۆڵان و تاق ودیوارەكان خەیاڵەكانم بكەن بە وەهم كە بەڵێنم پێدابوون ڕۆژێك جوانترین ژنی دنیایان پێ بناسێنم، ئەو مژدەیەی بە بێچووی چۆلەكەكانی بەیانیام دابوو كە لەسەر باڵای تۆوە بگەڕێنەوە هێلانەكانیان كاتێ لەسەر درەختەكانەوە كەوتنە خوارەوە، بمسڕەوە بەڵام تۆ لەهەموو ئەوانە بەرپرسیاریت، سەیرم پێ دێت ئەوانە بۆ تۆ هیچ نرخێكیان نەبێت، نا وانیە من دەزانم تۆ لەهەموو كەسێكیتر جیاوازی.

تاڕادەیەكی زۆر ئاسوودەم، چونكە توانیم ئەو دیواری بەرلینەی لەنێوانی من وتۆ بوو بیرووخێنم، دیارە پێشبینیم كردبوو كە وەڵامی نامەكانم هەر ئەوە ئەبێ كە پێت

ووتوم، بەلاّم ئەوانە هیچ لەمەسەلە جەوهەریەکانی من ناگۆڕن، خۆشەویستیت وام لیّ دەکات ڕێز لە شتەکانت بگرم، بەلاّم باوەڕم پێیان نیە، دەشیّ هەموو شتەکانی تۆم قەبوولّ بێت، چونکە هیی تۆن، تەنها شتێك کە نەتوانم قبوولّی بکەم گۆڕینی ئەو عەشقەیە بۆ هاوڕێیەتی، ڕاستە کە ئەوەشیان بۆ من هەر باشە، کوا بەڕێکەوت بتبینم و کوا بتوانم لە تەلەفۆن گوێم لەدەنگت بیّ و هەر کاتیّ بمەویّ بتبینم بێمە لات و لەنزیکەوە لەگەلّت دانیشم، ئەوانە زۆرن من ڕێزیان لیّ دەگرم، گەورەیی خۆت زیاتر دەنوێنی، کە ئەو هەمووە بەمن دەبەخشی، دەتەویّ نەمرم، بەلاّم ئەوە زیندەگی ژیان نیە، ئەوەی تۆ دەیکەی بۆ ئەوەیە نەمرم، بەلاّم من هەمیشە لەگەلّ تۆدا ئارەزووی ژیانم هەبووە، هەموو ئەو بیانووانەی تۆ دەیلّێیت بیانووی زۆر لاوازن، نازانم خۆشەویستی چۆن دەتوانیّ هۆکارەکەی تەمەن و بیانووی دایکایەتی و هەروەها لەهەمووی کۆمیدیتر کێشەی تەندرووستی بێت، هەموو تەمەن با بۆتۆ بێت، تەندرووستی من بەر نەفرەت کەویّ و ئامادەم بۆ تۆ بیبەخشم، نەك بە سامان بەلّکو بە مردنیشم، قەت چاوەڕوانی ئەوە مەبە ئازیزم من بە چاوی هاوڕێیەتی سەیری تۆ بکەم، تۆ هاوڕێم بی یا خۆشەویست یا هەر ناوێکی تر کە خۆت پێت خۆشە سەرەنجام لەلای من تۆ خۆشەویسترین مەخلووقی ئەم بوونە تاریکەی منی، تۆ تاکە چرایەکی کە دەتوانی تاریکستانەکانم ڕۆشن بکەیتەوە، قەدەری من قەدەری ئۆدیبی گوناهبارە، کاتیّ دەزانێت جۆکاستای خۆشەویستی کە لەگەلّی خەوتووەو چوار منالّی لێی هەیە دایکیەتی، ئۆدیب دەلّێت "گویّ بگرە جۆکاستا.. تۆ دایکم بیت یا هاوسەر گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە من تۆم خۆش ئەویّ" بۆیە تۆ هاوڕێم بیت یا هەر شتێکیتر سەرەنجام من تۆم خۆش ئەویّ و ئەو خۆشەویستیەشت بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە، لێمگەڕیّ با لەناو ئەو دنیا تازەیەی کەشفم کردووە بمرم، باوەڕ بکە مردنم زۆری نەماوە، لەوانەیە خۆم چەندین سالّ بیهێنمە پێشەوە، کە نەتوانم خۆشەویستی تۆ بم، ئیدی پێم نالّێی بۆ ئەژیم، پێم نالّێی ژیان لەناو شوورەو دیوارەکانی زیندان چ مانایەکی هەیە؟ تاقە تروسکاییەك لەم ژیانە بوونی مابێت ڕۆشناییەکانی تۆیە، هەندێکجار قوولّ بوونەوە لە تەمەن گەڕانە بەدوای ئاشکراکردنی نهێنی، واز لەوە بێنە کۆمەلّگایەك پێی وایە عەشق کاری



هەرزەکارەکانە، لەکاتێکدا تا تەمەن تێدەپەڕیّ ئەزموونی عاشق کامڵتر دەبێت و بەچاوی گومانەوە دەبیّ سەیری ڕابردوو بکەین، نامەویّ هیچ کەسێك بە چاوی بەزەیش سەیرم بکات، هەست ئەکەم من بە کۆلّیّ خەمەوە ئەگەر شتێك شایەنم بێت لەلای تۆ خۆشەویستیە نەك بەزەیی.

کیّ توانای ڕاگرتنی ئەو خوێنەی هەیە؟ ئەوەتە سوێند ئەخۆم بە "بەسینەی خوێناوی هەنار" (٦) ناتوانن لەم شارە سینەی خوێناوی من لەسینەی خوێناوی هەنار جیا بکەنەوە، هەردووکمان لەناو ڕەنگی سوور، خوێنێکی گەش سینەمان دەردەخات، هەنار بەهۆی پەنجەکانی باخەوانێك کە نەیزانی دەست بردن بۆ دەنکەکانی زامداری دەکات، تۆش کە نەتتوانی لەوە حالّی بیت بەربەست درووست کردن لەبەردەم هاژەی ئەو ڕووباری ئەوینە نەك هەر دلّم، بەلّکو هەموو جەستەم خوێنی لیّ ئەچۆڕێت، پێلاّوەکانم پڕن لەخوێن، خوێن گۆمیچکەی تیا کردووە، تا مردن من پیاوێك دەبم لەخوێن، کیّ دەتوانیّ بەو بالاّ بەرزەی کە پڕی کردووم لە عەشق و عەشقەکەشم بە خوێن ئاو ئەدات پێی بلّیّ ئەو دەریا هەلّچووە شێتەی خوێن ڕابگرێت؟ پێی بلّێن ئەو دلّێکی شووشەیی هەبوو مالّەکەی لەشووشە بوو، کە مالّە شووشەیەکەیت شکاند خۆشیت شکاند، مالّە شووشەیەکەی بۆ عەشقی تۆ تەرخانی کرد ئێستا وا مالّێکە لەخوێن، کە خوێن ووشکی کرد تەرمەکەی لەگەلّ خوێنی ووشك بوو زەوی هەلّی دەمژێت. (٧)

پێی بلّێن بەو پەریزادەی باخی خەون بلّێن کە سەیری وێنەکەت دەکات خوێن لە گوێچکەی بەر دەبێت، کە گویّ لەدەنگت دەگریّ قوورگی پڕ دەبێت لەخوێن و ڕشانەوەکانی تەنیا خوێنە، لەناو پەلّەی خوێنەکان ناوی تۆ ئەدۆزرێتەوە.

ئەی ئەمیرەی عەشق ئەو کاتانەی تەنیای و بیر لەهیچ ناکەیتەوەو دەست بۆ هەنارێك دەبەیت و بەچەقۆیەك سینەی هەنار دەکەیت بە دوولەت، سینەی هەنار خوێناوی دەبێت.. سینەی خوێناوی منت بیر نایەتەوە؟ سوێند ئەخۆم ئەی ئەمیرەم سوێند ئەخۆم بە سینەی خوێناوی هەنار تامردن هەر عەشقێك بێتە دلّمەوە بەو چەقۆیەی سینەی هەنارت پیّ بریندار کرد، منیش سینەی خۆمی پیّ لەتکەم، دیووتە تۆ چۆن من و هەنار بریندار ئەکەی، بەیەکەوە لەسەر مێزێك کۆمان کەوەو پێمان بلّیّ "ها ئەوەتام لەبەردەم جەستەی

خوێناویتان بیر لەهەژدە ساڵ تەمەن دەکەمەوە کە بەخۆڕایم فەوتان" من و هەناریش حیکایەتی بێئومێدی ژیانت بۆ دەگێڕینەوە، ئەو دەمەی لەبەردەمی چەقۆی دەستی تۆدا زامدار دەبین.. تکات لێ دەکەین من و تۆ و هەنار با یەکتریمان خۆش بووێت. تەنیا خۆشەویستی دەتوانێ سینەی خوێناوی من و هەنار ڕابگرێت، تەنیا تۆ لەتواناتدا هەیە لەناو ئەو دەریا نغرۆ بووەی خوێنە ڕزگارم کەیت، ئەی ئەوەی مەحکومیت بەتاوانی کوشتنم، ئێستا دۆسیەی تاوانی کوشتنی خۆم دەبەمە بەردەم دادگای شەراب و تا دادوەرێك کە هەنارێك و دوو پەپوولە بەتەنیشتیەوەن سکالای خۆم لەدژت تۆمار دەکەم دەڵێم "بەسینەی خوێناوی هەنار ئەمیرەی عەشق چەقۆی کرد بەدڵی هەنار و خەونی هەموو دەنکە هەنارەکانی خستە ژێر پێی.. جەنابی دادوەر من لەپای تاوانی کوشتنم قەت داوای ئەوە لەدادگا بەڕێزەکەتان ناکەم سزای بدەن، بەڵکو تێی بگەیەنن بەختەوەری بریتیە لە کۆبوونەوەی هەردووکمان لەبەردەم هەنارێك کە نەیەڵێن هیچ چەقۆیەك سینەی بریندار بکات"

ئەو کاتانەی نیگا حەرامزادەکانیان دەگرنە بالآت تۆ بەخۆراکێك تێدەگەن تاوەکو بتخەنە سەر ژەمە سفرەیەك، تۆ بۆ ئەوان تەنیا سفرەی ژەمێکی، نائومێدیەکان و بڕیارە تووڕەکانی ژیان بوو، گوناهی پەریزادەیی و جوانیەکەت بوو تۆی کرد بەقوربانی، تا ئەو هەموو دەمامکە قێزەونە کەڕنەڤاڵی دەمامکەکان ساز بکەن و لەهەوڵبن بۆ خەڵەتاندنت لە ئاهەنگی دەمامکەکان، تۆ جگە لە قوربانیەك هیچیتر نیت، ئەوانیش جگە لە بێشەرەفیەکانی ژیان ڕووخساری ئەودیوی دەمامکەکانیان شتێکی ترمان پێناڵێن.

تۆ ئەی ئەوەی هەمووان بە قوربانی سەیرت دەکەن، شەقامەکان پڕ دەکەن لەچیرۆکی ڕازاندنەوەت لەسەر سفرەیەك، کۆڵانەکان پڕدەبن لەیاری منالآنە تیایدا یەکێك ڕۆڵی تۆ لەیاریەکە دەبینێ بە قوربانی و ئەوانی تر شەڕ لەسەر ئەوە دەکەن کێ لەو قوربانیەی جەژن دەباتەوە، ئەوە یاری منالێمان بوو کە ئێستا سەیری ئەوان دەکەم و بیر لەتۆ دەکەمەوە دەبینم تۆی قوربانی و ئەوان هەر لەیاری گەلە گورگی منالی و مەڕە گوناهەکە دەچیت.



سەیر نیە.. ئەفسووس نیە هەر وایە ئەو دەمانەی تۆی قوربانی بۆمن بوویت بە جەللاد و هەموو ڕۆحم لەگەڵ دەنگێکت لەناو مۆبایلەکەدا دەبێت بە قامچی و سەربەستانە ئازارم ئەدەی، ئەو کاتانەی ناتوانم لەبەردەم ئەفسانەکانی یاخی بوونی تۆ شتێك دێرێك بڵێم کە نەبێتە هۆی ئەوەی تۆی تیا زوویر بکەم، بەخۆم ئەڵێم: جەللادە جوانەکەی ڕۆحی من، من نەبووم.. ئەوانە گەلە گورگە برسیەکان بوون.

تۆ جوانترین جەللادی کە لەڕێگەی مانا ڕەمزیەکانی دەسەڵاتەوە مومارەسەی ئەشکەنجە دەکەیت، بێئەوەی قامچی بەدەستەوە بگریت، دەنگ دەکەیت بە قامچی، بالآ بەرزیەکەت دەکەیت بە قەنارەو پەتی سێدارە، تاوەکو منی پێهەڵواسی، من جەللادی خۆم خۆش ئەوێت با سزام بدات، با پەتی سێدارە بە بالآ بەرزیەکەیەوە بخاتە گەردنمەوە، من هەر خۆم بەخۆشەویستی جەللادەکەی خۆم ئەزانم، ئەو کاتانەی سزام بدات لەهەموو کاتێ زیاتر خۆشم ئەوێ تا هەناسەم تیا مابێت بەرگەی ئازارەکانی تۆ ئەگرم، سینەم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پڕ دەبێت لەهەناسەکانی عەشقت. ئەوەتام جەللادە قەشەنگەکەم ئەو یاریە ئەمجارە من وتۆ هەردووکمانی کردووە بە قوربانی، بەلآم تۆ تا تینت تیایە بە قامچیەکانی دەنگت تەواوی ڕۆحم ئازار بدە، من ئازاری خۆم خۆش ئەوێت، (٨) ئازاری من تۆیی.

لێرە بەبێ ئەوەی جەستە بەرەو هیچ شوێنێك بڕوات دەتوانێ لەگەڵ تۆدا دنیایەکی نوێ درووست بکات، لێرە تۆ توانای ئەوەت هەیە هەموو ئاسەوارە کووشندەکانی دۆزەخ بگۆڕیت و بەهەشت بنیات بنێیت، گۆڕینی شارەکان پەیوەندیی بە باڵەخانەی بەرز وکۆشکە مەزن وقەبەکانەوە نیە، بەڵکو ئەوەی شارەکان جوان دەکات خۆشەویستی ناو ناخی مرۆڤەکانە، من وتۆ دەتوانین لێرە جوانترین ژیان و وێنە بنیات بنێین، دەشێ هەردووکمان قوربانی عەشقێکی ڕاستەقینە بووبین کە تائەمرۆ پێی نەگەیشتووینە، یا لەتەمەنی ڕابردوو سەرسامیمان بەرامبەر کەسێك هەڵەکانی دۆست هەموو خەونەکانمانی کووشتبێت.

ئەگەر ژیان گەڕان بێت بۆ دۆزینەوەی عەشقێکی نەمر، دەشێ لەدۆزینەوەی نەیدۆڕێنین، من ئامادە نیم تۆ لەدەست بدەم، باوەڕیش ناکەم لەتەواوی گەردوون کەسێك هەبوو بێت

بەڕادەی من تۆی خۆش ویستبێت، بۆ نەمر بوونی ئەو عەشقەش من زۆر ئارامگرم پەلە لە هیچ شتێك ناكەم، دەتوانم هەموو ژیانم چاوەڕوان بم تەنیا بۆ ئەوەی ئەگەر تەنها یەك ڕۆژی تەمەن لەگەڵ تۆدا بژیم من براوەو بەختەوەرترین پیاوی دنیا دەبم، دەبێ شتەكان سەرەنجام بگەڕێنەوە بۆ ناو سەرەتاكانی خەون، ئەو كاتانەی هێشتا درۆكانی ژیان نەیانتوانیبوو خەون بشێوێنن، دڵنیام لەگەڵمابی دەتوانین جوانترین بەهەشت درووست بكەین.. بەهەشتێك نەیەڵین هیچ كەسێك پێی تێبخات تا درۆی تیا بكات، ڕێگە نەدەین دارلاستیكی منالە چەتوونەكان بێتە ناویەوە نەبادا بیگرنە باڵندەكانی درەختی باخچەی دڵمان، هەڵەی گەورەی مرۆڤی ئێمە لەوەدایە پێی وایە عەشق تەنیا كاری هەرزەكارەكانە، لەكاتێكدا هیچ عەشقێك نیە مەزنتر بێت لەو ئەوینەی كە لەكاملی تەمەن دێتە دی، هۆیەكەشی ئەوەیە ئەمجارە عەشق بەهۆی وورووژاندنە غەریزەیەكانەوە نیە، هێندەی ڕۆح هەست دەكات بوونی بەرامبەر پڕۆسەیەكە بۆ نووسینەوەی خودە تێكشكاوەی ڕابردووە، ئەوە گۆڕینی عەشقە لەپڕۆسەیەكی ئاساییەوە بۆ نووسینەوەی دنیایەكی نوێ كە خۆمان بەشداری لەنووسینی بكەین، نەك دنیایەك بەسەرماندا سەپێنرا بێت، دنیایەك مرۆڤ بوونمان لەسەر بنەمای خۆشویستنی پەرستن بنیات بنرێت، نەك لەسەر پەرستنی ماڵ و ئاڵتوون و سامانە بێهودەكانی ژیان، ماڵێك پڕی بێت لەخۆشەویستی نەوەك كەرەستە بێماناكان بەسەر یەك كەڵەكە بكرێن، تەنها بۆ ئەوەی بووترێ كە ئەو ماڵە هەژار نین، كام لەماڵەكان لەنیگای عەشقەوە سەیری خۆشەویستی دەكەن؟ كێ خۆشەویستی بە پیاسە وماچ سەیر دەكات؟ كەچی هەموو ئەو بێئیرادەو بووكە شووشانەی پێیان وایە ئەوەی زۆرترین ئاڵتوونی بۆ كرا ئەوە لەهەمووان زیاتر خۆشەویستە، دەزانم لە دنیایەكی وا شێواودا هەموو ئەوانەی تۆ دەیڵێیت حەقیقەتە، بەڵام عەشقی ئێمە توانای گۆڕینی ئەو حەقیقەتە شێواوەی هەیە، ئەوە خۆشەویستیە دەتوانێ گەر نەتوانێ مرۆڤەكانیش بگۆڕێت خۆ توانای ئەوەی هەیە دنیای من و تۆ لەدنیای هیچ كەسێك نەچێت، دنیایەك بێت چەمكی من و تۆ بگۆڕین بە ئێمە، كەی گرنگە ئێستا شتەكان گەر بەشێوەیەكن تا سەر وا بمێننەوە، دەشێ لەداهاتوودا چارەسەری هەموو ئەو شتانە بكرێت و تا لە ئایندەدا هەموو شتێك بەدڵی



ئێمە بێت، هێندە ئارام دەگرم تا ڕادەی ئەوەی لەهەموو ڕەتكردنەوەو نەئێكی تۆدا من سەرەتایەكی تر دەست پێدەكەمەوە، ڕەگێكی وات لەدڵما جێ نەهێشتووە تا هەموو هێزی دنیا توانای وەلانانی ئەم ئەوینەی هەبێت، ئاخر چ ڕەشەبایەك دەتوانێ من لەتۆ دوور خاتەوە؟ با ڕەشەباكان دڵنیا بن تەنیا بە كووشتنم توانای ئەوەیان هەیە لەتۆم دوور بخەنەوە، ئەوەی نەیەڵێت خەونەكان دەست بكەنەوە بەسەرەتاكانی خۆیان بەداخەوە تۆی، گەر تۆ نەبیت كەس نیە بتوانێ ڕێگە لە گەشانەوەی ئەو سەرەتایە بگرێت، هیچ شتێ نیە بۆ من كۆتایی بێت، بەدوای نووسینی نامە درێژەكان و تەلەفۆنەكانمان ئەوەی تۆ دەیڵێیت كۆتایی شتەكان نیە، بەڵكو سەرەتاو ئیرادەیەكی سەر لەنوێیە بۆ خۆش ویستنت، ئەی ئەوەی هەموو دنیات لەدڵما سڕیەوەو تەنیا خۆت تیا نووسیەوە، نووسینێك لەسەر دڵما ناو و وێنەی خۆت تیا هەڵكۆڵیوە تا قیامەت لەدڵما ناسڕێتەوە، لێمگەڕێ با لەناو عەشقی تۆ و ساتە كووشندەكانی تەنیایی خۆمدا بمرم، هەقی خۆمە ئاخر تۆ نازانی تا چ ڕادەیەك خۆشم ئەوێی.. ئەی ئەوەی بووی بەخودا لەژیانم و جگە لەتۆ هیچ شتێناپەرستم.

با ئازار لەوە زیاتر دنیای من وێران بكات، با ڕەشەباكان چی خەونم هەیە بیرووخێنن، سەرەنجام من بەدوای هەر حەسرەت و نائومێدیەك دەتوانم دەست پێبكەمەوە، دەست پێكردنەوە هەر هێندەی لەحزەیەكە كە بەقووڵی خەونت پێوە دەبینم، (٩) دەست پێكردنەوە لە سەمفۆنیاییەكی چەند سەعاتی دەچێت كە نایەڵێت لە بیستنی بێزار بیت، دەست پێكردنەوە فێرم دەكات بەدوای هەموو یاخی بوون وهەڵشاخانەكانی تۆ من مەزنتر و جوانتر بتبینم، قەت دەرگای دڵم دوای تۆ نەكەمەوە، نەڕێبدەم تۆ لێی بێیتە دەرەوە نە كەسێك بتوانێ بیر لەهاتنە ژوورەوە بكاتەوە، دڵم جگە لەتۆ جێگای كەسیتری تیا نابێتەوە، ئێرە نیشتیمانی تۆیە، تكایە جگە لەو شۆخە ئەفسوناویە كەسیتر بۆی نیە بیری لێ بكاتەوە، ئەی ئیمبراتۆری خاوەن دەسەڵاتی پۆلاینی هەموو ئەمارەتەكانی عەشق ڕێبدە خەونەكانم بە ئەمانەت لای تۆ دابنێم، تا سەرەنجام دەیبەخشم بە گۆڕەكەم، با تا خاك خەونەكان ماچ دەكات كەس نەتوانێ بەری بكەوێت، نامەوێ كەسیتر بتوانێ لەو دەرگا داخراوانەی ناخی من نزیك بێتەوە، سووپاس بۆ تۆ كە زۆرت پێ بەخشیووم،

توانیوومە تەلیسمی داخراوی دڵمت لا بکەمەوە، تکایە ئەگەر لەدەرەوەی ئێرە ژیان و دنیایەکیتر هەبوو ئەگەر لەو دنیاش نەمتوانی لەگەڵ تۆ بم با ئەو ژیانەی تر نەبینم، بێزارم تا ئاستێك دەمەوێ بڕیارێك بدەم بۆ کۆتایی بەڵام ئەو دەمەو مەغریبانەی کە تیشکی خۆر ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ خەم و دەیەوێ بەجێمان بێڵێت، ئەو کاتانە خۆم لێ دەبێت بە دەنگیماڵئاوایی ولەخۆم دەپرسم: ئایا پێویستە لەم دنیا تاریکە من بژیم؟ ئاخر ئێستا تۆ بکەنە دەرەوە لەمن هیچم تیا نامێنێ.

ئەوە نیە هەموو هێز وتوانام دایە بەرخۆم تا ئەو دیواری بێدەنگیە بڕمێنم، ئێستا هەست دەکەم من دوڕاوترین پیاوی دنیام، بۆیە ئەگەر لەداهاتوویەکی نزیکدا چیتر نامەیەکی منت پێ نەگەیشت و مۆبایلەکەم داخرابوو، جارێکیتر لەشەقامێکدا یەکتریمان نەبینیەوە، لەهیچ شوێنێك ڕێکەوتی یەکتریمان نەکرد زۆر بە ئاسایی وەریگرە، چونکە ئیدی من لێرە نیم.. لەشوێنێکی ترم کە تیشکی خۆر و تریفەی مانگ لێی نایەتە ژوورەوە، شوێنێك لەکونجێکی تاریکستان دەچێت گۆشتی جەستەم دەبەخشم بە مار ودووپشك و زیندەوەرە چاوبرسیەکان، ئەو کاتەی ئێسقانەکانم دەمێنێتەوە چاوەڕوانم کرم لێی بدات، ئەو دەمە واتێنەگەی کە ئیدی گلەیت لێبکەم و پێت بڵێم "تۆ گوناهباری تۆ بووی بەم چارەنووسەت گەیاندم" نا ئەمیرەم قەت هەڵەی وا کوشندە ناکەم، ئەو دەمە لەهەموو کاتێ زیاتر خۆشم ئەوێی، ئەگەر ئەو کات کرم لەزمانی نەدابووم وتوانای قسەکردنم مابوو پێت دەڵێم "سەروەرم.. بەرگەی هەموو ئازارو ئەشکەنجەکانت دەگرم، سووپاس بۆ تۆ کە ئەو ماوەیە گوێت لێگرتم، ئێستا کە مشتێك تۆزو خۆڵم لەهەموو کاتێ زیاتر شەیداتم و لەهەموو ساتێك زیاتر ئەتپەرستم و خۆشەویستیت چووە ناخمەوەو بە عەشقی تۆ ماڵئاوایی دەکەم" تکایە ئەگەر شتی وا ڕوویدا بمبەخشە و گلەیم لێ مەکە، هەوڵدە قەت لێم تووڕە نەبیت، چونکە دەبێت شوێنێك هەبێت بۆ کۆتایی، بۆ ئەوەی تۆش لەو کۆتاییەی منەوە دەست پێبکەیتەوە بە ژیان، دەبێ من کۆتاییم پێ بێت، کۆتایی منیش سەرەتای ژیانێکی نوێیە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی تۆ بتوانی سەر لەنوێ دنیایەکی تازە بژی، من مردنی خۆم قەبووڵە.. پێم نەووتی جەللادە قەشەنگەکەم ئازاری خۆم خۆش ئەوێ.



هەڵە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لەنامەی پێشوو، دیارە پێویست بوو تۆ جیاوازی ئەوەت بکردایە لەنێوان خۆکوشتن وەك پڕۆسەیەکی ئەخلاقی، لەگەڵ جۆری دووەمی خۆکوشتن وەکو پڕۆسەیەك کە پێی هەڵدەستین، جۆری یەکەم کە پڕۆسەیەکی ئەخلاقیە، لەو پڕۆسەیەدا مرۆڤ خۆی ناکوژێت، بەڵکو هەستی بەرپرسیاریەتی وای لێدەکات بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە، ئەو بیر لێ کردنەوەیە پڕۆسەیەك نیە بۆ ئەنجامدان، هێندەی هەستێکە لە نەبوونی هیچ توانایەك بۆ گۆڕان لەناومان دروست دەبێت، هەستی خۆکوشتن بۆ من لەدوو ئاستدایە، ئاستی یەکەم دوو وێنەی هاودژی تۆ، کۆمەڵێك دەمامکی بەدڕەوشت وەك نێچیری ڕاو سەیرت بکەن و وێنەی دووەمیش بەجەللاد بوونی تۆیە، بەڵام جەللاد بوونێك لەجوانترین وێنەدا، دەتەوێ هاوڕێیەتیم پێ ببەخشیت، بەڵام چونکە من خۆشەویستیتم بەلاوە مەبەستە نەك هاوڕێیەتی.

دەشێ ئەو دەنگە ئاماژە بێ بۆ بەجەللاد بوون، جەللادێك زۆرترین تەمەنی لەناو بێدەنگی و سەرکوتکردنەوەدا بردبێتە سەر، جۆری دووەمی خۆکوشتن کەسێك پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیان بێنێت، دیارە بۆ من ئەو جۆرە هەرگیز ناتوانم بیری لێ بکەمەوە، چونکە کۆتایی هاتن بە ژیان یانی کۆتایی هاتن بەتۆ، نامەوێ خۆری تۆش قەت لای من کۆتایی بێت، تۆ کە لەلام خودا بی چۆن خۆرت کۆتایی دێت، تیشکی ئاڵتوونی ئەو عەشقەت مانای زیندوو بوونەوەو ژیان بەخشینە، ئەوەش وادەکات خۆکوشتن بە گەمەیەکی بێهودەیی مردن ناو بەرین نەك ژیان، ئەوەتە ژیان لەنێو پەنجەکانی تۆدایە کاتێ بۆ چرکەیەك بەمەبەستی تەوقەکردن کەوتنە ناو پەنجە ماندووەکانم بۆ ئەوینت.

شاعیری تورك (نازم حیکمەت) کاتێ بۆ دەساڵ دەخرێتە زیندانەوە لەو ماوەیە کتێبێك دەنووسێت، دیارە هەر کەسێك کتێبێك لە زیندان بنووسێت دەبێ باسی ڕەشبینی ژیان و مردن بکات، کەچی ئەو کتێبێکی نووسی بەناوی (ژیان جوانە هاوڕێکەم) مەبەستی لەو ژیانە نەبوو کە لەزیندان دەبێ بیباتە سەر، بەڵکو مەبەستی لەو خەونە بوو بۆ ژیان کە ئەو لەداهاتوو هەیەتی، خەونی دوای ئازاد بوون، بۆ من هەمیشە ژیان جوانە، دوای ئەوەی ئێوارەیەك دەرفەتی ئەوەت پێدام بەتەکتەوە دانیشم و قسە بکەین، لەگەڵ

ئەوەی ئەو ئێوارەیە بۆ من جوانترین ئێوارەی دنیا بوو، ئاخر چۆن بەدوای ئەو هەموو جوانی بەخشینە بتوانم بیر لەخۆکوشتن بکەمەوە، تۆ نازانی من خەریك بوو لەخۆشی ئەم ئێوارەیە گڕ بگرم و ئاگرم تێبەربێت و بسووتێم، ڕێك لەو ئاگرەی کەوتە تۆڕەکەی شانۆگەری (ئۆدیبی زەردەشت) کاتێ چاوم هەڵبڕی و لەهۆڵەکە ئاگر کەوتەوەو سەرم هەڵبڕی تۆم بینی، ئەوە گەورەترین هەستکردن بوو لە ئامادە بوونی تۆ بەسەرکەوتن.
من حەزم نەکرد نسکافە بخۆمەوە، ئارەزووم بوو قاوەیەکی تاڵ لەگەڵ تۆدا بخۆمەوەو هەست بە شیرینترین قاوە بکەم، کاتێ بیر لە قاوەی تاڵ وشیرینی ڕۆحی تۆ دەکەم، هەست دەکەم ئەو قاوەیە زۆر شیرینە، دەزانم ڕۆژێك دێت لەگەڵ تۆدا قاوەیەکی تاڵ دەخۆمەوەو کە لەنیگاکانت وورد ئەبمەوە قاوەکە پڕ ئەبێت لە هەنگوین و لێت ئەپرسم "ئەو قاوە تاڵە بۆ وا شیرینە؟" یەکێکی وەکو من ئاوا هەموو ڕۆژێ خەونی جیاواز بەتۆوە ببینێت، ئایا ئەتوانێ بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە؟
ئێمە زۆر بووین کە لەگەڵ قافلەکان تێپەڕین، هەموومان بووین، ئەوان لەنزیك شارێك کە دەیڕوانیە کەنار دەریا لایاندا، من تاکە کەسێك بووم شتێك لەدڵما ووتی "ئێرە نیشتیمانی تۆ نیە، هەوڵدە نیشتیمانی خۆت بدۆزیتەوە" شەو تێدەپەڕی.. تا ئەوپەڕی نەهامەتی ڕۆژ نەدەبۆوە، دەرۆیشتم و قاچەکانم تینیان زیاتر دەبوو، دەستەکانم بەرەو ئاراستەی بایەکە دەڕۆیشت نەمدەزانی سەما دەکەم یاخود بەرەو بۆشایی هەنگاو دەنێم، هەر بەجولەی دەستەکانم و بەتێپەڕینی قاچەکانم خەوم لێکەوت، من سەمام دەکرد و خەوتبووم، ڕێگام دەبڕی و کەچی چاوەکانم نووقاو بوون، تیشکی خۆر لەزەویەکی ئاڵتوونی دەدا، نەمدەتوانی سەیری زەوی بکەم، زەوی یەك پارچە لم بوو، تا بینایم دنیا هەمووی یەك شێوە بوو، کەس نەبوو تەنیا من لەوێ بووم، سرووشت یەك ڕەنگ و یەك شێوە بوو، ئاسمان سەرتاپای بریتی بوو لە ڕەنگێکی بۆر وهیچیتر، دەکەوتمە سەر ئەژنۆکانم و تێدەگەیشتم کە لەناو بیاباندام، لم دەیویست هەڵم لووشێت، بیابان پەلەی بوو بۆ قووتدانم، ڕەشەبایەك دەهات.. لەگەردەلوول دەچوو، لەناو لمی هەڵگرتوو زۆر شتی تری لەگەڵ خۆی دەبرد، گەردەلوولێك بوو پڕی بوو لە نامە نووسراوەکانم و ئەلبومی وێنەی هاوڕێکانم و دەفتەری ڕەنگاو ڕەنگی یاداشتەکانی دلڤینی برازام و سکێچی



تابلۆکانی حەمە هاشم و هەموو ئەوانە بەرەو ڕووم دەهاتن و منیان لەخۆیان لوول دەدا، لەناو گەردەلوولەکەدا بووم، سەرتاپام ووڕ دەبوو، لم کوێری دەکردم، هیچم نەدەبینی، بەلاّم دەمزانی کەسێکیتریش لەناو گەردەلوولەکەیە ئەو کاتەی ووتی "ئێرە مەنزلگای تۆیە" تێگەیشتم ئەوە دەنگی تۆیە، تەنیا فریای ئەوە کەوتم پێت بڵێم "من جەستە و ڕۆحێکی هەلا هەلابووم پێویستی بەوە نەدەکرد تۆ ئەنفالم بکەیت، ئەو کاتەی تەلەفۆنم بۆ دەکردی لەناو دڵی شەقامێکدا ئەو دەمەش من ئەنفال کرا بووم، ئەو هەموو ئەزیەتەی نەدەویست ئەمیرەی سرووشت لەبیابان ئەنفال بکرێم"
سەیر بوو، تۆ هەر بەهەمان ویقاری خۆت بووی، شاڵەکەت بەسەر شانەکانتدا دابوو تا هەمیشە لە ئەمیرەی عەرش بچیت، سەیر بوو هیچ بەزەییەکت لەناو ئەو گەردەلوول و لم و بیابانە بەمن نەهاتەوە، لمەکە لەناو گەردەلوولەکە وون دەبوو، ئەو بیابانە هیچی تیا نەما بوو، تەنیا تۆ بەتەنیا لەناو لمدا پیاسەت دەکرد هیچ گەردەلولێك نەیدەتوانی بەلاتدا تێپەڕێ، هەموو بە فەرمانی تۆ بەڕێوە دەچوون، کاتێ بیابان شەق دەبوو دەبوومە دوو پارچە و لەت دەبووم، دەستت بۆم درێژ دەکرد و هەڵت دەستاندمەوەو دەبوومەوە جەستە شکست خواردووەکەی جاران بەبێ ئەوەی هیچ لە شتەکان بگۆڕێ، بێئەوەی لە خەندە هەمیشەیەکەتم پێ ببەخشی ئەتووت "هەڵسە ئەوە خەون بوو ڕاستی نەبوو، هێشتا ئەوە سەرەتایە بۆ ئازار " من خۆم لێدەبووە مەسیح و خۆم بۆ ئازاری تر ئامادە دەکرد، تۆ دەستەکانت بلاّو دەکردەوە، لەشێوەی خاچێك دەوەستای، منیش خۆم پێ شۆڕ دەکردەوەو ملم بەخاچەکە لار دەبۆوە، ئێستا من وتۆ لەوێنەی مەسیحێکی لەخاچ دراو ئەچین.
لێرە دەمامکەکان لەکەرنەڤاڵی خۆیاندان، ئەوەتان کەرنەڤاڵی دەمامکەکان ساز دەکەن، نامەکانم ئەوانەی بۆتۆم نووسیون بەدەستیانەوەیە ولەگەڵ خوێندنەوەی کزۆڵە دەبم و گوێ بەسینەی خۆمەوە دەگرم، سوێند ئەخۆم دڵم لێ نادات و وەستاوە، لەبڕی ترپەی لێدانی گوێم لەدەنگی شکانی وورده شووشەیە، دڵم وەك پیاڵەیەکی شووشە وادەشکێت، هەموو تەمەنم بەقەد ئەم ساتە بریندار نەکراوم.
شێتانە ئەو کەرنەڤاڵە بەجێ دێلم، گریان شکست دەنووسێتەوەو هێشتا ناتوانم باوەڕ

بەهیچ شتێ بکەم، بەدڵی درزبووی شکاوم ئەڵێم "ئەگەر وابێت تا مردن دەبێ دڵم ببێت بەکەلاوەیەکی بەجێماو" ئەو کاتانەی تەلەفۆنت بۆ دەکەم و دڵنیا دەبم دەمامکە قێزەونەکان بەبێ ئاگایی خۆت نامەکانمیان دەرکردووەو دەیانەوێ پەی بە نهێنیەکانی تۆ بەرن، ئیدی هێمن دەبمەوە، سەرلەنوێ دڵم دەکەوێتەوە جولە، تێدەگەم کە تۆ چ پەریزادەو چەند موقەددەسی بۆ من، تۆ کە مانای ژیان و بوونم پێ دەبەخشیەوە، ئیدی وێنەکەت گەشتر دەبێت بۆ پەرستن و خۆشویستن، ئەگەر بەهۆی ئەوە نەبێت کە بۆتۆ ناخۆش بێت، بڕۆ پێیان بڵێ "ئەوەتە گەر بەلاتانەوە مەبەستە وەرن بزانن کێیە بەو ڕادەیە عاشقم بووەو هەموو جوانیەکانی دنیاش لەچاوەکانی منەوە سەیر دەکات" منیش پێیان دەڵێم "ئەوە منم ئەو نامانەم نوسیووە، تەریق ئەبنەوە لەخۆتان شەرم ئەکەن، من بە شەرەف و شانازیەوە نووسیوومەو تا ئەو پەڕی دووری ئاسمان دەمەوێ بەو عەشقە پاکیزەیەوە هەناسە بدەم بۆ ژیان" هەر ڕەفتارێکت.. هەر بینینێك.. هەر گوێ لێبوون لە دەنگت سەرلەنوێ پڕم دەکاتەوە لە ئەوینت، ئێستا پیاوێکم پڕم لەتۆ، تۆ بۆمن هەموو شتێکی، تەنها خۆشەویستی تۆم هەبێ هەست دەکەم هەموو جیهان دراوە بەمن، ئیدی ئەو کاتانەی کە بەیەکەوە دەبین هەست دەکەم کەس ناتوانێ لەم جیهانە لەمن بەختەوەر تر بێت، با هەموو جیهان بزانێ خۆشم ئەوێی، ئەوە تاکە شەرەف و شانازیەکە بۆ من، دەبێ چی لە خۆشەویستیت گەورەتر بێت، تۆ هەمیشە بەختەوەری مەزنم پێ دەبەخشی کە هیچ کەسێك نەیتوانیووە پێمی ببەخشێت، تۆ سەر لەنوێ وا دەکەیت هەست بکەم "ژیان جوانە" ئەگەر چی ئەوە جوانیەکانی تۆیە ژیانی لا جوان کردووم، جوانیەك دەتوانم هەموو ئەوانە ببەخشم کە ڕووخسارەکانیان لەپشت دەمامکەکان حەشارداوە، ئەوە خۆشەویستیتە فێرم دەکات کە لەبەرامبەر ئەوانەی خراپەم لەگەڵ بکەن، لێبووردە بم، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆحم پڕ بێت لەتۆ دەبێ بەقووڵی لە کونجێکی تاریك ولە بەردەم مۆمێك بەقووڵی بیرت لێ بکەمەوە، وەك بیرکردنەوەی پێغەمبەرەکان لەخودا کاتێ وەحیان بۆ دەهات، تا ئەو دەمەی فریشتەیەك دێت و پێم ئەڵێ "تۆ بە عەشقی ئەبەدیت گەیشتووی" منیش بەو هیوایەوە چاوەکانم لێك ئەنێم، بۆ ئەوەی بەڵکو ئەوە خوایە بەیانی بە دەنگی تۆ خەبەرم بێتەوەو پێم بڵێی " ئیدی من



و تۆ دوو کەس نین و یەك کەسین"

ئەمڕۆ ٢٠١٩/٣/٥ کاتێ ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم، ٤٧ ساڵ بەسەر تەمەنم تێدەپەڕێت، کاتێ بیر لەو ڕابردووە دەکەمەوە لێوان لێوە لە شکست ودۆڕان، پڕیەتی لەشەوانی مەستی کاتێ لەبەردەم پێکێك شەراب وەك تەنیاترین ئینسان بۆ بێئیرادەیی خۆم دەگریام، تێپەڕینی ڕۆژە گەرمەکانی هاوین و شەوە ساردەکانی زستان لەهۆڵەکانی پڕۆڤە کاتێ لەنیوە شەودا زۆبا عەلادینەکەمان لە پۆلیسەکە دەدزی و لەگەڵ چەند مرۆڤێکی تاریك لەدەوری کۆ دەبووینەوەو چیرۆکی ڕابردوویان دەگێڕایەوە، منیش حیکایەتی گریانی داهاتووم بۆیان دەگێڕایەوە، دەمووت "ڕابردوو هەمووی شکست و گریانە شتێکی تیا نیە شایەنی باسکردن بێت" ئەمڕۆ کە ٤٧ ساڵ بەسەر تەمەنم تێدەپەڕێ باوەڕ ناکەم بەقەد ساڵەکانی تەمەن بەسەعات وەك مرۆڤێکی بەختەوەر ژیابم، چ کارەساتێکە کەهەست بکەیت لەماوەی ٤٧ ساڵ نەتوانیووە ٤٧ سەعات بەختەوەر ژیابیت، لەگەڵ ئەوەشدا هیواکان هەر زیندوون، دەزانم ڕۆژێك دێت بەختەوەرییەکان ساڵە تاریکەکانی تەمەن دەسڕێتەوە، خەونەکان دەتوانن شوێنی ئەو هەموو ساڵی نائومێدیە بگرنەوە، ئەوسا هەست دەکەم نەك ٤٧ ساڵ، بەڵکو ٤٧ قەڕنە من لەگەڵ تۆ بەختەوەرم، وەك چۆن ئێستا کاتێ بیر لەتۆ دەکەمەوە، هەست دەکەم لەماوەی ئەو ٤٧ ساڵی تەمەنە.. ٤٧ دەقیقە بەختەوەر ژیاوم، ئەویش هەر هەمووی لەگەڵ تۆ بووە، یەکەم دەقە لەژیان کە بەختەوەر بووم ئەو بەیانیە بوو بۆ یەکەمجار لەگەڵت دانیشتم، ئەوانیتریش بەشێکیان بریتی بوون لەساتی تەلەفۆنەکانت و هەروەها ئەو دەمەو عەسرەی بەیەکەوە دانیشتین، دوا دەقیقەکانی بەختەوەریش کە لە باخچەکە بەیەکەوە وەستابووین، تۆ کە لەساتە زۆر کورتەکانتدا ئاوا بەختەوەری تۆمار بکەیت، ئاخۆ لە پێکەوە بوون تۆ بڵێیت بەختەوەری بۆ ئەبەد نەمسووتێنی؟ بەلاّم نا تۆ ئاگر نیت بارانێکیت چی گڕ هەیە لەڕۆحما دەیکوژێنیتەوە وتەنیایەکان لەبەر دەم ئەو بارانی عەشقەت بە پیاسەیەك کە چەترێك هەردووکمان کۆ دەکاتەوە، کۆم دەکەیتەوە، ئیدی من بۆ هەتا هەتایە پیاوێکی پارچەکراو نابم، بەڵکو لەگەڵ تۆدا چەترێك کۆم دەکاتەوە، منالێك دەبینین بەجانتاکەی کۆڵیەوە دەچێتە قوتابخانەو باران هەموو گیانی تەڕکردووە،

چەترەکە دەدەمە دەستی مناڵەکەو تۆ دەڵێیت "ئێمە چەترمان بۆچیە با لەبەر بارانەکە پیاسەکەمان تەواو بکەین، شەقامەکە تاریک دادێت، کۆلانێك دەچێتەوە سەر دەرگای دڵی تۆ.. لای ئینجانە ڕەنگاو ڕەنگەکانی هەناسەی من، هەردووکمان دەباتە کەنار پیاسەیەك، لەو کۆلانە دەرگایەك بەڕوومان دەکرێتەوە، من وتۆ بۆ ئەبەد تیای دەچینە ژوورەوە، ئەوە چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو ڕۆحی یەکتر، پارچەکردن و وێران کردنی هەریەکە لە (من وتۆ) یە بۆ (ئێمە) بۆیە ئێستا ئێمە یەکێکین و دووان نین.

دیکارت ووتی "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم" ئەو بوونی وابەستە کرد بە بیرکردنەوە، کەچی لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم فەیلەسوفی فەرەنسی (فۆکۆ) ئەو کۆژیتۆیەی دیکارتی گۆڕی بۆ "من هەڵە دەکەم کەواتە هەم" مەبەستی ئەوە بوو بۆ ئەوەی بوونمان ئامادەیی هەبێت دەبێت هەڵە بکەین، مەبەستی سەرەکیشی ڕەخنەگرتن بوو لە عەقلانیەتی خۆرئاوایی کە مرۆڤ بە ئامێر دەکاو دواجار ئامێرەکان دەبنەوە چەکی کوشندە بۆی.

کاتێ دەمەوێ لەنێوان بیرکردنەوەو هەڵەکردن پانتاییەکی نوێ بۆ بوونی خۆم بدۆزمەوە، پێویستم بەوەیە بەقووڵی لەنیگاکانت وورد بمەوە، سەیری باران بکەم و لەبەردەمیدا تێپەڕم، تا هەست بە بۆنی باران بکەم، لەناخی خۆمدا لم ببینم تا بیابانی ڕۆحم بەدوای باران بگەڕێت بۆ ژیان، ئەو ساتانەش بوونی من وابەستە دەبێتەوە بەهەست کردن بە هەناسەکانی تۆ، ئەو دەمەی لەشەقامدا تێدەپەڕم وهەست بە هەناسەت ئەکەم، کە دائەنیشم.. کە لەماڵە تاریکەکەمان دەمەوێ بخەوم، کە بیر لە پڕۆڤە دەکەمەوە، کاتێ دەمەوێ بەرنامەیەك پێشکەش بکەم، لەگەڵ گەنجێك گفتوگۆ بکەم.. لەهەموو ئەو ساتانەدا هەست بە بوونی هەناسەکانت دەکەم، ئەو دەمە ئەو هەست کردنە دڵنیابوونە لە بوونی تۆ، بوونی تۆش ڕووبەرێکی بۆ نووسینەوەی بوونی من، بۆیە مادامەکی لێرەش نەبی من "هەست بەهەناسەکانت ئەکەم، کەواتە من هەم"

تۆ بۆ هێندە نزیکی، بەو هەموو دووریەی جەستەوە ڕۆحت لێرەیە، لەناو سینەی بریندارم، بیابانێکە خۆتی پیا ئەکەیتە ژوورەوە، گۆرانیەکی کە خۆر هەڵدێت خۆت ئەکەیت بە قەوانە شکاوەکەی دڵی من، تائەو دەمەی چاوەکانم لێك ئەنێم دەنگت لەناو



پەنجەکانم دێنە دەرێ، خۆیان بە ماڵی چاوم ئەکەن، لە پەنجەرەی هەناسەم دێنە دەرێ، بەبێ لەدەرگادان دەچنەوە ناو دڵم، پەنجەرەیەك دەکەمەوە سەر پشت، لەدەرەوە باران خۆی دەکات بە نیگام، وێنەی چاوەکانت لە ڕووخساری باران دەبینم، باران بالای خۆی دەخاتە ناو بالای تۆوە، ئێستا من عاشقی بارانم و تۆ لەودیو پەنجەرەکە بەخوڕ دەباریت، دەچمە دەرەوە تا تۆ تەواو تەڕم بکەیت بەخۆت، دێمەوە بەردەم پەنجەرەکە بیری باران دەکەمەوە، باران دەستم ئەگرێ ئەمهێنێتەوە هەیوانی باخچەیەکی سیس و زەرد هەڵگەڕاو.. من و باران سەما ئەکەین، تۆ بەسەر هەردووکمان دەباریت، من و باران دەستەکانمان ئەکەینەوە، تا تۆ ڕەنگی کاڵی چاوەکانت ئومێد بە باخچەکە ببەخشیەوە، باران شێتانە سەما دەکات، تۆش لەو شێتتر بەسەریا ئەبارییت، هەورەکانت ئەکوشی هەمووی دەخەیتە ڕۆحی بارانەوە، تۆ و باران تێکەڵی یەك ئەبن، دەبنە یەك جەستە، باران ڕەنگی تۆ ئەگرێ، چاوەکانت بە ڕەنگی باران ئاو ئەدەیت، تۆی باران بە ویقاری ئەمیرەیەکی لەخۆباییەوە بەپێشمدا تێدەپەڕی، لەسەر چۆکەکانم دانیشتوومە سەرم بۆ ئاسمان بەرز ئەکەمەوە، داوا لەخوا ئەکەم ئەم بارانە خۆش نەکاتەوەو بەهارو هاوین و پایز نەیەت، ئەو بارانە هەر بەردەوام بێت، من ئەو بارانە ناو ئەنێم (وەرزی عەشقی ئەبەدی تۆ و باران) تۆ خۆش ناکەیتەوە، هەر ئەبارییت، بیابان لەڕۆحما نامێنێ، دەریا ڕۆحم ئەخنکێنێ، من ڕۆحی تۆ و ڕۆحی خۆم دەخەمە ناو کەشتیەکەوە، لەناو کەشتیەکەدا دوای ئەوەی چەندین قەرن سەرلەنوێ لەچاوەکانت وورد ئەبمەوە، تۆ زۆر لەجاران بێدەنگیتر سەیرم ئەکەیت، کەچی هێشتا من گوێم لەترپەی بارانی دڵی تۆیە. تۆ هیچم پێ مەڵێ نەبادا لە جەبەرووتی دەسەلاتەکەت کەم بێتەوە، دەشێ تۆ بۆ ئەبەد هەر ئەو ئیمبراتۆرە بیت، من هەموو چرکەیەك گۆرانی (تا تڕووسکایەك ژیان بوونی هەبێ خۆشم ئەوێی) بڵێم تا قوورگم پڕ ئەبێت لەخوێن، تۆش بە شکۆی ئیمبراتۆرێك کە هەرگیز بەزین و شکستی نەدیووە، بە ئاماژەیەکی چاو ڕەتم بکەیتەوە، ئیدی چارە نیە من ئەو مرۆڤەم هەموو تەمەنم بێدەنگ نابم، دەمەوێ ڕۆژێك دەنگم بتوانێ کۆتایی بە بێدەنگی تۆ بێنێت، بێدەنگی تۆ پایزێکە چی گەڵای درەخت هەیە بەڕەنگ زەردی هەڵیەوەرێنێ، ئیدی بێدەنگی تۆ و پایز لەیەك ئەچن، پایز لەگەڵ هەڵوەریندا

سەرلەنوێ جوانی بە زەوی دەبەخشێتەوە، کە ڕەنگە سەوزەکانی کاڵ ئەبنەوە زەوی دەکەنە ئاڵتوونی، تۆش کە بێدەنگ دەبیت و گەڵاکانی دڵی من هەڵئەوەرێنیێ، گەڵا هەڵوەریوەکانت، پەیکەری موقەددەسی عەشقی تۆ درووست دەکات، تۆ ژنێکی لە پایز.. بۆیە پایزم خۆش ئەوێ، ئەو دەمەی چی گەڵای دڵم هەیە هەڵیەوەرێنیێ، هەناسەکانت پڕ دەکەیت لەڕەنگی پایز.. باخچە بە خەزان ڕەنگ دەکەیت، گەڵاکان بەسەر سەرتەوە، گەڵاکانی ژێر پێت کۆئەکەمەوە، لەسەر زەوی خۆم بەگەڵاکانت دائەپۆشم، ئەو دەمەی من گەڵا داپۆشیووم.. لەدارستانێك یەك درەختی لێیە ئەویش تۆی کە ناوم ناوە (درەختی پایز) درەختێك بەو گەڵا وەرینەش ئامادە نیە دان بەجوانیەکانی پایز بێنێت، بەڵام من لەژێر گەڵاکانتەوە خەونەکانم ئەگەشێنەوە.. بیر لەوە ئەکەمەوە دەشیێ ڕۆژێك (sms) ێکم لەتۆوە پیێ بگات، بەڵام بۆ ئەوەی کار نەکات لەجەبەرووتی ئیمبراتۆریت دەشیێ بە بەتاڵی بینێریت، تا من تێبگەم لەوەی ئیدی من و تۆ ژیانمان بەیەکەوە دەنووسینەوە لەو نامە بەتاڵەوە، لەسەر پەڕێکی سپی وەك سپیەتی (sms) یەکەت لەسەر بەفر بەنینۆکەکانمان هەریەکەمان پەنجەی ئەویتر زامدار ئەکەین تا دڵۆپێك خوێن بێتە دەرەوەو هەریەکەمان ناوی ئەویتر لەسەر بەفر بنووسێت، ئەوە نووسینەوەی ئێمەیە لە پایزەوە بۆ بەفر، لەویشەوە بۆ وەرزی ئەبەدی خۆشەویستی.

ئیدی تۆ پێویستت بەگەڕانە بەدوای دەرگایەکی زلی حەسار ئاسای سەردەمی بارۆنەکان، دەرگایەکت دەوێت کەداتخست دڵی من بتکاتە دەرەوە، بەڵام ئەمیرەی خەیاڵ و هۆشی من گەڕان بەدوای ئەو دەرگایە جگە لە درۆیەك هیچیتر نیە، چونکە چەندە کیلۆن و قفلی دەرگاکانی تۆ ئاڵۆزبن، کلیلێك لەسەر دڵی منە باکی بەهیچ لەدەرگاکانت نیە، کەس داوای لیێ نەکردووی ئیدی دەرگاکان بکەیتەوە سەر پشت، چونکە ئێوارانێك من لە پەنجەرەکانی دڵی تۆوە خۆم خستەوە ناو ژیان، ئەو پەنجەرەیە سەرەتایەکیتر بوو، کۆتاییەك بوو بۆ دەسپێکی جوانترین دنیا، دنیایەك تۆ هەمیشە دەتەوێ پێم بڵێی کۆتاییە، بەڵام ئەوە جگە لە سەرەتایەك هیچیتر نیە، سەیر کە بزانە تاچەند قەڕنی تر دەتوانم بمێنمەوە، تۆ تەنیا دیقەت لەوە بدە بزانە تۆ چ ڕووناکیەت بەمن بەخشیووە کە دەتوانم تا ئەبەد جگە لە عەشقی تۆ هیچ عەشقێك بۆی نەبێت بێتە دڵمەوە، دەتۆش



تکایە تا من لەسەر ئەو زەویەم مەیەلە هیچ خوانەناسێك لەدەرگای دڵت بدات، دەتوانم هەموو تەمەنم بەخەونی چاوەڕوان کردنت بەرمە سەر، قەینا تۆ لیێم نزیك مەبەوە، وەڵامی هیچ نامەیەکی من مەدەرەوە، قەت بیر لەوە مەکەوە ڕۆژێك تەلەفۆنێکم بۆ بکەیت، بەڵام هەمیشە لەوە دڵنیابە کە ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستی تۆ ترووسکایەك لە گیانم نامێنیێ داگیری نەکات، هەست ئەکەم هیچ شتێك لەتۆ مایەی نیگەرانی من نەبووە، تاکە شتێك کە ئازارم بدات لەتۆ تەنیا ئەو کاتەیە کە بە کاك ناوم دەبەی، چونکە من قەت کاکی تۆ نیمەو ناشبم، ئاساییە بە برای هەموو کچ و ژنێکی ئەو دنیایەم ببینی، بەڵام لەبەرامبەر تۆ هەمیشە خۆم بە عاشقت ئەزانم، بۆیە ئیدی دەرگایەك نادۆزیتەوە بۆ ئەوەی بەڕووی مندا دایبخەی، تۆ بۆمن ئیمبراتۆرێکی هەموو سنوور و لەمپەر و دەرگاکانت بەزاندووە، چوویتەتە ناو ڕۆحمەوەو کەس توانای دەرکردنی تۆی نیە لەناومندا، بۆیە هەست ئەکەم بەوەیان زۆر شادومانم، کە تا ژیان لەسەر ئەو زەویە مابێت تۆ لەناو مندا ئامادەبییەکی کۆنکرێتی وئەبەدیت هەیە، نا.. ئەبەدی چی ئەوە ڕۆحێکی ئەزەلی بوو ئەو دەمەی خودا ئادەمی خەڵق کرد و بەر لەوەی حەوا لەپەراسووی ئادەم بخولقێنێت ڕۆحی تۆ لەناو ڕۆحی مندا بوو، بەڵام ئەوەیان شاردرابۆوە، ئەو ئەهریمەنەی بەر لەوەی سێو دەرخواردی حەوا بدات گوناهێك و سیحرێکی کردبوو تا دنیا بخەڵەتێنیێ بەوەی من و تۆ دوو ڕۆحین و ڕۆحێك نین، ئێستا کە هەست دەکەم تۆ لەناخمای، جیهان بەهۆی تۆوە دادوەری بۆ گەڕاوەتەوە، هەست ئەکەم ڕابردوو هیچ نەبوو بۆ من، بەڵام خەونی داهاتوو نایەڵێت بیر لەوە بکەمەوە کە داهاتوو هاتنە دی خەونەکانم نیە، درۆیەکی گەورەیە کاتیێ پێمان وابیێ ئیدی تراژیدیاکانی سیاسەت وای کرد خەون کۆتایی بێت، تا تۆ لەسەر ئەو زەویە بیت و من توانای خەون بینینم تیا بمێنیێ داهاتوو سەدەی خەونە.. خەون بینینی هەمیشەیی بە تۆ، هاتنە دی خەونیش لەدایکبوونی بەختەوەری ئەبەدیە، بەهۆی دڵنیابوون لەخەون دەتوانم بێدەنگ بم، ئارام بگرم.. تا ئەو دەمەی تۆ خەونەکان دەکەیت بە حەقیقەت و وەهمەکان دەکەیت بە ڕاست، ئەگەر واشت نەکرد من چیم زەرەر کردووە.. کە تامردن عاشقی تۆ دەبم، تکام وایە ئەگەر ڕۆژێك مردن هات و من بەخەونەکەم نەگەیشتبووم، تکایە با بەناوی تۆ

تەلقینم بدەن.

هیچ کاتێك مەیەلە گومان بێتە ناو دڵتەوە کە من لەهیچ ساتەوەختێ بیر لەیەکێکی تر بکەمەوە، ئەی ژنە ساسانیەکەی ئەهرامی دڵم، لەوانەیە زۆرکەسم قبوولْ بێت کە هاورێم بن، هاورێیەتیان قەبوولْ بکەم، بەڵام قەت چاوەڕوان مەبە هاورێیەتی تۆ قەبوولْ بکەم، لەکۆتاییدا تۆ بە خۆشەویستی ئەبەدی دەمێنیەوە، هەمیشە جوانترین ئاماژەی بۆ دڵی من، ئەو دەمەی بیر لەجوانی بکەمەوە هەستێك کە تۆی داگیرم دەکات، کاتێ فلمێك دەبینم و دیمەنێکی خۆشەویستی تیایە، یەکسەر تۆم بیر دێتەوە، بۆیە هیچ ڕۆژێك با بەدڵتا نەیەت کە گومانم لێ بکەیت و پرسیاری منالأنە ئاراستەی خۆت بکەیت، کە من بیر لەکەسی تریش دەکەمەوە، هەموو ڕێگایەکم لەگەڵ تاقی بکەوە، بەدەرە دەست چی کچ و ژنی دنیا هەیە، بزانە جگە لەتۆ کەس توانای ئەوەی هەیە بێتە ناو دڵی منەوە، هێشتا ئادەم تامی سێوی نەکردبوو کاتێ دڵی من قفلێکی زلی لێدراو کلیلەکەشی درایە دەستی تۆ، بۆ ئەوەی ئەو قفلە داخراوەی دڵم بکرێتەوە، دەبێ کلیلەکەی دڵی تۆ بیکاتەوە، گەر تۆش نەیکەیتەوە تا ئەبەد دڵی من بە داخراوەیی دەمێنێتەوە، بەوە نیە بێدەنگی لێم و تەنانەت ئامادە نیت بەهەر شێوازێك بێت لێم بپرسی، ئەو دووریە نەك کاری لەهەستەکانم نەکردووە، بەڵکو هەمیشە هەست دەکەم نزیکی لێم و قەت دوور نیت، هەر وادەزانم بەیەکەوە قسە دەکەین، ئەی ئەوە نیە تۆ لێرەیت لەناخما، پڕت کردووم لەخۆت و ئێستا پیاوێکم لەتۆ، ژنێکی کەس وەك من نەیتوانیوە خۆشی بووێت.

یەکێك لەبیانووە کووشندەکانی تۆ ئەوەیە کە گوایە تۆ پێنج ساڵ لەمن گەورەتری، ئەوەش وا دەکات کە تۆ بەمن ڕازی نەبیت، دیارە هەموو ئەو بەربەستانە بۆمن پێویستی بە چاوەڕوانیە تاوەکو چارەسەر دەبێت، هەمیشە بەخۆم ئەڵێم با ئازار نووقمم بکات گرنگ کۆتایی من و تۆ بەیەکەوە بین ئەی عەشقی ئەبەدی من، کوا من لەتۆ تووڕەم کە لەهەواڵم ناپرسی، نا لەو بێدەنگیەت پێدەکەنم، وا دەزانی بیرم ئەچیت، من زیاترم خۆش ئەوێی.

ئەو دەمەی هەست دەکەمە چەند ساڵێك لەتۆ بچووکترم خۆم بەمنالەکەی فیلمی



(مالینا) دێتە بەرچاو، کاتێ بەخەیاڵ دەچێتە ناو ماڵەکەی مالیناو ئەو خەوتووە پێی دەڵێت "چەند ساڵێکیتر لەسەرم بووەستە تا گەورە ئەبم" ئێستا منیش خەیاڵ دەمهێنێتە ناو خەڵوەتە تەنیایەکەی تۆوەو پێت ئەڵێم "سەروەرم کە جیاوازی من و تۆ تەنیا پێنج ساڵەو تۆ دەتەوێ خۆشەویستەکەت لەخۆت گەورەتر بێت، دەساڵێتر لەسەرم بووەستە تا گەورە ئەبم و ئەوسا نەك پێنج ساڵ لەتۆ منالتر نیم، بەڵکو پێنج ساڵی تریش لەتۆ گەورەتر ئەبم، لەتەمەنی خۆت مەترسە من زەمەنی جولەی گەردوونم ڕاگرتووە تەمەنی تۆم وەستاندووە نایەڵم چیتر بچێتە پێشەوە تا من پێت ئەگەم و پێشت ئەکەوم".

**ئاماژەکان:**

١- مەبەست هاورێی شانۆکارم (کاردۆ) یە
٢- فری ئاماژەیە بۆ شانۆکاری برام (فریاد ئەحمەد)
٣- ئاماژەیە بۆ هاورێی هەمیشەیی خەون و شکستەکانم کۆمەڵناس (زیرەك عەبدوڵلا)
٤- ئەو دێرە لە تێکستێکی شانۆیی وەرگیراوە بەناوی (گیتار)
٥- هونەرمەند (حەمە هاشم) وێنەی مۆنالیزای کێشاوەتەوە
٦- ئیحاو بەکارهێنانی ئەم دێرە دەگەرێتەوە بۆشیعرێکی (هیوا قادر)
٧- ئەوە پرۆسەیەکی دۆنادۆنی نێوان (من/محەمەدی دڵشوشە) ی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) یە.
٨- ناونیشانی گۆرانیەکی هونەرمەندی شەهید (کاروان عوسمان) ە.
٩- ئیحای ئەم دێرە لەدێرە شیعرێکی (وەرزی عەشق و زمانی ئەنفال) ی ڕێبوار سیوەیلی وەرگیراوە

# وێنە تەباکانی عیشق



بورهان ئەحمەد

ئەم عیشقە

پێناسەکانی

لە یاخی بوونی پێناسەدا کۆکردۆتەوە

*　　*　　*

ئەوەندە سەرگەرمە

یاساکان سەرەونخوون دەکا

یاسای سوورانەوەی زەوی

یاساکەی (ئەرخەمیدس)

*　　*　　*

ئەوەندە یاخییە

دەبێتە مایەی

تێکچوونی ڕێڕەوی ئاو

پێچەوانەی (با) هەڵدەکا

لە دژی شەپۆل دەجەنگێ

*　　*　　*

ئەوەندە جوودایە

بیردۆزەکانی گۆڕیوە

تیۆرەکانی ئاوەژوو کردۆتەوە



بیردۆزەکەی (فیناگۆرس)

تیۆری هەڵهاتنی خۆر

یاساکەی (نیوتن)

*　　*　　*

ئەوەندە ئاشووبە

فەوزای گەیاندە بەر هەیوانی مزگەوت

واهیمەی خستە دڵ نوێژەکانەوە

ئاژاوەی لە بەردەم میحراب دانا

مەیخانەی پڕکرد لە کورسی زمانزان

لە مێزی قسەکەر

*　　*　　*

ئەوەندە بەجۆشە

زاهید بەحەشیشە رادێنێ

تلیاک کێش دەکاتە سۆفی

مەیخۆر دەگۆڕێتە دەروێش

بەرد ریشی بۆ بەردەداتەوە

مانگ فێرە جگەرە کێشان دەکا

*　　*　　*

ئەوەندە فیتنەیە

کوکوختی دەخاتە لیستی تیرۆرەوە

پەپوولەی بەشەرانگێزی راهێنا

کۆتر رادەکێشێتە سەر مێزی تۆڵە

بەزەیی دەبەخشێتە پڵنگ

ناسکی بەتاوێر

بەخشندەیی بەکەڤر

میهرەبانی بەجەللاد

# سەفەرێک لێرەو مردنێکیش لەوێ

ئارام شوانی

حاڵی نێو ئەم خانەقایە هەر وایە
شەوێ مردن‌و
شەوێکیش سەفەر
بە تەنیشت پەنجەرەکانی دۆزەخدا ..
لە نزیک لێزمەی ئەم بارانەوە
بۆنی مەرگێکی ڕەش دێت
دایکم لە خەوێکی قوڵ هەڵدەسێنێ‌و
دوایین ویردو پاڕانەوەکانی
لە تەنیشت سەرینەکەی منەوە جێدەهێڵێت ..
ئای ئەو هاوڕێیەی
جگە لە فرمێسک
لە هیچی دیکە ناچێت
وەرەو جوانتر لە گریان ببارێ



با تەڕتر لە شەو پێبکەنین ..
گەر ناباریت مەیە خوارێ
من دەچم بۆلای هەورو
ماچی دڵۆپەکانت دەکەم ..
گەر هاتی کراسێک لە ڕەنگی ئەو گۆڕستانە دەکەمە بەرم
ئاخر ماڵەکەی من بۆنی مەرگی گرتووە
تۆ کەی دەباریت ..
سەنگەرەکانی ژیان دەدەم بەتۆو
من دەچم بۆ نزیک ئەو بارانە
لەوێ دەنگی پیاسەکانی جەنگ دێت ..
ڕەنگە ئەمشەو حیکایەتی
دوایین پێکەنیمان ئەرشیف بکەم
کە لە شەقامێکی چۆڵی منداڵیمدا
بۆ گریانەکانی تۆ بەجێمهێشت ..

**تۆ بێدەنگتر لە من بنوو**

**منیش مەحزونتر لە تۆ دەگریم ..**

**ئاخر چوزانم باران لە نهێنی ئەم گریانەت دەگات**

**ئەوەتا لە دڵۆپێکیدا بۆی نووسیوم**

**:" لەژێر لێزمەیەکدا**

**بریاری بردنەوەی خەونی جوانماندا**

**کەچی لە گەرمی ئەم پایزەدا**

**حەسرەتمان پێ نۆش دەکەن ..**

**ئیدی تەنیاییەکانی تۆیش بە کۆڵمدا دەدەمو**

**نزای لیقات بۆ جێدەهێڵم" ..**

**ئەوە نزای بارانە**

**یا تورەیی منە لەو بەفرە نیشتووە**

**ئەوە ماڵی تۆیە یا ڕەنگی بارانە**

**بۆ کوێ دەچیت لە ئێرە غەریب تر بیت ..**

**کە ئێواران دەرگاکەم سەما دەکات**



**دەزانم بۆنی تۆی گرتووە ..**

**کەچی تۆیش وەک باران دەڕۆیتو**

**ئێمەیش بیر لە هیچ مەرگێکی ناکەینەوە ..**

**گەر دەزانی ئەم تەنیاییە چەند جوانە**

**بڕیاری ئەم مردنەت نادا ..**

**گەر بشتزانیایە ئەم مردنە چەند جوانە**

**ئەوە باسی تەنیاییەکانی منت بە دایکت دەسپارد ..**

**ئاخر دایکت ڕەنگی ئەم دەرگایەی من نازانێت**

**ئیدی دەستەکانی (باران) لە کوێن**

**تا سەمایەک بە چاوی ئەوان بکات ..**


Aram_shwane@yahoo.com


**کۆتا رۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٧**

# وەرە با بفڕین..

## هەرچەند فڕینمان بەخەیاڵی یەکدا مردنێکی ئەبەدییە ..

## بەڵام ژیان لێرە کوفرە کوفر



ئارام پەشێو

ئەمشەو مەلانی خەیاڵمان
ماچ و موچی عەشیقەت دەگۆڕنەوە
ئەوان ئاوێزانن و من و تۆیش مەملەکەتێک دوور لەم جەهری ئەوینە
ئەوان موحیببەتیان ئالوودەی ئایەتە حەرامەکانی مەنفایەو
من و تۆش بێباک بێاک لەم دوورییەی یەک
بڕوانە هەر زەمهەریرەو بۆ عیشقمان داخراوە
هەر شوعلەی ئاگری ئەم جەهەننمەیە بانگی سووتانمان لێدەکات
من رۆحیانەتم پڕە لەتەزووی دەمی یەک راموسین
تۆ پڕیت لەپێکەنینی ئەم مەغریبی ئاوابوونەی منی عیشق
ئەم سوحبەتی ئاوێنەیە ئۆفتادەم دەکات
ئیدی دەنکە هەناری ئەم جەنجاڵییەم پێ کۆناکرێتەوە



ئەی خودا .. ئەم جەنجاڵی و یەئسە خەریکن رۆحم ئوفتادە دەکەن ..
تۆش ئەی شەکرە کچ، بێباکتر لەوەی کە هەی
رۆحیانەتم بەتەرازووی ناعەدلی عومری خۆتەوە مۆمیا دەکەی !
تۆ لەئەزەلەوە لەو دار ئەرخەوانانە دەچیت
کە خۆت لەسەرە ڕێی ڕێبوارێکی چەتوونی
وەرزی مەعشووقبوونمان کۆتکردبوونەوە !
تۆ لەبەر دەرگەی ئەو کەلاوەیەدا خۆت شک پێکرد
تاهەنووکە هەر خەونی پێوە دەبینیت !
کە لەنێو مەنگیی رووبارێکی بێ ئۆقرەدا بووی بەمەلەوان
تا هەنووکە هەر پێل لێدەدەیت و
ناگەیتە کەناری ئۆخژنێکی ئەم گەڕەکە جەنجاڵەی عیشق !
تۆ دەمێک هەستت بەتارمایی مەغریبانێک کرد
ئەوسا نزیک هەڵاتنی ئەستێرەی مەعشوقبوونمان بوو
کەچی بەر لەکازیوەو بانگی هەڵهاتن .. تۆ ئاوات کرد
تۆ هەر خاڵیبووی لەعەشیقەتی
ئەم فەسڵە بێ ماهیەتەی موحیببەت
خۆ ئەودەم قەراربوو لەگەڵ سپێدەدا
ژووانێکی سەرمابردەڵەی لەگەڵ زستانی عیشق ببەستیت
گەرمای هیچ ئەوینێک گەرمت نەکاتەوە
قەراربوو تا قەداسەت گیانی دەردەچێت
تۆ سەرێک لەم زستانی ئەوینەم بەی
خۆ بڕیار نەبوو حوزنی ئەم مەملەکەتە تەیکەی
ئەی بۆچی خۆت لەبەر ئەم عەزابەی مەنفا نەگرت

ده وەرە بفڕە تا ساتی ژان داگرتنی نیشتمان
تا دەتوانی بەئاسمانی رۆحی مندا بفڕە
بفڕە تا رۆح لەدەستدانی ئەوینی ئەم ئەزەلستانەی عیشق
بفڕە تا باڵقبوونی جەللادێک بەخەمەکانی نیشتمان
تا ساتی هێوربوونەوەی دایک لەیەئسی مەرگی رۆڵەی لەخاچدراوی
بفڕە تا گیان دەرچوونی ئەم هەموو امەلاەی بەخستەوەری
بفڕە تا وەرزی فڕینت کۆتایی بەم ژانەی نیشتمان دێنێت
تا ئەودەمەی لەگۆ دەکەوی و
شەکەت شەکەت بەخەیاڵاتی مەعشوقەکەتدا سەرێک دەکێشیت ..
بفڕە
هەرچەند قەرارنەبوو هێند دوور بفڕی
بەڵام تا دەتوانی یاخیبە لەگریانی ئەم مەملەکەتە دزێوەی عیشق
هۆ نیشتمان .. ئەمێستا وەرزی فڕین و یاخیبوون نییە
وەرزی تەیکردنی ژیربوونەوەی گریانەکانی خۆت بەسەرچووە
بۆچ هێندە دوور لەخەیاڵی من دەفڕی
خۆ من لەودیو خەمەکانی چاوەڕوانی
بەحوزنەوە ئینتیزاری مەرگ دەکەم و
بەفریادڕەسیی ئەو شەرمەندەو خەجاڵەتم !
لەودیو دەرگاکانی ئومێدەوە، بەتەوسەوە لەبێئومێدی دەڕوانم !
جەخار من دەمویست بەبارتەقای ئەم هەموو بێ منییە هی من بیت
..
چ حیکمەتێک لەم فەزای تووڕەبوونەم دەتکێت ئەی خودایە !؟
وەرەو لەم فەرزی فەزای نوێژی تۆبوونەدا
ئاشنام کە بەخۆت ئەی مەرگ ..



ئەی ماتڵ بەم دوورییەم لەکاروانی غەریبان
نازانم بۆ ئەم هەموو شەڕی غەرییبیەم پێدەفرۆشیت
ئەم هەموو دووعا کوفرەم بۆ پێ ئەدا دەکەی ؟
ئەم تارژەنە تاچەند رۆحم ئاسووداکا ؟
ئەم نەیژەنە تا چ دەمێک دەمباتە حوزنی ژێیەکانی خۆیەوە ؟
ئەم فلووتە بۆچی نامژەنێت و ئاسوودەم ناکات ؟
بفڕەو مەغریبانێک لەگەڵ تاعەتی ئاوابوونی ئەم حەزەما بدوێ
لێکدانەوەی ئەم هەموو خەونەی مایەپووچەی عیشق بەئێمە چی ؟!
لەم دەڤەری گوناهبارینەدا .. گوێم لێیە دەنگی مردن کاسی کردووم
وەرەو بفڕە نێو باوەشی یاخیبووی ئەم مەغریبی حوزنەوە
وەک قژی خۆر بەسەر شانی سپێدەی عاجزما شۆڕبەرەوە
من لەم هەموو بێبارانییەی مەلەکووتی عیشق ..
بەتنۆکێک گریانی رۆح دەتنووسمەوە !
لەم حوزنە عازەبەوە، دڵی دەرگاکانم دەخەمە سەرپشت و
ناهێڵم لەترپەی دڵی هەراسانت رۆحی شەکەستەی "با" بڕەنجێت !
ژیان گەمەیەکی جوانە لەگەڵ قەدەرو
قەدەر کچێکی درۆزن دەرهەق بە ژیان !
تۆ مرۆڤانە یا وەک مێروو بەسەر پشتی ئەم تەنهاییەمدا گوزەرکە
با چیدی لەم تەنهاییەی خۆم نەڕەنجێم
با رۆحی ئەم تەنهاییەم نەکەوێتە گیانەڵڵای خۆیەوە ..
با چیدی زەمەن حاڵی عیشق نەگرێت
وەرە با قیبلەیەک بۆ ئەم نوێژی ناسینەمان لێکمان رامووسێت
ئەم هەموو فەرزی بێ سوونەتە عاجباتییە چین دەمنووسنەوە !؟
تۆ قەت بەکاروانی موحیببەتی ئێرە ناگەی

تۆ زۆرت ماوە لەشەبووستانی ئەم وێرانەیەی دوای کۆچ بگەی
چوون ئەوانی نێو دەریای مەحزوونیەتی عیشقیش
هەر پەلەی مەرگیان بوو .. وەک تۆ پەلەت بوو !
تۆ لەحزەیەک خۆت لەبەر ژێیەکانی چاوەڕوانی و
سەفەرێکی درۆینەش ناگری .. چ جای کۆچێک بەرەو ئەبەدییەت
کۆچ رووەو مەنفا .. رووەو مەرگ و یەئس و نائومێدی
چ جای وەنەوزدان بەدیار گۆرانییەکی رەشپۆشەوە
چ جای هەڵکوڕمان بەدیار سرووتێکی بەدبەختەوە وەک حاڵی عیشق
جەخار .. تۆ دەمێک بەحەسرەتی پشوودان
لەبەر سێبەری دەمەو عەسرانێکدا دەکەویتە گیانەڵڵا
ئیدی مەخلوقێک فریادڕەست نابیٚ و
حیکمەتێک تاقەتی لەهیچمان نامێنێت
ئیدی جگە لەخودا
کەسی دی حەوسەڵەی ئەم هەموو گوناه و یەئسەی من و تۆی نامێنیٚ
مەلەکانیش تاقەتی ئەزبەرکردنی ئەم هەموو نامەی مەنفایە ناگرن
تۆ دەمەو مەعشوقبوونێک بیر لەخودا دەکەیتەوە
ئیدی ژیان هێندەی بەبەر نەماوە بۆ زیندەگی
یا ئەو دەم .. وەرزی قەباحەت لەدوا ئاوەڕدانێتی و
مەلی فڕینی ئەم وەرزەی بێباک بێباک ئاسمانی رۆحمان تەیدەکات
کچیٚ خوداگیر .. قورسە ئەم مەرگی چاوەڕوانیی گیانەڵڵای عیشقە
سەختە سەخت .. ئەم چەرخی رۆح دەرچوونی عاتیفەیە
دە تۆش وەرە با وەک هەمیشە رووەو مەملەکەتێکی یاخی لەئەوین
بفڕین



وەرە با مەملەکەتێکی دی بناسین .. ئێرە جەهەننەمە جەهەننەم
نە باڵندەو نە مەلەوان و نە عەشیقەتی ئەم نیشتمانە روو بەنیقابە
هیچیان بۆنی ژێر دەواری نیشتمانەکەی تۆ و
فەسڵی پەڵەدانی ماچی دەمەو ئێوارانێکی تۆ و
لەبی شەکەرباری ئەم مەغریبەی تۆ نادەن
وەرە با دوور بفڕین .. رووەو مەملەکەتێکی خاڵی لە ئیمان
بفڕین ڕووەو وەرزێکی تەی نەکراو
بەرەو شەوە دەیجوری ئەم تەمتوومانە بفڕین
تا لەوێدا جگە لەخودا ..
کەس لەچێژی موحیببەتی مەعشوقبوونمان نەگات
جگە لەخودا .. عەبدێک ماتڵ بەم شەکەتبوونی عەسری خواکردەیە نەبێت
ئەوان مەخلوق .. دویٚ پڕتاو بەنێو تارمایی ئەم حوزنەو
سوێی گریانی باڵقبوونی پاسارییەکدا رەتبوون
ئەوان ئەهریمەن .. هەر ئێستا بەنێو عاقیبەتی
چڵێک رەیحانەی باخی خۆشنوودیدا گوزەریانکرد
ئیدی باخچە شڵەژا .. باخ کەوتە نێو ژانی خۆیەوە
چیدی چلێک خۆی پیٚ لەبەر نەکرا
تا هەنووکە لەخۆیان وون .. ئیدی فەنابوون
تائەبەد خۆیان پیٚ کۆنەکرایەوە
تۆش .. ئەمشەو وەرە تیژ بەخەیاڵی یەکا بفڕین
تا چیدی بەم جەنگەڵستانی پاش ئافاتی جەنگەیا پەل نەکوتین
با ئیدی بەخۆشمان ئاشنا نەبین
هەرچەند لێرە .. هەر چرکە فڕینێکمان بەخەیاڵی یەکدا مردنێکی ئەبەدییە

بەڵام .. دەستت بێنەو با هەر بفڕین بۆ دوور !
چوون مەرگ لەم ژینە سەختەی ئەم مەملەکەتەی ئێرە موقەدەسترە
ژیان لێرە هەمووی کوفرە .. کوفر
ئەم گەڕەکە جەنجاڵەی ئێمە پڕە لەیاخیبوونی منداڵی پێنەگرتووی پاش شەڕ
پڕە لەسۆزی ئەوان ئەستێرانەی .. ئەوان ئەرخەوانانەی کە تا دوێنێ
جنێوی موحیببەتیان هەدیەی نیشتمان دەکرد !
ئەوان دووژمنانەی .. کە تائەم دەم
میزیانەی بەعاقیبەتی پیرۆزییەکانی نیشتماندا دەکرد
ئێمە لەئەزەلەوە هەر تووڕەین
لەئەوسەری خۆمانەوە یاخین بەجوانییەکانی ژیان
ئاخر هەر خۆمان پڕتاو بەنێو حوزنی تەنهایی ئەم ئێوارەیەدا رۆچووین
کەس دەستی نەگرتین کەس
کەس قاچی پیاسەی دەمەو مەغریبانێکی نەشکاندین
کەس پێی نەووتین ئێرە جەهەننەمە کەس
کەس نەیووت ئێرە ژانی موسافیرێکی شەکەتی لێ هەڵکۆڵراوە
کەس نەیووت ئەو موسافیرە پاش لێزیادبوونی خۆی
خەمی بەدیاری لەم فەزایە ناشت
کەوابوو .. تۆش دوا جگەرەی حوزنت لەم شەوەدا
بۆ ئاچۆڕبوونی خۆت لەم تەنهاییەو
بۆ فریودانی دوا خەمی قەتماخەگرتووت داگیرسێنە
تا تاوێک رۆحیانەتت تزیکەی لەفیردەوسیی ماچەکانی موحیببەت
تۆش وەرە بمەو بمرفێنە تابووتساز .. مەرگم بۆ چێکە



ئەوا دنیا درۆ لەگەڵ منی مرۆڤ دەکات
ئەی بۆچی من هێندە ماندوو وەدووی خەمەکانیدا وێڵبم
ئەی ژیان .. تۆ دەمێکە جانتاکەت لەسەفەر لێجماوە
منیش دەمێکە واڕاهاتووم .. قێزم لەژیان بیێتەوە
دنیا بەجاسووسەوە جوانە .. دنیا کچێکی درۆزنە ..
دنیا بەربەرییە .. دنیا کچێکی سۆزانییە !
چوون بێدەنێگیم لێچۆڕاو ئەو تاوێ بەروومدا نەشنایەوە
با ئیدی لەوەوە فێربین گۆرانیی نەزۆک ئەدای نیشتمان نەکەین
جنێوی پڕ مەعریفە خەڵاتە نەک گۆرانیی جاسووسان
نەک درۆی بێ مەعریفان و گریانی جانتایەکی جێماو لەسەفەری یەئس
وەرە با بفڕین.. هەرچەند فڕینمان بەخەیاڵی یەکدا مردنێکی ئەبەدییە
.. بەڵام ژیان لێرە کوفرە کوفر

لەدڵی نیشتمانەوە بەپیاوە قژ ماش و برنجییەکەی وەرزی غوربەت و سەر ئالوودەبوو وەك بەفری زستان (جەمال غەمبار)ی کەڵە شاعیر لەباکووری زەمین و مەنفا پێشکەشە

زستانی ٢٠٠٨ - کەرکوك



**توانا ئەمین**

# سەگێك بێتاقەتە... زۆر!

خۆش خۆش لەپێشییەوە دەڕواتو ئەوی شوێن خۆی خستووە، سەگێگ ژنێکی بۆ پیاسە بردووە، من سەیری شینایی دەکەم.. لێرە نیم.. تەنیایی هەڵپێچاوم، قولەپێمی گرتووە، سەیری دەکەم پێمدەوەڕێ، گەماڵێکی خرپنە، چاوی لەسەر قەتیس دەکەم، ژنەکە گەشکە دەیگرێت وادەزانێ من بیر لەسەگەکەی ئەو دەکەمەوە، شتێك دەڵێ.. دەزانم فزولییەکەت لێناگەڕێو سەرم کوندەکەیت ئەگەرنا بۆم نەدەکردیتە کوردی.

لە ئیمەیلێکدا بە دلاوەر دەڵێم "ئوستاز.. غوربەت چۆن تایپ دەکرێت؟ بۆم بنووسە.. خۆت دەزانی من لە ئیملادا کۆڵم" دەروێشێك لەو سەهۆڵبەندانەوە بۆم دەنووسێت "ئازیز.. تۆ بۆ وادەکەیت؟ بۆ ئەوەندە خۆت هەڵدەکۆڵیت؟" ئەو نازانێ من لە سوبحی ساڵحانەوە لە ئەڵماس دەگەڕێم و مەغریبیان بەڵا سەردەخەم!!



بیر لە لێبوونەوە دەکەمەوە.. لێبوونەوە.. لێبوونەوە .. من وەك لێبوونەوەی قەیرەکچێك لە خوێن لێبوومەتەوە و هێندەش پێی دڵتەنگم.. ئەم هەموو ژنە چییە بەمندا دێن، من چیم بەم هەموو ژنەدا دەچم..! نەگبەتی گرتوومی و حەزدەکەم میز بکەم بە سەقفی ژوورەکەدا.. بۆم ناکرێ! وەك پیاوێکی هەرزان لە مەیدانی چەرچییەکانم، گێژەگێژ دەکەم کە دەبینم جارچییەك پاش قەیرێ وردبوونەوە لە من لەپڕ هاوار دەکات: "پیاوێك بۆ سکراب" ..تازە هیچ.. هەڵموەشێنە.. ئەو هەموو پارچەیەم کۆنابێتەوە.. چیم لێ دەکەیت؟ قاچم وەك داهۆڵێك بچەقێنەوە چیرۆکێکی شێرزاد.. سەرم بەدەمدا (تکایە بەدەمدا) سەرەونخونبکەوە نێو سیفۆنی ئاودەستێك، بۆنی ئەوێ گەلەك.. گەلەك لە سیاناوی ژیان خۆشترە.

تاقەتی راستکردنەوەی رێزمانی رستەکەم نییە، ژنەکە هەر ئەوەندەی وتووە: (سەگ بێتاقەتە .. زۆر) باوێشێك دەدەم کە ژنەکەم لە تەلەفوندا دەڵێ "با ئەوەندە پێنەکەنین، پێکەنینمان پێوە نایە" من قاقای نائومێدی دەکێشم و بە کچە بەقالێکی رووخۆش دەڵێم تۆش کیلۆیەك بەختەوەری بۆمن بکێشە، بەس توخوا با جوان بێت بۆ زەلاتەم دەوێت.

تا سەرم دەڕوات دەڕۆم.. تا قاچم عەرد دەگرێ دەگەڕێمەوە، ئەم رۆیشتنو گەڕانەوەیە لەتیان کردووم.. هەڵتلیشام.. لە دڵەوە حەز دەکەم بەشی گەڕانەوەم فرەتر بێت، کەچی ئەفسوس هەمیشە تای سەرهەڵگرتنم قورسترە.. من وەك سەگێك سەرم کزکز باوکم دەڵێ "بلێ حیز حیز" کردووە.. بەم حەمکە جادەیەدا دەڕۆم، ئەو هەموو جادەیە بەمندا دەچێ. چاوم دەفڕێ و کەسیش نیازی هاتنی بۆلای من نییە، من لە یەك کاتدا خانەخوێیەکی بێ میوان و میوانێکی بێ خانەخوێم.. لەسەر ئاوازی گۆرانییەکی ماملێ فیکە دەکێشم و بەم جادانەدا لەنجە دەکەم.. هەرچەند تاقیدەکەمەوە ئەم وڵاتە تەنگە بەبەرم.

خۆی و سەگەکەی من و تەنیایی، ئێمە هەرچوارمانین.. بەدرێژایی رۆژ لێرە باران دەبارێ، دەڵێی خودا هەرچی ئاوی هەیە دەیکاتە نێوگەڵی ئەم مەلەکەتەوە.. بەسەر تەلێکی دڕکاویدا راوم دەنێن، تەلێکی دڕکاوی بەجەستەی مندا رادەکێشن.. جوێن

به تورکومانستانیش دەدەم.. به قەفقازستانیش.. به ئاسیای دوور.. به شارەکەی خۆم! حەزدەکەم تا سکەی ئاسن دەڕوات جوێنت بۆ حەواڵە بکەم.. تا ئاسمان هەیەو وەك زەردەواڵەیەکی قورس فڕۆکە گێژەکانتی پیا دەفڕێ، تفت بۆ پۆست بکەم.. ئەملاو لای خۆم ماچدەکەم کە لەوێش بووم لەلات.. وشیاریم کۆمەکی کردووم بزانم تۆ شار نیت.. تۆ قەحبەیت.

له دەمپیسیم عەفوو بفەرموو، بەڵام تۆ نا! خودایە تۆ نا.. تۆ لێشمخۆشببیت، من لێتخۆشنابم .. بابمێنێ.. ڕۆژێك من و تۆ حسابی خۆمان پاکدەکەینەوە، دەزانم هەر ئیشمان دەکەوێتەوە یەك.. تۆ دەزانی من چوارشەممان سەفەردەکەم، هەینیان دەچمە کلێساو داوای شەراب و نان دەکەم، نیوەڕۆی یەکشەممان لەپشت مەلایەکی گەورەوە نوێژی جومعە دەکەم، زانیاریم لەسەر جولەکەکان زۆر کەمە، ئەگەرنا ڕۆژانی شەممە دەچوومە قودس و لە تەنیشت دیواری پیرۆزەوە دیلانێم بەخۆم دەکرد و دوعایەکم دەخوێند.. دوعایەك کە هەر خۆم دەمزانی چیم دەخواست.. دووشەممە و سێشەممە هیچ ناکەم دەست دەنێمە ژێرسەرم و لەسەر ئەم جادانە دەخەوم.. تۆ قەت سێ ڕۆژ لەسەر یەك خەوتویت؟ .

ئێستا ساڵی **١٥٦٧**ە، سوڵتان لە ئەستانەوە لەگەڵ (قەدی سەیفوڵڵا ئەفەندی)و دەستەیەك میرزای وڕو پۆلێ میئماری گێژدا ناردوومی بۆ ئەم شارە تا مزگەوتێك دروست بکەم، مزگەوتێك کە دوای پێنج سەدەی تر ئەولادەکانی شار سێکس لەبەر درگاکەیدا بکەن و خواش نەتوانێ فزە بکات.. کە سەیری سەدەکانی ناوەڕاست دەکەم، دڵم بۆ خودا دەسوتێ ئەو ڕۆژانە زۆری ئیش هەببووە، ئێستاش وەك پیرێکی خانەنشین چەند بێ ئیشە، دروست وەکو ئەم بەندەیەی خۆی.. خودا چەند تەنیایە من، من چەند تەنیام خودایە.

ژنەکە لەسەگەکەی زیاتر خۆیم تێهەڵدەسوێ و لەویش زیاتر بۆنم پێوە دەکات، کەچی من لە عەکسێتیمدا زۆرتر دڵم لەسەر حەیوانەکەیەتی تا خۆی.. وەختێك دەزانم پەتەکە لەملم توند ببووە.. خەریکە دەخنکێم.. سەگێك من کێشدەکات و ژنێك تەنیایمی لەگەڵ خۆی بردووە.

هەمووان دەخوازن منداڵێك بخەنەوە و من لە منداڵێك رادەکەم، سەرمامە شەق



له هەرچی کونی دونیایە هەڵدەدەم بەکونی بەرمۆداشەوە، هەر لە خۆمەوە وا هەست دەکم کونەکان هی تێچوون نین! هی گیر خواردنن!

دیسان لەسەر جادەم

بای ساردی ئەم شارە دەمباتەوە پۆلی سێی سەرەتایی جاران، ڕەحلەیەك پێش ئاخیر خۆمم، وەك هەمیشە لای پەنجەرەوە، ئەگەر هەر نەتدۆزیمەوە بلوسێکی خوری شینم وا لەبەردا دایکم خۆی چنیوێتی بۆم.. وەك ئەوەی پێشهاتی پیاوێکی خواری* لێ کردبێتم، هەرخۆی بەدەستو خەتێکی خوار، بەشلیلەیەکی پیرۆزەیی لەسەر پشتمی نووسیوە (توانا).

وانەی زانستە" بێ دەستهەڵبڕین هەستاوم و دەرسەکەم بە مامۆستا بڕیوە.. ئەلێم "ست ئەڵوەن.. بەقورئان کەڕوو تەنها لەسەر شتی شێدار ناژی" ئەڵێ ئەی ئەفەندی کەڕوو لەسەر چی دەژی؟.. چاوم پڕ بووە.. دیسانەوە قوڕگم گیراوەتەوە.. پچڕپچڕ قسەکەمی بۆ تەواو دەکەم: "مامۆستا گیان.. کەڕوو لەسەر من.. لەسەر م..ن.. دەژی.. لەسەر من".

کێ سەلیقەی ئەو هەموو گوێگرتنەی لە خۆی هەیە.. من یەك ٣MP قسەم پێیە بۆ خۆم.. خەریکی چیم؟.. لاسایی خۆم دەکەمەوە و لە دڵەوە چەمۆڵە لە خۆم دەنێم.. نوقتەکانی ئەم نوسینە تۆخدەکەمەوەو هەستدەکەم ئیتر هیچ ئیشێکم نە لێرە و نە لەوێ و نە لەم دونیایەدا نییە.. من نازانم چی دەکەم.. نازانم بۆ هاتووم؟!.. دەستم گیرکردووە لە ناوچەوانم و سەرم دەکولێ.. نامەوێ هیچیکە بڵێم.

* پیاوێکی خوار: ناوی چیرۆکێکی ئیسماعیل حەمە ئەمین-ە.

# شەوێك بەتەنیا بووین

**نەوزاد یوسف کاکەیی**

من ئەو چاکەیەم بیر ناچێتەوە کە دکتۆرێ لەگەڵیا کردم.. بەتاق و تەنیا لە ژوورێکدا بەجێی هێشتین، گەر ئەو نەبا ئەو خەڵوەتی عیشقەم هەرگیز بەو شێوە تاسەشکێنە ئەنجام نەدەدا.

لێك دابڕانەکەمان بەدەستی کەسێ لەخۆمان نەبوو، بەزەبری کەلتوور هەر یەکەمانیان تووڕدایە حەناسێکەوە، زرانیان شکاندین، چوون مریشکێکی مل قرتاو ماوەیەکی زۆر گینگڵمان دەداو هەڵبەز و دابەزی نائارامیمان بوو. تەمەنی منداڵە گەورەکەی من دە ساڵە، بڕوا دەکەم کە منداڵی گەورەی ئەو ئێستە لە پازدەساڵیدایە.. بەڵام لەو هەموو تێپەڕینی ساڵانە ئەو عەشقەی هەمبووە هەرگیز کاڵ نەبۆتەوە، لە دیوارێکی بیرەوەری و دڵ و مێشکما وێنەیەکی مەزنیم هەڵواسیبوو.

کە من چوومە ژوورەوە کابرایەکی لێو بەبار و کڕوکپ بەرەو دەرەوە دەچوو، کێ دەزانێ لەوانەیە ئەوە پیاوەکەی بووبێ. بەتەنێی جێ هێشت بۆ سبەی بەتەنێی جێهێشت بۆ من، ئەویش بەو شێوەیەی جێ هێشتبووم بۆ یادکردنەوەی.

من دەمزانی و شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەوە دوایەمین کەڕەت بو دوایەمین شەوو دوایەمین ژووانە کە بۆم بلوێ بەتاق و تەنها لە پاڵیا راکشێم، یاخو بەدیاریەوە وەکو شتێکی پیرۆز سوجدە بردوو و چاو پڕ فرمێسك لە ئاستیا بنوزێمەوە، من ئەبوا ئەو شەوە چیم هەیە و نییە بۆی هەڵڕێژم، لە خۆشەویستیم، لە سوتانی دووری و لە حەسرەتی پێك نەگەیشتنمان، بۆم بوو سەرتاپای لەشی بەروحم بلێسمەوە، بۆ دواجار دەس بەقژە خاوەکەیا بێنم، چونکە هەر لەگەڵ رۆژهەڵاتن دەبوا بە داخ و ژانەوە جێی بهێڵم و بەتەنێ و بێ ئاگایی کەسێ لە هەموو زیاتر خەمی دابڕانی هەڵگرم. زەنگی تەلەفۆن لێیدا وەڵامم دایەوە، مەرحەبایەکی لێ کردم و گوتی جەنابی فلاّنە؟ گوتم بەڵێ فەرموو گوتی فلاّنە کەس دەناسی وانییە؟ من کە ناوی ئەو فلاّنە کەسەم بیست تەلیسمێك هەژاندمی شڵەژام و ترس دایگرتم، گوتم بەڵێ دەیناسم بەڵام ئەو فلاّنەی کە تۆ باسی دەکەی لەوانەیە ئەوە نەبێ کە من دەیناسم، گوتی ئەو فلاّنەی کە من مەبەستمە ئەوەیە کە تەمەنێکە تاسەی دیتنی تۆی هەیە و دەیگوت بێ گومانم کە ئەویش وایە بۆم. شڵەژانەکەم پتر دەبوو، نەمتوانی لەسەر پێکانم بووەستم، دانیشتم، هەناسە بڕکێم پێ کەوت.. چی دیمەنی شیرین و جوانی بوو بەپێش چاومەوە ملە تاتکێیان بوو بانگیان دەکردم.

گوتم جەناب تۆ کێی؟ گوتی من پزیشکی ئەوم وا لە نەخۆشخانەکەمانە و رایسپاردووم کە شەوێکی نموونەییت بۆ ساز بدەم، کە شەوێك لە تەك جەستە و دیمەنی ئەو بەسەر ببەی.. داوای لێ کردم کە پێت بڵێم ئەو هەرگیز تۆی لەبیر نەکردووە.. دەیگوت نەکا تۆیش هەمان تامەزرۆییت بۆ ئەو بووبێ.. داوای لێکردم داوەتی ژوانێکی نمونەییت بکەم لەبەر خوای جەستەی خۆشەویستێکت.

ئەو شێوە قسەکردنەی پزیشکێ مایەی سەرسوڕمانم بوو. دەکرێ پزیشکێ بەو شێوەیە رەفتار بکات!. شەوێکی پڕ عیشقم بۆ ساز بکات لەگەڵ پەریزادەیەك کە هەرگیزاو هەرگیز وێنەی لە خەیاڵم کاڵ نابێتەوە؟!. گوتم ئەو شەوە کام شەوە؟. گوتی ئەمشەوە. تەواو حەپەسام. ئەمشەو؟! ناونیشانی نەخۆشخانەکەی دامێ کە سەری لێبدەم. گوتی دەزانم پێت سەیرە بەڵام تکات لێ دەکەم وەرە دەرفەتێکی راستەقینەیە، ئەگینا تا

ماوی پەنجەی پەشیمانی دەگەزی. ئەو تەلەفۆنەکەی داخست بەڵام من تاوێك لە جێگەی خۆم نەجووڵام، دیاربوو خێزانەکەم چاوی پێمەوە بوو. ئەوە چیتە؟ چی بووە؟ بە حەپەساوی دەستێکم بە دەم و چاوی خۆما هێنا گوتم هیچ، گوتی چۆن هیچ ئایا کەسێك شتێکی بەسەر هاتووە؟ گوتم نا نەخێر بەڵکو کەسێك زەماوەند دەکات. داوای لێکردم ئامادەی ئەو ئاهەنگەی بم، ئەو خۆشییە، گوتی ئاهەنگی چی بەوە دەکات داوەتی کۆست کەوتنی کەسێکیان کردبیت. تەواو خەمناك و شێواوی، قسەی دیکەم بۆ نەکرا خێرا چووم ریشم تاشی و دەس و دەم و چاوم پاك شوشت، پشتم لە خێزانەکەم کرد و چووم بۆلای جلەکانمەوە نوێترین و جوانترین قاتم هەڵبژارد کراس و بۆینباخیشی لەگەڵدابوو بە پەلەپەل لەبەرم کرد و هەندێ گوڵاوی نەشئە بەخشیشم بەخۆمدا کرد خێزانەکەم چاودێری دەکردم تەواو سەری سوڕمابوو. دەمزانی قسەیەك دەکا، گوتی بەتەنیا دەچی؟ گوتم بەڵێ ئاهەنگەکە تەنها بۆ چەند برادەرێکی خۆمانە ئاهەنگی بچوکی پێش زەماوەندە لەم قسە بێ سەروبەرانە لە گومانی خۆیا جێم هێشت، خۆشم نەمزانی چۆن گەیشتمە بەر دەرکی نەخۆشخانەکە، پێیەکانم زەوییان نەدەگرت، نەمدەزانی لە خەوم یا راستی. بەخۆم دەگوت بەم شەوە من چی دەکەم لێرە؟ ئایا ئەوەی تەلەفۆنی بۆ کردم بەراستی دکتۆر بوو یا کەسێ لە برادەرە قۆشمەبازە کۆنەکانمە دەیەوێ پەنپەنیم پێ بکا. لەناکاو بیرێك بە مێشکمدا هات و رایچڵەکاندم. ئەمرۆ دەبێ چەنی مانگ بێ. نەمدەتوانی بێنمەوە یادی خۆم چەنی مانگە، هەرکەس لێمی بپرسیایە چەنی مانگە یەکسەر دەمگوت ئەمرۆ فڵانە رۆژە و ئەوەندەی ئەوەندەیە، بەڵام وا ئێستا لە کەسێ دەگەڕێم لێی بپرسم ئەمرۆ چیە و چەنی چەنە.. من وامزانی لە دڵی خۆمەوە دەڵێم ئەمرۆ چەنی مانگە، یەکێ گوتی بەڕێز ئەمرۆ (٢٥)ی ئەیلوولە گوتم یانی یەکی نیسان نییە؟ پێکەنی و گوتی نیسانی چی مامۆستا، وام لێکدایەوە گێل و گەمژە دیارم؟ بە پەشۆکاوی گوتم ببوورە.

دکتۆرە بەڕێزەکە گەنجێکی زۆر جوان بوو، کە بەو شێوەیە منی بینی تۆزێك لە قەد و باڵاو قیافەتم راما گوتی بەراستی ئەم ژوانە شایەنی ئەمەیە، من هەر چاوەڕوانی ئەوە



بووم کە لەناکاو وەکو بۆمبێك شتێ کەسێ پێما بتەقێتەوەو لەو خەونە سامناکە رامچڵەکێنێ.

بەڵام دەستی گرتم و بردمیە پێش دەرگایەك گوتی فەرموو بڕۆ ژوورەوە، گوتم لە دەرگا بدەم؟ گوتی نەخێر پێویست ناکا. من هێشتا دەستم بەدەرگاکەوە بوو ئەم بەچاوی فرمێسك تێراوەوە بینی بۆ ئەوەی هەستی پێ نەکەم پشتی تێ کردم و بەپەلە رۆیی، کە چوومە ژوورەوە پاش هەناسە سواربوونم ئەو بۆمبەی چاوەڕوانم دەکرد لەناخی خۆمەوە تەقییەوە سەرەتا زۆر بەهێمنی بەدەوری ئەو سەدیەیەی کە لەسەری راکشابوو خولامەوە، پاشان لەسەر ئەو کورسییە دانیشتم کە دیاربوو دکتۆرەکە لەدیار سەریەوە بۆی دانابووم، سەرم لار کردەوە سەرسەری و دەستیم نایە نێو دەستم و پێم وت پێویست ناکا تۆ هیچ بڵێی، لەبەر ئەوەی دەزانم تەنها دەبێ من قسە بکەم.

دەستم بە قسان کرد و نەمدەبڕیەوە... جار جار دەوەستام و تەقینەوەی بۆمیی گریان سەری لێ دەکردم و دەنگی دەتاساندم، هێور دەبوومەوەو دیسان دەموتەوە باسی ئەو ژیانە میکانیکیە بێ روحەم بۆ دەکرد کە پاش ئەو تووشی بووم، باسی ئەو بیرەوەریانەم بۆ دەکرد کە ژیانی هەردووکمانی بۆ چەند ساتێ رەنگاورەنگ کردبوو، من دەموت و ئەو هێمن و ئارام قسەی پێ نەدەبڕیم، وام هەست دەکرد ژیانی پێشووتری نێوان ئێستە و دابڕانم هەرگیز نەبوو وامدەزانی سەعاتێ پێش ئێستە جێی هێشتووم و ئێستە هاتوومەتەوە حزووری.. دەستەکانیم دەلستەوەو دەمگوت پاش ئەمەندە ساڵە ویستت دوا هەواڵی خۆتم پێ بدەی.. دەتزانی تامەزرۆیی دیتنت خەریك بوو بمناسێنێ. دەتزانی چەند پێویستم بە دیتنتە.

خۆشم نازانم چۆن چۆنی بوو.. کوڕە گەنجەکە کە بە مامۆستایەکی عیشق دەچوو نەك دکتۆرێ لەسەرسەرم راوەستابوو باوەشی پیاکردم و گوتی بەداخەوە خۆزیا وانەبوایە. بەڵام وا رۆژ دەبێتەوە، دەبێ بیبەینەوە جێی خۆی تا کەس و کاری بیبەنەوە.

ماچێکی نێوچەوانیم کرد و جەستەی پاکی رۆح فریویم بەجێ هێشت و ئێستا بەهەناسەی یادەوەرییەکان دەژیم.



سەبا هەڵەبجەیی

# شەوی لە خاچدانی مەریەم

کچێك لەسەر شانۆ دانیشتوە ...دەنگی تەقە تەق و ژاوە ژاو دێ ... هەست بە ترسدەکات .. دەنگی لێدانی دەرگاکەی دێت .. لەم دیوو پاڵی پێوە ئەدات و ئەلێ:

کچ:﴾چەند خۆشەبوو ئەگەر ئەم بەشەش لە ماڵەکەم بە دیوار دابخستایە ..تا بۆ هەمیشە خۆم لەو ئاژاوانەی دەرەوە ڕزگار کردایە ..ئەمە تاکە ڕێگای بەستنەوەی منە بەوانەوە بە هەڵگرتنی ئازارەکانیانەوە ..هەرلەم دەرگایەوە شەوانەو ڕۆژانە ...نا ..نا ..نازانم شەو ڕۆژەکان کەی دێن ؟!هیچکامیان بۆ من گرنگ نیە ..لەم ژوورەدا شەوەکان تاریك و نوتەك و ڕۆژەکانیش هەروەها ..بون ونەبونی خۆرو مانگ و ئەستێرەو باران ..هەورو ڕەشەبا ..هیچ بەلای منەوە گرنگ نین ،چونکە گۆڕانە کانی سروشت و کەش وهەوا تەنها بەم پارچە کاغەزەی لاسەرمەوە دەزانم ..٢١-٣بەهارە بیستو یەکێکی کە هاوین وبیست ویەکێکی کە پایزو یەکێکی کە زستان ..وئەمانە ئەبنە ساڵ ..ساڵ ..ساڵ دەباو تەمەنیش لە گەڵیان دەچێ ..منیش لەگەڵیاندا چاوەڕێم..چاوەڕوانی لەدایك بونی کەسێکم ..نازانم...بۆچی دەبێت؟! بۆ ئەوەی پەیامی ئاشتی بگەیەنێت و خۆشەیستی بلاۆکاتەوە ..یا ئەو





کەسەبێت بە شمشێرێکەوە سەری ناحەزەکانی ببڕێتەوە لە پێناو ئاشتی دا ..شەڕبۆ ئاشتی ..شەڕ..ئاشتی ..شەڕ ..ئاشتی ..دووناوی چەند ئاوێزان وچەند دوورن لە یەکتر ..ئەو دەبێت گوناهەکان بەرێتە سەرخاچ ..ئێوەش بە ویستی خۆتان تاوان بکەن ..تۆڵەی گوناهەکان لە سەرخاچ لەو بسەنرێت ..بڕوامەکەن جارێکی کە ژیان ئەو هەلەمان بداتێ کەسێك بێت و گوناهەکانمان بەرێتەوە سەر خاچ ..هەموومان بەخاچی گوناهی خۆماندا هەڵدەواسرێین ..ئەمەکەی ..؟نازانم ..؟!بەلاّم دڵنیام کەدێت ..﴿

دەستێك بەسکی دا دێنێ و دەڵێ:﴾هێشتا فریشتەیەك نەهاتوە تا فو بە دەمدا بکات و ..تۆ لێرە نەخشە نوێکان بۆ ڕێگاکان دابنێیت ..ئەو ڕێگایانەی دەمانبەنەوە سەر ژیان ..سەر بەختەوەری ..سەر ڕاستگۆیی ..سەر خۆشەویستی ..ئەو خەونانەی تا هەنوکە لە زەلکاوی گوناهەکاندا وونە ..گەرچی دەزانم لە گەڵ سەبای سالحانێکدا هاوڕێکانت خیانەتت لێدەکەن وحاشا لە ناسینت دەکەن ..ولێت دوور دەکەونەوەو بەتەنها هەڵت دەخەن لە خاچ..ئەی ڕۆژگار گوێ بگرە ..من دەزانم تۆ لە ژاوەی بازاڕەکان ودەنگی بۆمبای جەنگەکان و هاڕەی لێکدانی پێکەکان وقاقای مەستەکان زیاتر گوێیەکت نیە لێرەوە ئاهێك ببیستی کەلەم

مـالّی نوغرۆبونـەدا دەیـەوێت کەسـێك بێنێتـە دنیـا ..هـەموو مەیدانـەکان خامۆشبکات و کار بۆ هێنانی هەورێك بکات سـەرجەم گوڵـە گەنمـە تینوەکـان ئاو بدات ..ڕوبارشادکات بەڕۆشتن ودەریاکان بەشەپۆل.تا نان زۆر بێ بۆ هـەموان تا نان وپێکەنین بەشکەین لە نێوانماندا ..کەچی لەبری ئەوە تۆ دەنگێك دەبیستی کە دەڵێ:﴿ مرۆڤ ئەو کائینەیە کە نا یەڵێت هـاو ڕەگـەزەکانی خۆشـبەخت بـن ..ئەوەتا پیاو چەندی پێبکرێ تەرازوەکان بە ئاراستەی خۆیدا قورس دەکات و..ژن ..ئاخ ..ژن دەکاتە معشوق ،دەکاتە عاشق، دەکاتە شەرەف وبوکەڵەو ..لە دواجاردا دەبێتە پەڵەو دەبێتە نەنگی ودەبێتە باروت ودەبێتە سوتو ..هەرخۆشـیان ڕوتیـان دەکەنەوە لە گشت ڕێزێك ..پێم بڵێن کـام لەمانـە زیـاتر بـە مـنی ژن ئاشـنایە ؟..خەنجەر ..یا دەمانچە ..یا غازی ناو مەتبەخـەکان ..یـا دەبەیـەك بـەنزین ..یـا گوریسی پشتوێنە ئاراقاویەکان..کامیان ..نازانم ..خۆشم نازانم ..ئێـوەش هـەرگیز نازانن ..خودا لەم شەوە پڕلە ژاوەدا مەمکوژە کەهاوارم نەتوانێ کفن درویەك بـە خەبەربێنێت و گۆڕهەڵکەنێك بخاتە سەر کەڵکەڵەی چاڵ..کاتێـك بمکـوژە کـەس شەرم لە مردنم نەکات و بەشانی کەسانێکەوە ببەن کە فرمێسکی خۆشەویـستی لە چاویان بباری ..بە ئاشکرا ببەنەوە بۆ ماڵی دوایم ..

دەست دەبات بۆ سەبەتەی میوەکان میوەیەك هەڵدەگرێت وقەپاڵێکی لێـدەگرێت و پاشان تفی دەکاتەوەو...

دەڵێ:﴿ میوەکان کاتێ تامیان هەبوو وەرزەکـان مانایـان هـەبوو ،ئاوێتـە بـونی وەرزەکان لەم خاکی مەرگەدا هەرمیوەی وای لـێ چـاوەڕوان دەکـرێ...جـوان لـە شێوەو تاڵ لە تامدا ..وەك مرۆڤەکان شیرین لە شێوەو تاڵ لە گوفتار وشـێت لـە ڕەفتاردا ..خۆشبەختە ئەوەی ڕوو لێرە ناکات ولە تاریکی یەوە بۆ تاریکی هەنگاو دەنێت ساتێك ڕوناکی چەندین ساڵ کوێریت دەداتێ ..کوێرێك کە دەبینێت بـەلاّم چێژ لە جوانیەکان نابینێت ..مەریەم لێرە کاسانێك هەن وەك تۆ  دووگیان بـەلاّم بە هەناسەی خودا نا ..ئاوسن بەهەناسەی بوهتـان ..تـۆ خودایـەك  کـە خـاوەنی



هەموو دنیاکانە دڵخۆشیت دەداتەوە ..مرۆڤێکت دەبێ لەسـەر ڕێـی ئاشـتی لای ڕاست وچەپی دەداتە بەر زللەی ناحەزان لە پێنـاو ئاشـتیدا ..بـەلاّم ئێمـە لێـرە ئاوسین بە بوهتان و مردنمان دەبێت ....هەربە نهێنی بەژێرباڵە تاریکەکانی شەودا دەمانبەن ودەمانسپێرن بـە دەسـتە زبرەکـانی مـردن ومـاڵی تـاریکی ..مریـەم بوهتانەکانی تۆ کۆتاییان هەبوو ..ئەفسوس ئەوانەی ئێمـە بـێ کۆتـان ..ئێـستا پاکیزە من گەشتیاری ناو ترمینالّی مردنم ..چاوەڕێم پـاش سـاتێکی کـە لـەبری جوبریل بەسلاّوە وە بێتە ژورەکەم وسـلاّوێك لـە ڕۆژی بـون وڕۆژی مـردن و ڕۆژی زیندو بونـەوەی کۆرپەکـەم بکـات ..ئیزرائیـل دێـت ودەسـتم دەگـرێ ولەپـشت ماشینێکی تاریکەوە دەمبەن و دەمسڕنەوە بێ ئەوەی مەرگم دڵۆپێـك فرمێـسك لە چاوی کەسێك خەبەر کاتەوە ..لە ولاّتی گوناهدا دەمنێـژن وهـەرگیز خاچێـك ناخەنە ژوورسەرمانەوە ..مەریەم من هێندەم بۆ تۆ هەیـە بـە خـودا بڵـێ :دەزانم ئاگادارە بەلاّم کەس لـە بوهتـانی زمـانی بەنـدەکانی پـاك نابێتـەوە ..کەسـیش بەڵگەیەکی تاوانی پێ نیە ..هەمووومان دەڵێین کەسیش گوێ لـە کـەس نـاگرێ ..کەسیش باوەڕی بە کەس نیە ..بەلاّم هەر ئەڵێین.. نزیکترین کـرداریش دەسـتیان بە سەریدا بچێت سوتاندن ولە ناوبردنی ئەو بونەوەرانەن کـە ژنـن و دەیـانکوژن بەبێ بەڵگە ..مریەم بە مەسیح بڵێ: گەرهاتەوە سەرزەوی سـەرەتاو بـەبێ پـرس سەربە کەلەبەری ماڵ وژێرخانەکاندا بکات ..لە وجێگایانـەدا ژنانێـك چـاوەڕێی مـردنن..جـەلادەکانیان دووشمـن نـین ..کەسـانێکن لـە خـوێنی خۆیـان بـەناو دەمارەکانیاندا ئەچێ ..بەلاّم هەرگیز جگەلە بوهتان بڕوا بەهیچ ڕاستی وسوێندێ ناکەن ..بڵێ :با سەرجەم کۆشك و باڵـە خانـەکان و ئاپارتمانـەکان بـڕوخێنێ لـە جێیاندا ماڵی شوشە دروستکات ..بـاغیرەیی بوهتـان لـە کەسدا نـەجوڵێنێ و تاکەس شتێکی نەمێنێ بۆ نهێنی.پێی بڵـێ :هـەمومان گوناهدەکـەین ..بـەلاّم تەنها گوێ بە لێخۆش بونی خودا نادەین ..بەندەکانی خوداش هەرگیز ..هـەرگیز ..لە هەڵەکان خۆشنابن ...